دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٩

www. kurdistanukurd.com

هەینی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٨ ـ ١٩ی فێوریەی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**سیاسی**



٢٢ی ڕێبەندان ئەزموونێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران

**کوردستانی**



ئەگەر کورد لە بەغدا پێگەی بەهێز بێ، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا حیسابی زیاتری بۆ دەکرێ

**پاشکۆ**



بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە

**کۆمەڵایەتی**



خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێراندا

### کومیتەی ناوەندیی حدک:

# جووڵانەوەی کورد یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی دیاریکردنی داهاتووی ئێرانە



لە ڕۆژەکانی ٢٧ تا ٢٩ی ڕێبەندان، پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو و لە کۆتایی دا بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێك ناوەڕۆکی باسەکانی کومیتەی ناوەندی بۆ ڕای گشتی روون کراوەتەوە.

لە پلینۆمی ئەمجارەدا کومیتەی ناوەندی روانگەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، بزووتنەوەی نارەزایەتی و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران، پێگەی کورد لەو بزووتنەوەیە و لە داهاتووی ئێران دا هەروەها چەند بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەراسەریی ئێران روون کردەوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەی کۆتایی پلینۆم دا هاتوە کە کۆمیتەی ناوەندی پێی وایە ئاڵقەی لاوازی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، نەبوونی یەکگرتوویيە. جووڵانەوەی کورد بە رابردووی دەیان ساڵەیەوە، جووڵانەوەیەکی بەهێزەو یەکێك لە فاکتەرە گرینگەکانی دیاریکردنی داهاتووی ئێرانە. بەڵام بە هۆی پرش و بڵاویی هێزەکانەوە، هێزو تواناکانی شاراوەیە. بە پێی ڕاگەیەنراوەکە بەشێکی دیکەی باسەکانی پلینۆم بۆ هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیی ئۆرگانەکان و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بووە و هەروەها لە کۆتاییش دا ٧ کەس لە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات وەکوو راوێژکاری کومیتەی ناوەندی دیاری کران.

**ڕاگەیەندراو**

## لە بارەی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ڕۆژەکانی ٢٩ـ٢٧ ی ڕێبەندانی ١٣٨٨( ١٨ـ ١٦ی فێورییەی ٢٠١٠) پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەچوو.

پلێنۆم بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سیاسی لەسەر مەسەلە گرینگەکانی وەك بارودۆخی ئێستا و داهاتووی ئێران، بۆ چوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەرۆڵی کورد لە جووڵانەوەی گشتی و هەنووکەیی ئێران دا و، ڕێکارەکانی دروست کردنی پێوەندیی نێوان جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دیموکراسیخوازیی سەرانسەری ئێران دا دەستی پێ کرد.

لەو برگەیە لە کاری پلینۆم دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوڕێی تێکۆشەر خالید عەزیزی باسێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە قەیرانی ئێستای ڕێژیمی ئێران و شوێنکارەکانی ئەو قەیرانە لەسەر باری سیاسی، کومەڵایەتی، ئابووری، مەزهەبی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی،پێشکەش کرد. لە باسەکەی سکرتێری گشتی دا قەیرانی ئەم جارە کە ئێخەی کۆماری ئیسلامیی گرتوە، بەقەیرانێکی بەربڵاو پێناسە کرا کە تێی دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەورووی شەپۆلی بەر بڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی نارازیی ئێران بۆتەوە.

ئەو شەپۆلە بەربڵاوە لە نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك، هەم لە باری پێگەی کۆمەڵایەتیی بەشدارانیەوە و هەم لە رووی ویستی سیاسیی ئەوانەوە جۆراوجۆرە. بەڵام دروشمی گشتیی، ئاڵوگۆڕو ویست و داخوازی ئازادیخوازانەو دێموکراسیخوازانەیە کە، لە جووڵانەوەیەکی بەرین دا، بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ئەوانی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای وەدەر کەوتنی نیشانەکانی ئەم جووڵانەوە ئازادیخوازانەیەوە، هەڵوێستێکی تازە، سەردەمیانە و بوێرانەی سەبارەت بەم قۆناغە لە خەباتی گەلانی ئێران، لە دژی سەرەڕۆیی گرت و بە پشتگیری لە خەباتی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، یەکەمین هەنگاوەکانی، بەرە و دروستکردنی پردێکی پێوەندی لە نێوان جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و جووڵانەوەی دیموکراسیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا، هاویشت.

ئەو هەڵوێستە نوێیەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر چەند لە سەرەتا دا لە لایەن بەشێکی بەر چاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرێنی وەرنەگیرا، بەڵام چونکە لەسەر بناغەی واقیع بینی دارێژرابوو، ئێستا بوتە ئەزموونێکی باش بۆ بەشی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و، بەخۆشیەوە هەڵوێستی زۆربەیان، لە هەڵویستی حیزبی ئێمە نزیك بووەتەوە.

ئەو هەڵسەنگاندنە سیاسیە بوو بە هۆی باسێکی زیندوو لە نێو پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی داء بە بەشداریی چالاکانەی هەموو ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتە ناوەندی چڕ وپڕو دەولەمەند کرا. ئەگەرەکانی داهاتوو شی کرانەوە و رێکاری گونجاو بۆ هەر ئەگەرێك هاتە بەر باس. بێگومان لە داهاتوو دا ڕێبەرایەتیی حیزب هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی ئەگەرە جوراوجۆرەکانەوە زۆرتر شی دەکاتەوە.

ل ٣

### سکرتێری گشتیی یۆنسکۆ:

## خوێندن بە زمانی زگماکی پێوستییەکی ژیانەکییە





ائێیرنیا بوکووا، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە پەیامێك دا بە بۆنەی ٢ی رەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییەوە، رایگەیاند کە گرینگیدان بە زمانی زگماکی و رەخساندنی دەرفەتی پەروەردە بەو زمانە لە راستی دا گەرەنتی کردنی ژیانێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

سکرتێری گشتیی یۆنسکۆ لە بەشێك لە پەیامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە زانست سەلماندوویەتی کە بۆ پەروەردەی منداڵ، خوێندن بە زمانی زگماکی بە تایبەت لە قۆناخەکانی سەرەتایی دا پێویستیەکی ژیانەکییە، چونکە زمان کلیلی هەرە پێشکەوتووی " لە یەك تێگەیشتن"و دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئاشتی خوازانەیە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ئێیرنیا بوکووا لە بەشی کۆتایی پەیامەکەی دا داوا لە سەرجەم دەوڵەتان و کۆمەڵگای جیهانی دەکا کە گرینگی بە بابەتی پەروەردە بە زمانی زگماك وەك پێویستییەکی ژیان بدەن، تا لەو ڕێگەیەوە. مرۆڤایەتیی بکەوێتە سەر رەوگەی ئاشتی و خۆشەویستی و لێك تێگەیشتن.

## ڕێژیم ئەندامانی بنەماڵەی ئێعدام کراوانی سیاسیی لە ژێر چاوەدێری گرتوە



دام و دەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم خەریکی بەڕێوە بردنی پیلانێکی نوێن کە بە پێی ئەو پیلانە ئەندامانی سەر بە بنەماڵەکانی ئێعدام کراوانی سیاسی لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا شناسایی دەکرێن و دواتر بە توندی چاوەدێری دەکرێن.

بە پێی ئەم هەواڵە کە بۆ یەکەم جار لە ماڵپەڕی "جرس"دا بڵاو کراوەتەوە، دام و دەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم لە سەر ئەو باوەڕەن کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی حەرەکەتە ئێعترازییەکانی ئەم دوایانەی ئێران چالاکیی ئەندامانی بنەماڵەکانی ئێعدام کراوە سیاسییەکانی ساڵانی رابردوو بە تایبەت کوشتاری هاوینی ١٣٦٧ی زیندانیانە.

هەر بە پێی ئەم هەواڵە وەزارەتی ئیتلاعات لیستی بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی بنەماڵەی ئێعدام کراوانی سیاسی ئامادە کردوە و ڕۆژانە هاتوچۆو پێوەندییە تەلەفونی و ئینتێرنێتییەکانیان کۆنترۆڵ دەکا.

شایانی باسە لە ماوەی ڕۆژانی رابردوودا ژمارەیەك لەو کەسانە لە تاران و چەند شاری دیکەی ئێران دەسبەسەر کراون و کەس و کاریشیان رایانگەیاندوە کە ئەو کەسانە هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسییان نەبووە.

## ڕێژیمی ئێران پێشنیاری ناردنی نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەشکەنجەی رەت کردەوە

شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە ئێران داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسی و لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توندوتیژیەکانی دوای هەڵبژاردنی قەبووڵ نەکردوە.

شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان لە راپورتێکدا کە بە پەسندی ٤٧ وڵاتی ئەندامی شوورای مافی مرۆڤ گەیشتوە ئاماژەی بە هەندێ لەو باسانە کردوە کە لە دواین کۆبوونەوی شوورادا هاتوونەتە گۆڕێ، بۆ وێنە ئێران لە گەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئێعدام لەو وڵاتەدا دژایەتیی کردوە و گوتوویە کە لە ئەشکەنجە وەکوو ئامرازێکی یاسایی کەڵك وەرناگرێ.

هاوکات دیپلوماتێکی ئوروپایی کە نەیویست ناوە ئاشکرا بکرێ لە کاردانەوەیەکدا لە سەر قسەکانی نوێنەرانی ئێران گوتی، ئێمە پێشتریش لەو بەڵێنانەمان بیستوە بەڵام بە کردەوە هیچ هەنگاوێکمان لە لایەن ئێرانەوە نەدیوە.

نوینەرانی ئیران هەروەها پێشنیاری ئیسپانیان بۆ واژۆ کردنی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مەڕ "نەمانی ئەشکەنجە" یان رەت کردەوە .

نوێنەرانی تاران هەروەها پێشنیاری ئامریکایان بۆ ناردنی مانفرێد نواك مافناسی ئوتریشی وەکوو نوێنەری تایبەتی لە بواری شکەنجەدا بۆ ئێران و سەردانی شوێنی راگیرانی بەندییەکان رەت کردەوە، بەڵام قەبووڵیان کردووە کە کومیسیۆنێری باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی داهاتوو سەردانی ئێران بکا.

پیلای وێڕای پێشوازی لەم بابەتە لە لایەن ئێرانەوە وتوویە کە دەبێ هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ ڕێگەیان پێ بدرێ کە سەردانی ئێران بکەن .

محەمەد جەواد لاریجانی، سەرۆکی هەیئەتی ئێرانی لەم کۆبوونەوەیەدا گوتوویە کە لە بەر قەدەغە بوونی ئەشکەنجە لە یاسای ئێراندا پێویست بە ناردنی هەواڵنێری تایبەتی لە بواری شکەنجەدا نیە . ناوبراو وڵاتانی ڕۆژاوایی بەوە تاوانبار کرد کە بە دژی ئێران پرۆپاگەندەی ژەهراوی دەکەن .

ئەندامێکی هەیئەتی نوینەرایەتی فەرانسە بە هەواڵنێری رادیۆ فەرانسەی گوت، لە دژکردەوەکانی ئێران بە پێشنیارەکان هیوابڕاو بووە.

## دژایەتیی ١٢٠٠ چالاکی مافی مرۆڤ لە گەڵ پەسەندکرانی گەڵاڵە پێشنیاریی خێزان لە مەجلیس دا



هەزارو دووسەد داکۆکیکاری مافی یەکسانی لە بەیاننامەیەکدا نارەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە هەوڵەکانی دووبارەی یاسادانەرانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران بۆ پەسندکردنی گەڵاڵەی پێشنیاریی "پشتگیریی لە خێزان" دەربڕی.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە: " لە دۆخی سیاسیی پێکهاتووی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرکۆماری ، بۆ جارێکی دیکە گرووپێك لە نوێنەرانی مەجلیس لە هەنگاوێکی هەلپەرستانە و دژە ژنانەدا بە پشتگیریی پشتیوانانی خۆیان ، بریاریان داوە گەڵاڵهی پێشنیاریی "پشتگیری لە خیزان" پەسند بکەن.

ئەو ١٢٠٠ داکۆکیکارەی مافی یەکسانی رایانگەیاندوە کە ، هێژموونیخوازانی پیاوسالار دەیانەوێ لە پەراوێزی قەیرانی سیاسیی ئێستادا، لە بێدەنگیی دا و بە شێوەیەکی هەلپەرستانە، یاساکانی هەڵاواردن دژی ژنان، لە دژی بەرابەریخوازان و پشتیوانانی دادپەروەریی لە ئێراندا جێبەجێ بکەن.

شایانی باسە ئەو گەڵاڵە پێشنیارە دەیەوێ بابەتی فرەژمی لە ئێراندا قانوونیی بکا. هەروەها ئەگەر هاوسەری پیاوێك تووشی نەخۆشییەکی تایبەتی بێ و بە جۆرێك لە جۆرەکان بە هۆی تاوانێك زیندانیی بکرێ ، پیاوەکە دەتوانێ ژنێکی دیکە بێنێ.

# سەردانی سێ حیزبی کوردستانی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژی شەممە، ١٧ ڕێبەندان سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بریتی بوون لە " کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"، " پارتی ئازادیی کوردستان "و " سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران" سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"یان کردوە و بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسی گرنگ لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەری "حیزبی دیموکراتی کوردستان" کۆبوونەوە.

لەم دانیشتنەدا، هەیئەتێک لە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی"بابا شێخ حوسێینی"، سکرتێری گشتیی سازمانی خەبات، هەیئەتێک لە پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی"حوسێن یەزدانپەنا"، جێگری سەرۆکی ئەو پارتە، "جەلیل ئازادیخواز"، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە "مستەفا مەولوودی"، جێگری سکرتێری گشتیی حدک، "حەسەن ڕەستگار"و "کەماڵ کەریمی"، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و چەند ئەندامێکی دیکەی ئەم حیزبە بەشدار بوون.

# بۆ باس لە ٢٢ی ڕێبەندان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکەوە کۆبوونەوە



پێش نیوەڕۆی یەکشەممە، ١٨ی ڕێبەندان هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد.

ئەم هەیئەتە لە لایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ژمارەیەک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کرا. لە دانیشتنێکی دۆستانەدا هەیئەتی ڕێبەرایەتیی هەر دوو حیزب وێڕای باس لە کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەیان بۆ باس لە ٢٢ی ڕێبەندان و چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئەم بۆنەیە تەرخان کرد.

هەر دوو لایەن لە سەر گرنگیی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ و پێویستی کەڵک وەرگرتن لەم بۆنەیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی کۆماری ئیسلامی هاوڕا بوون و لەم پێوەندیەدا باسیان لە چۆنیەتیی یەکخستنی هەڵوێستی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٢ی ڕێبەنداندا کرد. لەو دیدارەدا هەردوولا بە دروستیان زانی لەم بۆنەیەدا خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی هاوپێوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە بەشەکانی دیکەی ئێران ویست و داخوازیی تایبەت بە خۆشیان بێنە گۆڕێ و لەم دەرفەتە جارێکی دیکە بۆ ناگوتنەوە بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەربگرن .

# سویس: بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لایەن کومیتەی حدک

کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سوئیس ڕۆژی دووشەممە، ٢٦ ی ڕێبەندان و هاوکات لە گەڵ یەکەم کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ باس کردن لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیی لە بەر دەم ئەو ڕیکخراوەیە لە شاری ژنێڤ بەڕێوە برد.

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی سوئیس وێڕای بەشێکی بەرچاو لەئەندامان ودۆستانی خۆی و چەند ڕێکخراوو سازمانی کوردستانی و ئێرانی لەو کۆبوونەوەیە دا کۆمەڵێک بەڵگە ودێکۆمێنتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستانیان پێشکەش بە بەشداران کرد.

پەیام و بەڵگەی ئامادە کراو ی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سوئیس کە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی ئامادە کرابوو، لە لایان مەلا عەزیز ئەحمەدی، تێکۆشەری سیاسیی حێزبی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە

پاشان دەقی پەیامە ئینگلیسییەکە کە لەلایەن کومیتەی حیزب ئامادە کرابوو، درا بە ئامادەکاری ئەم ڕێوڕەسمە کە پێشکش بە کوبوونەوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا .

ئەندامانی کومیتەی حیزب لە سوئیس لەو کۆبوونەوەیەدا لە گەڵ چەند لایەنێکی کوردستانی دیداریان نوێ کردەوە و لە سەر بەردەوامیی کار و پڕۆژەی هاوبەش پییان داگرتەوە.

# پەیوەستبوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە





پۆلێکی دیکە لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان دوای تەواو کردنی قۆناغی پەروەردەی سەرەتایی

پێشمەرگایەتی بە ڕەسمی هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە لایەن فێرگەی سیاسی_نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بۆ کوردستان و کورد نیوز نێردراوە، لە لایەن فێرگەی سیاسی نیزامییەوە ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی ڕێبەندان ڕێورەسمێکی تایبەتی بە بۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ١٩١ ی سەرەتایی پێشمەرگە لە سالۆنی بەڕێوەچوونی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزب دا بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی " ئەی ڕەقیب" و ڕێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورەوە دەستی پێ کرد.

دواتر کاک محەممەد کەسرایی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پیشکێشی بەشدارانی ڕێورەسمەکە کرد.

باس کردن لە هەلومەرج و بارودۆخی ئێستای ئێران، دەستنیشانکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکان لە بەرامبەر ڕووداوەکان دا و خستنە بەر باسی پێگەی بزووتنەوەی کورد لە هاوکێشەکانی ئێران چەند تەوەرێکی قسەکانی کاک محەممەد کەسرایی بوون.

بەشێکی دیکە لە بڕگەکانی ئەو ڕێوڕەسمە بریتی بوون لە: پێشکێشکردنی گۆرانییەکی هاوبەش لە لایەن بەشدارانی دەنگخۆشی دەورەی ١٩١ ی سەرەتایی پێشمەرگە، محەممەدعوبیدزادە وفریدون خوسرەوی خوێندنەوەی پەیامی بەشدارانی دەورە لە لایەن محەممەدعوبیدزادە، یەکێک لە بەشدارانی دەورەو سروودی من " چیام" لە لایەن هونەرمەند حەبیب قادری، پێشکێشکردنی خەڵات بە سەر سەرکەوتووانە دەورە شایانی باسە کە بەشدارانی دەورە خەڵاتی خۆیان لە دەستی بەڕێزان هاشم عزیزی و محەممەد حەسەن زادە وەرگرت.

هەڵپەڕکێی گشتی، کۆتایی هێنەری ڕێورەسمی بەڕێوەچوونی کۆتایی دەورەی ١٩١ ی سەرەتایی پیشمەرگە بوو.

# گیران و دەسبەسەرکرانی چەند چالاکی مەدەنیی کورد لە ماوەی چەند ڕۆژ رابردوودا

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لە درێژەی ڕەوتی بگرە و بەردەی چالاکانو هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنیی کورد دا چەند چالاکێکی مەدەنیی کوردیان لە ڕۆژانی ڕابردوودا قۆڵبەست کردوە.

عەلی قادرمەرزی، کارناسی دەروونناسیی بالینی و بەرپرسی پێشووی ئیدارەی بێهزیستیی شاری دێولانو کارمەندی ئێستای زلێهزیستیی شاری قوڕوە شەوی پێنجشەممە، ٢٢ ی ڕێبەندان لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە قۆڵبەست کرا.

عەلی قادرمەرزییەکێک لە چالاکانی مەدەنیی ناوچەی لەیلاخە کە لە پاییزی ساڵی ٧٧ی هەتاویشدا بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان ماوەیەک دەستبەسەر کرابوو.

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا هیچ زانیارییەکیان لە شوێنی دەسبەسەرکران و هۆکاری گرتنی ناوبراو بە بنەماڵەکەی نەداوە.

لە لایەکی دیکەشەوە دادگای شۆڕشی شاری سەقز حوکمی ساڵێک زیندان و دوو ساڵ دوورخستنەوە بۆ چالاکێکی سیاسیی ئەو شارە دەرکردوە.

دادگای شۆڕشی شاری سەقز بەختیار خۆشنام، یەکێک لە گیراوانی ئەو دواییانەی ئەو شارەی بە ساڵێک زیندان و ٢ ساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری کرمان مەحکووم کردوە.

ناوبراو پێشتر خوێندکاری عولوومی سیاسیی زانکۆی زەنجان بوو کە بە هۆی چالاکیی سیاسی و چوونە زیندانەوە، لە زانکۆ دەرکرا و مافی خوێندنی باڵای لێ وەرگیرایەوە.

بەختیار خۆشنام ئێستا لە بەندیخانەی ناوەندیی سەقز دەسبەسەرە و ئەوە چوارەمین جارە کە بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانیەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەسبەسەر دەکرێ.

چالاکێکی سیاسی لە بانە بە ناوی مۆهەندیس ئیبراهیم شەریفپوور یەکێک لە چالاکانی کوردی خەڵکی شاری بانەیە کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ی ڕێبەندان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراوە. ناوبراو ئەندامی بەرەی موشارکەتی ئیسلامی و لە چالاکانی ستادی میرحسەینی مووسەوی، پاڵێوراوی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران بوو.

# قۆڵبەستکرانی زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەنووس لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ئێراندا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامە نووسان ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ی ڕێبەندان ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی دا بە هۆی گیرانی زیاتر لە ٩٠ ڕۆژنامەنووس و نوسەرەوە، ئێران وەک یەکێک لەپڕمەترسیترین وڵاتانی دژ بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا لە قەڵەم دەدرێ.

کومیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامە نووسان کە بنکەی سەرەکی لە نیۆیۆرکی ئەمریکایە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دا سەبارەت بە ئازادیی کاری ڕۆژنامە نووسان لە ساڵی ٢٠٠٩ دا نووسیویەتی: تا ئێستا ٢٣ نووسەر و سەرنووسەر لە جیهاندا لە بەندیخانە دان. لەو ڕاپۆرتە دا لە دوای چین، ئێران بە پلەی دووهەم لە سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژنامەنووسان دا ناوی هاتوە. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە سەرکوتی بەربڵاوی ڕۆژنامە نووسان لە ئێراندا، لە مێژووی ئەو ڕێکخراوە دا بێ وێنە بووە بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لەو ولاتە دا تەوژمی سەرکوت و گیران گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆی.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ٧٠ ڕۆژنامەنووس لە ماوی ساڵی ٢٠٠٩ دا لە جیهان کوژراون. چین وەک یەکەم وڵاتی دژ بە ئازادیی ڕۆژنامە نووسان ناوی هاتوە و تاکوو ئێستا ٢٤ ڕۆژنامەنووس لە بەندیخانە دان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ڕاپۆرتەوە، ڕێکخراوەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان وەک هەواڵنیرانی بێ سنوور، ئێران وەک یەکەمین وڵاتی پێشیلکاری مافی ڕۆژنامەنووسان ناودێر دەکەن کە تێی دا زیاتر لە ٤٢ ڕۆژنامەنووس هەروا لە بەندیخانەدان و چارەنووسیان نادیارە.

پێشتر ڕێکخراوی هەواڵنیرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتێک دا ئاماژەی بەوە دابوو کە لە کاتی سەرهەڵدانی نائارامییەکانەوە لە ئێران، زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەنووس لە لایەن هیزە حکوومەتییەکانی ئیرانەوە گیراون و زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسی دیکە بە بێ خواستی خۆیان لە کارەکانیان دوور خراونەتەوە و ئیرانیان بەرەو وڵاتیکی دیکە بەجێ هێشتووە.

پێویستە بگوترێ کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی کومیتەی داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی دا ناوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەمەن و ئیسرائیل وەک پێشێلکەرانی دیکەی ئازادی ڕۆژنامەوانی ئاماژەی پێ کراوە.

# قۆڵبەستکرانی چالاکێکی مەدەنیی شاری سنە لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی چالاکێکی دیکەی کوردی شاری سنەیان بۆ جاری سێهەم دەسبەسەر کرد.

حامید سەیف پەناهی، چالاکی مەدەنیی شاری سنە بۆ سێهەمین جار لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شارە قۆڵبەست کرا.

ماڵپەڕی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران بڵاوی کردەوە کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٧ ی ڕێبەندان هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی حامید سەیف پەناهی، یەکێک لە چالاکانی کوردی خەڵکی تایسەری سنەیان لە ماڵەکەی خۆی دا قۆڵبەست کردوە. ناوبراو پێشتریش دوو جار لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم لە شاری سنە قۆڵبەست کرابوو.

شایانی باسە کە حامید سەیف پەناهی ساڵی رابردوو بە تاوانی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی ئێعترازی لە شاری سنە قۆڵبەست کرابوو کە بۆ پشتیوانی لە گیانی زیندانیانی سیاسی لەو شارەدا ڕێک خرابوو.

## بەیاننامە

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکەوە

ڕۆژی ٢١ی فێوریە بەرامبەر بە ٢ی ڕەشەمە لە لایەن ڕێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان، یۆنسکۆوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک ناسراوەو، هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا لە زۆر وڵاتی جیهان ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ وەبیر هێنانەوەی بایەخ و گرنگیی زمانی زگماك و پێداگرتن لە سەر پاراستن و پەرەپێدان و بەڕەسمی ناسرانی بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان پێك دێ. لەو ڕێوڕەسمانەدا شارەزایانی بواری زمان و پەروەردەو ڕاهێنان دەربارەی کاریگەریی زمانی زگماك لە سەر دروستکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکان و پێشخستنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، وتاری زانستی پێشکەش دەکەن و سەرنجی گەلان و دەوڵەتەکان بۆ لای گرنگی و بایەخی ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشن.

زمانی زگماك لە دروستکردن و گەشەپێدانی فکری و پەروەردەیی منداڵ و، پتەوکردنی پێوەندیی وی لەگەڵ دایك و باب و بنەماڵەو دەوروبەردا ڕۆڵێکی گرنگ یاری دەکا. منداڵ لە ڕێگەی زمانی زگماکەوە زووترو ئاسانتر شتەکان و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دەناسێ و، کاتێکیش دەچێتە قوتابخانە، ئەگەر لە یەکەم ڕۆژو حەوتوو و مانگ و ساڵەکاندا بە زمانی زگماك بخوێنێ، ئاسانتر فێر دەبێ و زووترو زۆرتر پێش دەکەوێ. شارەزایانی بواری پەروەردە دەڵێن منداڵێك یەکەمین دەرسەکانی بە زمانی زگماکی بخوێنێ، لە فێربوونی زمانەکانی دیکەشدا پێشکەوتنی زۆرتر بە دەست دێنێ.

لەمانەش گرنگتر، زمانی زگماك ئەڵقەی هەرە بەهێزی پێوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکەو، لە ڕاستیدا ئەوەی پتر لە هەموو هۆیەکانی دیکە لە دروستبوون و گەشەسەندنی نەتەوەدا کاریگەرە، زمانە هاوبەشەکەیانە. بۆیە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ژمارەی نەتەوەکان لە جیهاندا ڕاست بە قەدەر ژمارەی زمانەکانەو، ئەوە زمانە کە کۆمەڵە مرۆڤییەکان دەکا بە یەك نەتەوە یان چەند نەتەوەی لێك جیاواز.

خزمەت نەکردنی زمانی زگماکی و لەوەش زیاتر قەدەغەکرانی خوێندن و نووسین بەو زمانە تا ئێستا بۆتە مایەی لەبیرچوونەوەی هەزاران زمان و لەنێوچوونی هەزاران نەتەوە، کە ئەمەش لە خۆیدا زیانی بە دەوڵەمەندیی کولتووری جیهانی مرۆڤایەتی گەیاندوە. هەر ئێستاش وەك شارەزایان باس دەکەن بە هەزاران زمان لە ژێر هەڕەشەی لەبیرچوونەوەو لەنێوچووندان و ئەمەش بە نەزەری پسپۆڕانی ئەو بوارە زیانێکی گەورە لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی و دەوڵەمەندی و جۆراوجۆریی فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگەی جیهانی دەدا.

نەتەوەی کورد لە زۆر کۆنەوە هەستی بە گرنگی و بایەخی زمانی زگماکی کردوە. هەر بۆیەش دەگەڵ ئەوە کە دژایەتیی بێ جێی دەگەڵ هیچکام لە زمانەکانی دراوسێی نەکردوە، لە سەدان و هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، بە ڕێگای جۆراوجۆر پێشی بە لەنێوچوونی زمانەکەی گرتوەو هەر لەو ڕێگایەوەش کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی لە پیلانی دوژمنان و نەیارانی پاراستوە. بە خۆڕایی نیە کە سەرباری ئەو هەموو دژایەتییەی لە لایەن دەوڵەتەکانی حاکم بە سەر کوردستانەوە بە دژی گەشەسەندن و پێشکەوتنی زمانی کوردی ڕچاو کراوە، زمانەکەمان ئێستا لە ڕیزی زمانە دەوڵەمەندو بەهێزەکانی ناوچەو تەنانەت هەموو جیهاندایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەرە وشیارو لێزانەکانیشی و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەر لە سەرەتای کارەوە شارەزای ڕێگا بوون و، بایەخی زمانی زگماکییان لە هەموو بوارەکاندا بە تەواوی هەست پێ کردوە. بۆیە هەموو کاتێك بەڕەسمی ناسرانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئامانجە سەرەکییەکانی حیزب دا بووەو لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانی نەتەوەی کورد هاتبێتە پێش، مەسەلەی زمان و پێویستیی بەڕەسمی ناسرانی لە ڕیزی پێشەوەی داخوازەکانی حیزب و تەواوەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بووە.

لە بەرامبەردا ڕێژیمەکانی حاکم بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە کۆنەوە تا ئێستا کارنامەیەکی زۆر ڕەشیان لە پێوەندی دەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراو بەتایبەتی لە بارەی بەڕەسمی ناسینی زمانی زگماکی ئەو نەتەوانەدا هەبووە. ڕەنگە بە ئاسانییش بکرێ بڵێین کە دوژمنایەتیی دەسەڵاتدارانی ئێران دەگەڵ خزمەتکردن و پەرەپێدانی زمانی زگماکیی نەتەوە زۆرلێکراوەکانیش هەر لەو گرنگی و بایەخەوە هاتووە کە زمان لە دروستکردنی کەسایەتیی نەتەوەیی‌دا هەیەتی.

بێ بەشیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە خوێندن بە زمانی خۆیان لە کاتێك دایە کە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك دانی بە هەبوونی زمانی جیاواز لە ئێران‌داو تەنانەت ئازادبوونی خوێندن بەم زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی-دا، ناوە. بەڵام تەنانەت ئەم دانپێدانانەی قانوونی ئەساسییش نەبووە بە هۆی ئەوە کە ئەم ڕێژیمە هیچ تەعەهودو بەرپرسایەتییەك لە پێوەندی لەگەڵ بە ڕەسمی ناسینی زمانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران و خوێندن بەو زمانانەدا هەست پێ بکا. هەر بۆیە، داوای خوێندن بەم زمانانە هەر وەك ئاواتێك ماوەتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دژایەتی دەکرێ. دیارە بە خۆشییەوە ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی گەلە زۆرلێکراوەکانی ئێران و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، ڕاشکاوانە داوای خوێندن بە زمانی زگماکییان هێناوەتە گۆڕێ. لەم بۆنەیەدا، ئێمە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لەم داوا ڕەوایەو، خەبات و تێکۆشان لەم پێوەندییەدا ڕادەگەیەنینەوەو، داوادەکەین خەڵکی کوردستان و هاونیشتمانان لە سەرانسەری ئێران، لە هەر دەرفەتێك دا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایەو سەبارەت بە پشتگوێ خستنی بەرپرسایەتییەکانیان لەم بارەیەوە بخەنە ژێر فشار.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکەوە دەستخۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە بوونە پێشەنگی خەبات بۆ بە ڕەسمی ناسرانی زمانی زگماك، یان دیفاعیان لە دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی زگماك کردوە، یان بە دیاریکردنی ڕۆژێك بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماك، بایەخی ئەو بابەتەیان وەبیر هەموو خەڵکی جیهان هێناوەتەوە.

لەو بۆنە پیرۆزەدا سڵاو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و هەموو گەلانی ماف زەوتکراو لە ئێران و ناوچەو سەرانسەری جیهاندا دەکەین و، سەرکەوتنیان لە خەبات بۆ بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان و هەموو ئاواتە نەتەوەییەکانیاندا بە ئاوات دەخوازین. بە تەواوییش لە بەردەوامیی خەباتی گەلانی مافخوازی ئێران بۆ بە ڕەسمی ناسرانی هەموو مافەکانیان و تەنانەت لە سەرکەوتنی خەباتەکەشیان دڵنیاین.

**سڵاو لە ئازادی و بەرامبەریی مافی مرۆڤەکان لە جیهاندا.**

**سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی مافخوازو زمان لەبیرکراو.**

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٨٨/١١/٢٨**

**٢٠١٠/٢/١٧**

---

دریژەی:

## ڕاگەیەندراو

# لە بارەی بەڕێوەچوونی پلینۆمی

# کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

باسێکی گرنگی دیکەی پلینۆم چۆنیەتیی بەرجەستە کردنەوەی نەخشی کورد لە نێو ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێراندا بوو. ڕێکاری هاوخەباتی و هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەواندنەوەی شوێنەوارەکانی ناتەبایی و بەربڵاویی ئەوان، بە ئەرکی سەر شانی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان دانراو، بە دەفتەری سیاسی سپێردرا کە ئەوەندەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەوڵەکانی لە جارانیش زۆرتر بکا.

بۆچوونی پلینۆم لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە ئالقەی لاوازی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، نەبوونی یەکگرتوویی یە. جووڵانەوەی کورد بە ڕابردووی دەیان ساڵەیەوە، جووڵانەوەیەکی بە هێزو یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی دیاریکردنی داهاتووی ئێرانە. بەڵام بە هۆی پرش و بڵاویی هێزەکانی نێو جووڵانەوە، هێزو تواناکانی شاراوەیە. هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە ڕوونەو بە دەیان جار باس کراوە. لە پلینۆمی ئەمجارەش دا جارێکی دیکە پێی لەسەر داگیرایەوە، کە بۆدیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ هێزو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهێنانی یەکیەتییەکی نەتەوەیی هیچ مەرجێک دانانێینو ئامادەین لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە بێ جیاوازی هاوکاری بکەین.

داوای پلێنۆمی کومیتە ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی یەکگرتن ئەوە بوو کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەست بە ئەرکی خۆیان بکەن و بۆ کۆ کردنەوەی تواناکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دەستی هاوکاری بۆ یەکتر درێژ بکەن. پێویستە لەم بارەیەوە هەڵوێستی هەر حیزب و ڕێکخراوێک هەڵسەنگێنرێ و بە ڕاددەی بەشدار بوون لە پێکهێنانی یەکیەتی دا بنرخێندرێ.

باسێکی دیکە لە بەرنامەی کاری پلینۆم، هاوکاریی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان بوو. بۆچوونی پلینۆم ئەو بوو کە بە خۆشییەوە هەڵوێست و چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە ئێرانییەکان دا، تارادەیەکی باش ناسراوەو، جێگای خۆی کردۆتەوە. دیارە لەەم بارەیەوە پێویستە زۆرتر کار بکرێ. یەکەم: پێویستە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ توندوتۆڵ کردنی پێوەندیی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی کە ئامادەن بیر لە چارەسەری دیموکراتیک بۆ مەسەلەو گیروگرفتە نەتەوەیی، مەزهەبی، مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیەکانی گەلانی ئێران بکەنەوە، چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات پێوەندی بگرێ و ڕێگا بۆ هاوکاری خۆش بکا. دووهەم: بۆ هێنانە بەر باسی ڕێگای چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد لەگەڵ هێزو لایەنە غەیرە کوردییەکان دا، تێبکۆشێ کۆ دەنگییەک لە نێو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان دا پێک بێ و هەوڵ بدرێ ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی هەنووکەیی خەڵکی کوردستان بە کۆدەنگی و یەکگرتووانە لە لایەن هێزە خەباتکارەکانی کوردستانەوە دیاری بکرێن و بخرێنە سەر مێزی ئەو هێزانەی دەتوانن لە داهاتووی ئێران دا ڕۆڵیان هەبێ تا کارێکی وابکرێ کە مەسەلەی کورد لە ئێران دا وەک فاکتەرێکی بەهێز چاوی لێ بکرێو هیچ ئاڵتەرناتیوێکی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد پشت گوێ بخا. دیارە بڕیاریش درا کە بۆ چوونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە لە نووسراوێکی تایبەتی دا بڵاو بکرێتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا لەسەر ئەمەش پێ داگیرا کە هەوڵ بدرێ خەباتی نەتەوەکانی ئێران لە پێناوی ئازادی، دیموکراسی و مافی نەتەوەیی دا، لێک گرێ بدرێ و کار بکرێ بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو دا، هەموو نەتەوەکان شەریک و بەشدار بن و ڕێنوێنیی پلێنۆم بۆ دەفتەری سیاسی ئەوە بوو کە هەوڵ بدا پێوەندیی زیاتر لەگەڵ خەباتکارانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێران دا بگرێ و ڕێگای هاوکاری هەموار بکا.

تەوەرێکی دیکەی باسەکان بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیی ئۆرگانەکانو ئەندامانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات. پلینۆم بە گشتی بە ڕەزامەندی و ئەرێنییەوە بۆ کارو چالاکی و هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت لە یەک ساڵی ڕابردووی دا، ڕوانی. بۆ چوونی پلینۆم بە گشتی ئەوە بوو کە سەرەڕای هێندیک گیروگرفتو بێ ئیمکانی لە هێندیک بواردا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو دا زۆر هەڵوێستی بوێرانەی گرتوون کە جێ کەوتوون، زۆر چالاکیی پر بایەخی لە هەموو مەیدانەکان بەڕێوە بردوون. ئۆرگانەکانو ئەندامانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، ماندوویی نەناسانە بۆ بردنە سەری پرستیژو پێگەی حیزب کاریان کردوە، بەتایبەت لە دەرەوەی وڵاتو لە مەیدانی چالاکییە نێونەتەوەییەکان دا زۆر هەنگاوی بەرەوپێشیان هەڵێناونەوە.

هەروەها لە پلێنۆم دا باسێکی چروپڕ لەسەر ئیمکانات و پێداویستیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا. سیستمی کارگێڕیو بەڕێوەبردن، هەڵسەنگێنران و لە پێناوی چوونەسەری ڕاددەی ئیمکانات و باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان دا، زۆر پێشنیاری بەکەڵک بە دەفتەری سیاسی کران.

دوا بڕگەی کارەکانی پلینۆم بریتی بوو، لە هەڵبژاردنی ٧کەس لە هاوڕێیانی حیزبی وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی( ٥ کەس لە کوردستانو ٢کەس لە دەروەی وڵات)بۆ ئەوەی بەشدارییەکی چالاکانەتریان لە هاوکاری و هاوفکریی ڕێبەریی حیزب دا هەبێ. ساعەتی ٦:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی٢٩ی ڕێبەندان بەرامبەر بە ١٨ی فێورییە، پلێنۆم دوای بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی دستووری کارەکانی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٨**

**(١٩ی فێورییەی ٢٠١٠)**

# بانگەوازیهاوبەشی کۆمەڵێک لەحیزبوڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتیکوردستان بەبۆنەی٢٢یڕێبەندانەوە

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**گەلانی زۆرلێکراوی ئێران!**
**هاونیشتمانە ئازادیخوازەکان!**

٢٢ی ڕێبەندان، بیرەوەریی رووخانی نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی شایەتی لە ئاکامی خەباتی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران دا، ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی تایبەتی دا یادی دەکرێتەوە. ئەمساڵ لە کاتێک دا یادی ئەم ڕۆژە مێژوویی یە دەکەینەوە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە دژی سێ دەیە دیکتاتۆری، ستەمو جیاوازیدانانو سەرکوت، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. خەڵکی ئێران لە دوای هەڵبژاردنی٢٢ی جۆزەردانی رابردوو سەپاندنەوەی ئەحمەدینەژاد وەک سەرکۆمار لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە ، یەکگرتووانەترو لێبڕاوتر لە هەمیشە هاتوونە سەر شەقامەکانو داوای کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتدارەتیی تاقمی پاوانخوازو سەرکوتکەر دەکەن. زیاترلە٧مانگە بریاروئیرادەی خەڵکی ئێران بۆ دوایی هێنان بە سیستەمی ویلایەت فەقیهیو توتالیتاریزمو جیاوازیدانانی نەتەوەیی، جینسیو ئایینی بە شێوەی خۆپیشاندانی جەماوەریی کەم وێنە، خۆی دەنوێنێ. لەو کاتەوە تارانو شارەگەورەکانی ئێران لەهەر بۆنەو دەرفەتێک دا هاتنەسەرشەقامی دەیانو سەدان هەزار کەسیی خەڵکی راپەڕیویان بە خۆیانەوە دیوە کە بە شێوەی هێمنانەو بەدەستی بەتاڵ بەڵام بە دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆری، لێبڕاویی خۆیان بۆ پێکهێنانی گۆڕانو گەیشتن بە ئازادی، دیموکراسیو مافی مرۆڤ دووپات کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانەی خەڵک هەموو جارێ بەو پەڕی درندەییەوە سەرکوت کراوەو، هەر خۆپیشاندانێک چەندین شەهید، دەیان بریندارو سەدان گیراوی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام خەڵکی راپەریو بۆ جاری داهاتوو، بەشێوەیەکی بەرینترو لێبڕاوتر هاتوونەوە مەیدانو، دروشمی رادیکاڵتر لە پێشوویان هێناوەتە گۆڕێ.

گەشە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە تارانوهێندێک لە شارەگەورەکانی ئێران لە کاتێک دایە کە خەڵکی کوردستان ٣٠ ساڵە دژی ڕێژیمی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی لە خەباتو تێکۆشان دان. گەلی کورد لە کاتێک دا شانازی دەکا کە رەچەشکێنو پێشڕەوی خەبات دژی ئەم نیزامە دواکەوتوو، دیکتاتۆرو خوێنڕێژەیە، خۆشحاڵە کە ئەمرۆ هاونیشتمانانمان لە ناوەندی سەرەکیی دەسەڵاتدارەتیی ئێران لە دژی ئەم نیزامە هاتوونە مەیدان. ئێستا کە بیرەوەریی ٣١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆرشی ئێرانو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە پێشمانەویە، دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن نەهێڵن خەڵکی راپەڕیوی ئێران لەم بۆنەیەدا بێنە سەر شەقامو نارەزایەتیی خۆیان دەربڕن. ئەوان دەیانەوێ لەم بۆنەیە دا نیشان بدەن کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکیان تێک شکاندووەو نیزامەکەیان هەروا بەردەوامەو بەرقەرار. بەڵام لە روانگەی ئێمەوە ئەم بۆنەیە دەبێ بکرێتە دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران یەکگرتوویی‌و لێبڕاویی خۆیان لە سەر خەبات بۆ دیمۆکراسی و شێلگیر بوونی خۆیان لەسەر کۆتایی هێنان بە دیکتاتوری‌و ملهوڕی، پیشان بدەنەوە. ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ

دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانو سەرانسەری ئێران بە دەنگی بەرز بە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بڵێن چی دیکە دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئێوە تەحمول ناکەین.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

ئێمە کۆمەڵێک لەحیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەست کردن بە گرنگی‌و چارەنووسساز بوونی باروودۆخ و هەلومەرجی سیاسی ئێرانو، بەلەبەر چاو گرتنی پێویستیی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران، داوا لە ئێوە خەڵکی وشیارو خەباتگێڕی کوردستان دەکەین ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بکەنە دەرفەتێکی دیکە بۆ "نا" گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامیو لەم بۆنەیە دا، جارێکی دیکە وێرای پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە تارانو بەشەکانی دیکەی ئێران، ویستو داخوازە نەتەوەییو دیموکراتیکەکانی خۆتان بێننەوە گۆرێ. با لەم ڕۆژە دا داوای ئازادیی بەندییەسیاسییەکان، هەڵوەشانی حوکمی ئێعدام بۆ گیراوانی سیاسی، لاچوونی سانسۆر لەسەر راگەیەنەکان، کۆتاییهاتن بە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و پیشێلکردنی سەرەتاییترین مافو ئازادییەکانی خەڵک لە کوردستان ، تێکەڵ بە دروشم دژی دیکتاتوری‌و سەرەرۆیی بکرێ‌و، ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێ بگەن کە بەسەرکوتو زەبروزەنگو ئەشکەنجەو تاوانو ئێعدام ناتوانن پاشەکشە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانو ئێران دا بکەنو، سەرئەنجام ئیرادەی خەڵکی راپەڕیوی ئێران، تۆماری دەسەڵاتی ئەوانیش وەک تۆماری ڕێژیمی پاشایەتی تێکەوە دەپێچێ.

سڵاو لە شەهیدانی شۆرشی پرشکۆی گەلانی ئێران،
سڵاو لە ٢٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی سەرکەوتنی خەباتی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی شایەتی،
بۆ پێشەوە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتی بۆ هەموو گەلانی ئێران.

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**پارتی ئازادیی کوردستان**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٨**
**١٠ فێوریەی٢٠١٠**

# با لە رابردوو پەند وەرگرین نەورۆز لە پێش دایە

برایم جەهانگیری

لە ٢٢ ریبەندانی ئەمسال، ریژیمی کودەتـا، ریژیمی سەرکوتکەری ئیسلامیی ئیران توانی بەو ئیمکاناتە دەوڵەتییەی لەبەر دەستی دایە پێش بە بەشداریی بەربڵاو و ئاشکرای لایەنگرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەلکی ئیران بگرێ. دیارە بۆ ئیمە ئەو مەسەلەیە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە کە ریژیم چۆن و بە چ هەزینەیەک توانی بەو ئامانجە بگات و بە دڵنیاییەوە هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوە خەڵکی بە چاوی خۆیان و لە ریگای ئەو وینەو کورتە فیلمانەوە دیتیان کە بۆنەی ساڵوەگەری دامەزرانی ریژیمی ئیسلامیی ئیران لە تاران لە هەلو مەرجیک دا گیرا کە تاران زیاتروەک پادگانێکی نیزامی دەچوو تا پێتەخت و شارێک بە ژیانێکی ئاساییەوە . لە زارکی هەر کووچە و کۆڵانێکدا لیباش سەخسی و گزیرەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیم و هێزەکانی ئینتیزامی بە شێوەیەکی بەرچاو دەبیر نران . تەنانەت لە هێندێ جێگا دا ئەوانە لە خەڵکی خۆ پێشاندەر زیاتر بوون، بەڵام ئەو مەسەلەیە بە لای کودەتاچیان و پاوانخوازان هیچ بایەخێکی نەبوو، چونکە ئەوان دەیانهەوێ بە هەر نرخێکی مومکین لەسەر دەسەڵات بمیننەوە وئەوە هەم تاکتیکەو و هەم ئیستراتیژیک بۆ ئەوان.

لەم پێوەندییە دا دەبێ ئیعتراف بکەین کە خەڵکیش وەک رابردوو و بەهەمان حەماسە و گوڕوتینەوە بەشدارییان نەکرد و بە دڵنیاییشەوە بە پێچەوانەی بڵیندگۆ تەبلیغاتییەکانی دەوڵەتی کودەتا هۆی ئەم دڵساردییەش ئەوە نەبووە کە ئەوان تەبلیغیان پیوە دەکرد و دەیانگوت کە خەڵک راستییەکانی بۆ دەرکەوتوە، بۆی روون بۆتەوە کە هەڵبژاردن خاوین و بێ گەرد بووە! بەڵکوو هۆکارەکەی دەبێ لە هەڵەی ریبەرانی ئاشکرای بزووتنەوەی سەوز واتە ئاغایان موسەوی و کەڕوبی دا ببینینەوە کە لە بێدەنگیی درێژ ماوە و پاشەکشەی بی مانایان ( دەرکردنی بەیانیە ژمارە ١٧ و قسەکانی کەروبی کە باسیان لە قەبوڵ کردنی ئەحمەدی نیژاد دەکرد) ئەگەرچی بە شێوەی کاتییش بووبێ ئەویش لە ژێر کارتێکەری رەفسەنجانی و خاتەمی دا خولاسە دەبێتەوە. ئەویش لە حالێکدا کە بزووتنەوە کە لەو پەڕی خۆی دابوو. ئەو هەڵەیە شتێک نییە کە بتوانێ وا بە هاسانی قەرەبووی بکیەوە. جگە لەمەش کپ کردن و سست کردنی بزووتنەوەیەکی گەلی بۆ ماوەیەکی درێژ بە دڵنیاییەوە شوێنی خەراپی لەسەر دادەنێ و بە تایبەتی کە ریژیمی سەرکوتکەریش بەرنامە و هەرەشەو گورەشە و سەرکوتی بێ بەزەییانە ئەو رەوتە خێراتر دەکات. کە دیتیشمان هەر وای لێهات.

بە پێچەوانەی بۆچوونی ریفۆرمخوزان و روونـاکبیرانی لایەنگری مانەوەی فۆرمی پێنەکراوی جمهووری ئیسلامیی ئیران لەسەر دەسەڵات ئەو کەم و کوڕییە و سستییەش هۆکارەکەی ناتوانێ دیار کردنی گەلاڵەی تاکتیکی ئەسپی تروا بیت کە لە لایەن هێندیک کە بە شێوەی زیادە رۆیی یان دەرک نەکردنی واقیعەکانی ئەمرۆی کۆمەلگا پێشنیار کرابوو. هۆکارێکی دیکە کە دەتوانین دەست نیشانی بکەین ئەوەیە کە لە چەند دێری سەرەوەتر ئاماژەی پێکرا. ئەویش ئەمەیە کە وێرای پێشنیارگەلێکی بەرچاو لەلایەن نووسەران و خاوەنرایان لە بارەی دانی گەلالەیەکی بەرین و گشتگیری چاکسازی لە لایەن مووسەوی و کەڕوبی کە بتوانێ هەموو بیرو بۆچوون و نیازەکانی گەلانی ستەم لێکراوی ئێران لە خۆ بگری بە داخەوە ئەو داوایە لەلایەن تا ئێستاش بە هیند نەگیراوە و سەرنجی نەدراوەتێ. سەرنج نەدان بەو مەسەلەیە دەتوانێ بزووتنەوەی چاکسازی هەر لە تاران و دەوروبەر بهێڵێتەوە و بەم شێوەیەش دەوڵەتی کودەتا بەو ئیمکاناتەی کە لەبەر دەستی دایە دەتوانێ زۆر بە هاسانی و پاش ماوەیەکی دیکە ئەو بزووتنەوەیە سەکوت و کۆنترۆل بکات.

سەرنج دان بە داخوازی گەلانی ستەم لێکراو لە ئێرانیکدا کە دارشتێکی هەمەرەنگی میللی و جۆراوجۆری تێدایە هەنگاوێکی پێویست و واقیعی و عادلانەیە، سەرنجدان بەو راستییە و دان پێدا نان بەو راستییە دەتوانێ گوڕ و تینێکی تازە بەبەر بزووتنەوەی سەوز و ئازادیخوازانەی ئێران دا بکات و پریشکی ئەو بزووتنەوەیە شارەکانی دیکەش بگرێتەوە. لە وەها حاڵەتیکدا هەرگیز رێژیم توانای بە چۆکداهینانی ئەو بزووتنەوەیەی نابێ و بۆی کۆنترۆڵ نابیت. بە کردنەوەی دەلاقەی ئەو باسە بەو ئاکامە دەگەین کە بیدەنگ بوون سەبارەت بە راگەیاندنی بەرنامەی هەمە لایەنەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران لە لایەن مووسەوی و کەڕوبی لەوە زیاتر هیچ دەلیل و بەهانەیەکی بۆ نییە و بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەیەک کە نەتوانێ گشتگیر و خەڵکی بێ، ناتوانێ دیکتاتۆری بە چۆک دابێنێ و مەجبور بە پاشەکشەی بکات. کەوایە بزووتنەوەیەکیش دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی گشتی و هەمە لایەنە کە هەموو گەل و نەتەویەک و چین و توێژیکی کۆمەلگا ویستەکانی خۆیان لە بەرنامەکانی ئەو بزووتنەوەیە دا کە لە راگەیەنەرە گشتیەکان دا بڵاو دەکرێتەوە ببیننەوە.

**هەلێکی زێرین**

نەورۆز سەمبۆلی بارگەپێچانەوەی سەرماوسەهۆڵبەندان و هاتنی بەهاری شادی و سەرسەوزی، سەمبۆلی خەباتی کاوە دژی ئەژدەهاکی زۆردار، سەمبۆلی هاوبەشی هەموو ئێرانییەکانە. نەورۆز وەک هەلێکی زێرین لە پێشمانە.

بێگومان ئەگەر سەرانی دەوڵەتی کودەتا بە بەرنامەرێژیی چەند مانگە کە لە چەقینی درێژخایەنی بزووتنەوەی سەوزیش کەڵک وەرگیرا، توانیان هێزەکانی خۆیان لە مەیدانی ئازادی بەسیج بکەن و بەچاوی خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخوازی دا بدەنەوە هەرگیز توانای بەرنامەرێژی بۆ سەرکوتی بزووتنەوە لە نەورۆز و چوارشەممە سووریيان دا نابێ، کە بێگومان سەرانسەری ئێران دادەگرێ. هەر لە ئێستاوە دەبێ بە بەرنامەرێژیی ورد و تێپەڕین لەو هێڵە سوورانەی کە دەست وپێی رێبەرانی ئاشکرای بزووتنەوەی جەماوەریی سەوزی ئێرانیان بەستوە، خۆمان ئامادە بکەین و بڕوامان بەوە هەبێ کە لە رۆژێکی ئەوتۆدا خەڵکی ئێران دەتوانن دیکتاتۆری بەچۆک دابێنن و داخوازەکانی خۆیان بسەپێنن. خاڵێکی دیکە کە دەبێ ریفۆرمخوازانی دینی بیخەنە بەر سەرنج ئەوەیە کە هەروا کە بۆ خۆشیان دەزانن ئەم حەرەکەتە ئیعترازییە تەنیا تایبەت بە ریفۆرمخوازانی دینی نیە و هەروەک مووسەوی بە پارێزەوە ئاماژەی پێ کرد "بزووتنەوەی سەوز لەگەڵ کەسانێکیش دا کە بڕوایان وەک ئێمە نیە، دۆستە دەبێ هەوڵ بدرێ کە بزووتنەوە هەموو لایەنگرانی راستەقینەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد و گۆڕینی بارودۆخی ئێستا لە ژێر چەتری خۆی دا کۆبکاتەوە. نەورۆز بۆخۆی سەمبولی ئەم هاوپێوەندییەیە. بەڵام ئەگەر پتر بایەخی پێ بدرێ دەتوانێ بکرێتە هێمای رزگاریی نەتەوەییش ئەگەر رێبەران و گرووپە سیاسییەکان، تەدبیر و روانینی وردو ژیرانەیان هەبێ، لە نەورۆزدا شایەدی تێک شکانی هەیبەتی دەوڵەتی کودەتا دەبین. ئەم تێک شکانە لەوانەیە خۆ بەدەستەوە دانی خێرای دیکتاتۆری لێ نەکەوێتەوە بەلام خەڵکی ئێران لەم رۆژەدا دەتوانن بە هەموو دنیا نیشان بدەن کە خوازیاری گۆڕانن و لە دەوڵەتی کودەتا بێزارن.

بە دڵنیاییەوە ئەم پەیامە لە سەر ورەی سەر کوتکەران و پشتیوانان و لایەنگرانی دەوڵەتی کودەتا کاریگەر دەبێ.

> **نەورۆز بۆخۆی سەمبولی ئەم هاوپێوەندییەیە. بەڵام ئەگەر پتر بایەخی پێ بدرێ دەتوانێ بکرێتە هێمای رزگاریی نەتەوەییش ئەگەر رێبەران و گرووپە سیاسییەکان، تەدبیر و روانینی وردو ژیرانەیان هەبێ، لە نەورۆزدا شایەدی تێک شکانی هەیبەتی دەوڵەتی کودەتا دەبین**

# ٢٢ی ڕێبەندان و کەموکۆڕییەکانی بزووتنەوەی سەوز

✍ مادێح ئەحمەدی

نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا، واتە سی و یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵان بردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا ڕێگای پێ نەدرا خۆی نیشان بدا و هێزە ئەمنیەتییەکانی سەر بە قۆڵی پاوانخواز بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی جۆراوجۆر جەماوەری نارازییان بڵاوە پێ کرد.

هۆی ئەوەی کە خەڵك لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا بەو شێوەیە کە پێویست بوو نەیانتوانی نارەزایەتیی خۆیان دەربڕن و زیاتر لە جاران بەرچاو بن لە لایەك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنە ئەمنیەتییانەی کە قۆڵی پاوانخواز دژی خەڵك گرتبوویە بەر، لەلایەکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك کەموکۆڕی ئەو کەس و لایەنە کاریگەرانەی نێو بزووتنەوەی سەوز کە دەبا پێشتر پلانیان بۆ هەبا و پێشیان پێ گرتبا. ئەو کەموکۆڕیانە زیاتر خۆیان لە چەند خاڵدا دەبیننەوە کە بەم جۆرە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١ـ هەر وەك پێشتر ڕاگەیەندرابوو، بڕیار بوو کە خەڵکی نارازی بۆ ئەوەی دیار بن لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا لە ڕەنگی "سەوز" وەك هێمای بزووتنەوەکە بە شێوەی گشتی کەڵك وەربگرن. بەڵام بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو زۆر کەم لە ڕەنگی سەوز کەڵك وەرگیرا و ئەوانەش کە ئەم ڕەنگەیان وەك هێمایەك هەڵگرتبوو لە هەندێ شوێن نەبێ، لە شوێنەکانی دیکە لە نێو لایەنگرانی دەسەڵاتدا ون ببوون. کەڵك وەر نەگرتن لە هێمای سەوز بەو جۆرەی کە پێویست بوو، جەماوەری نارازی لە ناو لایەنگرنی قۆڵی پاوانخوازدا شاردەوە. ئەمەش ئەو هەلەی بۆ پاوانخوازان ڕەخساند کە ئەو جەماوەرە نارازییەش بە قازانجی خۆیان لە میدیاکان بەکاری بێنن و مانۆڕی پێوە بدەن. ئەمەش لە قۆناغی یەکەم دا ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ترسێك کە لە ئاکامی هەڕەشەو گوڕەشەکانی بەرپرسانی قۆڵی پاوانخواز لە خەڵکی نارازی نیشتبوو. لە قۆناغی دووهەمدا ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵك، ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕۆژی یەکگرتوویی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بزانن و بۆیە هێمای بزووتنەوەی سەوزیان هەڵنەگرتوە.

٢ـ سیما دیارەکانی نێو بزووتنەوەی سەوز وەك "خاتەمی، کەڕوبی و موسەوی" لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا لە ژێر کاریگەریی ئەم خوێندنەوەیەدا کە لە چەند بەرەوە نارەزایەتییەکان دژی دەسەڵات بەرپا بکەن و بەو جۆرە نەهێڵن هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت لە یەك شوێن چڕ ببنەوە هەر کام لە شوێنێکی جیاوازەوە بەشدار بوون. ئەمەش وای کرد کە جەماوەری نارازیی دابەش بێ و نارەزایەتییەکە بە گوێرەی پێویست بەر چاو نەبێ و خەڵك پرش و بڵاو بێ.

٣ـ یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە خەڵك لەم ڕۆژەدا بەو شێوە بەربڵاوەی کە پێویست بوو نەیانتوانی نارەزایەتی خۆیان دەربڕن، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕێکخستنی بزووتنەوەی سەوز. واتە ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە ئاراستە دەدەن بە بزووتنەوەی سەوز بە گوێری پێویست و بە پێی پلانێکی تۆکمە لە ناو خەڵکی نارازی دا بۆ ئەم ڕۆژە ڕێك خستنیان نەکردبوو. بەشێکی ئەم لاوازییەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر هێزە ئەمنیەتییەکانی قۆڵی پاوانخواز ژمارەیەك کەسایەتی کاریگەریان دەستگیر کردبوو بۆ ئەوەی لە ئاستی بەربڵاویی نارەزایەتی خەڵك لەم ڕۆژەدا کەم بکەنەوە.

ئەم کەموکۆڕیانە پێویستە وەك ئەزموونێك چاویان لێ بکرێ و پێش بە دوو پات بوونەوەیان بگیرێ. هاوکات لێرەدا نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە سەرجەم ئەهرۆمەکانی دەسەڵات وەك هێزی ئەمنیەتی، ڕاگەیاندن، سامانی وڵات و... لە دەستی قۆڵی پاوانخوازدایە، بۆیە دەتوانێ بۆ ئەوەی مانۆڕێکی گەورە وەرێ بخا و پێش بە نارەزایەتی خەڵك بگرێ کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەمەش دەیسەلمێنێ کە قۆڵی پاوانخواز نەیتوانیوە لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دا سەرکەتوو بێ، چونکە هەر دوو لا لە دۆخێکی وەك یەك یان بەرابەردا نەبوون. سەرکەوتن بۆ قۆڵی پاوانخواز ئەو کاتەیە کە بتوانێ ئەم بزووتنەوەیە بە تەواوەتی دامرکێنێ. ئێستا کە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامە و دانەمرکاوە، نیشانەی سەرکەوتنی جەماوەری نارازییە.



---

## درێژەی هەواڵ و ڕاپۆرت

# خۆپیشاندانی کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٢٢ ی ڕێبەندان

## بریتانیا

سەعات ٥ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٢ ی ڕێبەندان بە مەبەستی نارەزایەتی بە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی بریتانیا، هاو هەنگاو لەگەڵ ئێرانیەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتە، لە خۆپێشاندانێکی جەماوەری بەهێز دا لە بەردەرکی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوە و دروشمییان بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی بە دژی نیزامی سەرەڕۆ لە ئێران دا وتەوە.

لەو خۆ پێشاندانە دا کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس تێی دا بەشدار بوون ، بۆ یەکەمجار کوردەکانی ڕۆژهەڵات ، یەک دەنگ هاتنە مەیدان و بە بێ لەبەرچاو گرتنی سنورە حیزبی‌یەکان و بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی بەردەمی سەفارەتی ئێران کە بۆ ماوەی ٨ مانگ دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ئێران درێژەیان هەبووە، بەشدار بوون.

ئەو خۆپێشاندانە کە ٣ سەعات درێژەی کێشا، لە تەیفە جۆراوجۆرە حیزبی و سینفیەکان پێک هاتبوو و ڕەنگاوڕەنگیەکی تایبەتی پێوە دیار بوو.

## نۆروێژ

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان کاتژمێر ٣ی ئێوارە لەلایەن ئێرانییەکانی نیشتەجێ لەوڵاتی نۆروێژ بۆ یادی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی‌داو پشتیوانی لەو حەرەکەتە ئیعترازییانەی گەلانی ستەم لیکراوی ئێران کە لەو دوایانەدا و بۆ شەرمەزار کردنی ڕێژیمی ئاخوندی لەمەر ئێعدامی چالاکانی سیاسی لە بەردەم پارلمانی نۆروێژ خۆپێشاندانێکیان پێک هێنا. لە خۆپێشاندانەکەدا بە هەڵگرتنی ئاڵا، شوعار و کاریکاتۆر بەشداریان کرد.

خۆپێشاندەران دروشمی برووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەرکەوێ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێرانو بە دەیان دروشمی دیکە، پاشان لەلایەن محەممەد ڕەزا حەیدەری کۆنسووڵی پێشووی کۆماری ئیسلامی لە نۆروێژ کە بە نیشانەی ئیعتراز بەو فشارو سەرکوتەی ڕێژیم کە بە ئاشکراو لەبەرچاوی کۆمەڵگای جیهانی‌دا هەزاران کەسی خستۆتە بەندیخانەو دەستدرێژی جینسییان کراوەتەسەرو تەنانەت ئێعدام کراون، دەستی لەکار کێشایەوەو لە دەوڵەتی نۆروێژ داوای پەنابەریی سیاسی کرد، ناوبراو سپاسی ئامادەبوانی کرد کە توانیویانە بۆ ماوەی ٣١ ساڵ لە بەرامبەر ڕێژیمی ئاخوندی دا موقاوەمەت بکەنو وتی: من بۆیە هاتوومەتە ئێرە کە پێتان بڵێم هەموو تواناکانی خۆم لەگەڵ ئێوەدا ڕێک دەخەم بۆ لا بردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدارو هاوار دەکەین کە ئاخوندەکان دەبێ ئێعدامی ڕۆڵەکانمان ڕابگرن، خەڵکی ئێمە ئەو ڕێژیمە ئیسلامیەی ناوێو دەیەوێ دین و دەوڵەت لێک جیا بکرێتەوە.

پێویستە بڵێین کە زۆرینەی خۆپێشاندەران لە کوردانی نیشتەجێی نۆروێژ پێک هاتبوو، و ڕێپێوانەکە ٢ کاتژمێری خایاند

## فینلاند

بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان، لە شاری هێلسینکی خۆپیشاندان دژ بە کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو.

ئەو خۆپیشاندانە لە لایەن کۆمەڵێک لە چالاکانی سەربەخۆی ئێرانی ڕێکخرابوو و بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەوان، کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێیدا بەشدار بوو. ئەندامانی حیزب بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزب و وێنەی چالاکانی بەندکراو و ئێعدام کراوی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران، هاوپێوەندی خۆیان بۆ خەباتکارانی ناوخۆ دووپات کردەوە. هەروەها ئەندامانی چەند حیزب و لایەنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشداریان لەو خۆپیشاندانە دا کرد.

خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ لە بەردەم پارلمانی فینلاند دەستی پێ کرد.

سەرەتا خۆپیشاندەران داخوازینامەیەکیان پێشکەش بە پارلمان کرد کە وێڕای گەیاندنی بارودۆخی نالەباری ئازادیخوازان لە ناوخۆی وڵات و سەرکوتی بێبەزەییانەی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و کوژران و بەندکرانی خۆپیشاندەران لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، داوا لە پارلمان و وەزارەتی دەرەوەی فینلاند کرابوو تا تواناکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی سەرکوت و دەسبەسەرکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بخەنە گەڕ.

پاشان خۆپیشاندەران بە شەقامەکانی شاری هێلسینکی دا ڕێپێوانیان کرد و بە وتنەوەی دروشمەکانی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی بە زمانی فینلاندی، سەرنجی ڕێبوارانیان بۆ لای خۆیان و خواستەکانیان ڕاکێشا. دواتر لە بەر دەم سەفارەتی جمهوری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە و بە زمانەکانی کوردی و فارسی دروشمیان دا. لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەش دا بڕیارنامەی کۆتایی خۆپیشاندەران بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی خوێندرایەوە.

لە بڕیارنامەکەدا خۆپیشاندەران هاوپێوەندی خۆیان لە گەڵ ئازادیخوازانی ناوخۆی وڵات دووپات کردەوە و وێڕای مەحکووم کردنی کوشتار و سەرکوتی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، داواش لە کاربەدەستانی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کرابوو تا ڕیزی خۆیان لە دیکتاتۆران جیا بکەنەوە و بۆ مەحکووم کردنی کردەوە دژی ئینسانییەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، پەیوەست بە ریزەکانی خەڵک بن.

## سوئێد

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانییەکانی نیشتەجێی وڵاتی سوئێد لە مەیدانی ناوەندیی شاری ستۆکهۆڵم" سێرگێلس تۆری" خۆپێشاندانیان کرد و لەگەڵ ئەوەی ساردوسەرمای ئەم ڕۆژە لەش تەزێن بوو، بەڵام بە دڵگەرمی چەند کاتژمێر لەبەر سەرمادا ڕاوەستان و گوێیان بۆ وتاری هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێور لەو بۆنەیەدا ڕاگرت.

ئەم خۆپێشاندانە لە لایەن " کۆمەڵەی پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران" ڕێکخرابوو. کورد و ئێرانیەکان لە بەرەبەری کاتژمێر ٥ی ئێوارە بەرەبەرە گەیشتنە مەیدانی " سێرگێل" و ئەو ناوەیان پڕکرد. بەشداربووان بە دانی دروشمی مەرگ بۆ ولایەتی فەقیهە و بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی پیسوازییان لە وتاردەرەکان دەکرد.

هەروەها دروشمی زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ و نا بۆ ئێعدام ، لە سەر پلاکارد نووسرابوون.

ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و کەسایەتی بیانی و ئێرانی بەم بۆنەیەوە وتاریان خوێندەوە.

## تۆرۆنتۆی کانادا

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١١ فیوریەی ٢٠١٠ چەند هیز و لایەنێکی سیاسی ئیرانی و کوردستانی لە مەیدانی "مەلسمەن" کۆ بوونەوە و بۆ ماوەی ٢سەعات بە دانی دروشمی دژی دیکتاتۆری و پشتیوانی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەلکی ئیران سەرنجی خەلکی سەرشەقام و ڕێبوارانی ئەو ناوەیان بۆ خۆیان ڕاکیشا، لەو کۆبوونەوە دا چەند کەس ولایەن پەیامی و وتاریان پیشکەش کرد.

هاوڕێ برایم جهانگیری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد. هاوڕێ برایم جەهانگیری لە بەشیکی وتارەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە ٣٠ ساله خەڵکی کورد ویرای ناسینی ماهیەتی ئەو ریژیمە دژایەتی و بەربەرەکانی دیکتاتۆریەتی ئیسلامی دەکات ئیستاش بە شیوەی ٣٠سالی رابردوو دژی ریژیم لە خەبات و تیکۆشان شل نەبوونەوە. ئەگەرچی وەک شارەگەورەکان بەشداری خۆپیشاندانەکان ناکەن بەڵام لە هەموو ئەو شاروشوینانەی نارەزایەتی سەرشەقام هەیە لاوانی کورد بەشدارن و لەم ڕێگایەش دا چەند لاوی کورد تا ئیستا گیانفیدای ریگای ئازادی بوون.

# ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ئەزموونێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران

مەسعوود ڕەواندوست

ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە لە لایەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتەکەی کودیتا لە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانەوە هەشت مانگە لەگەڵ گەورەترین تەوژمی بەربەرەکانی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران لە سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەرەوڕوویە و قەیراناوییترین ڕۆژەکانی مێژووی خۆی تێپەڕ دەکاو، لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دوای هەشت مانگ سەرکوت و گیران و ئەشکەنجە و کوژران بەرەو مەیدانێکی دیکە و دەرفەتێکی دیکە بۆ نیشاندانی بێزارییان لە ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئیسلامی دەچوون.

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان وەك هێمای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران وەبیرهێنەرەوە و زیندووکەرەوەی ئەو ورە و حەز و ئاواتە بوو کە خەڵکی بۆ هێمەتێکی دیکە و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی دیکە لە مێژوو هاندەدا و، ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی لە کابووسی تووشبوون بە چارەنووسی دیکتاتۆرەکەی پێش خۆیدا تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی بێ وێنە دەکردەوە و هەمووی ئەم ترس و نیگەرانی و هومێد و چاوەڕوانییانە وای کردبوو کە شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئێران، بە تایبەت تاران لە چەند ڕۆژ پێشترەوە بکەونە ژێر چاوەدێری و فۆکوسی ڕاگەیەنە جیهانییەکان.

بەڵام ئەوەی هەموو جیهان دیتی تا ڕادەیەك جیاوازیی هەبوو لەگەڵ چاوەڕوانییەکان. ڕێژیم کە هەروەك باسکرا ترس دایگرتبوو، تەواوی هێزی خۆی خستە گەڕ و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە چەند حەوتوو پێشترەوە ڕێك خستبوو و ئامادەی کردبوون و بە بەرنامە و ئیمکاناتێکی تایبەتەوە هێنابوونیە مەیدان و لە چەند حەوتوو پێشترەوە بە گرتن و دادگایی کردن و تەنانەت ئێعدامی ناڕازییان و هەڕەشە و گوڕەشەی بەرپرسانی نیزامی و ئینتزامی کەشو هەوایەکی تەواو پۆلیسی و تۆقێنەری لە هەموو شارەکانی ئێران زاڵ کردبوو و لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا گوپاڵ بە دەست و چەقۆکێش و بەسیج و هەموو فالانژەکانی لە شەقامەکاندا بەڕەڵڵا کردبوو بۆ ئەوەی هەر کەس بە دژی ڕێژیم دروشم بدا هێرشی بکەنە سەر و بی ئەنجن. لە ژێر ئەم کەشوهەوا ئەمنییەتییە قورسەدا مەیدانی سەرەکیی بەرەنگاربوونەی شاری تاران واتە مەیدانی ئازادییان وەك پادگانێکی گەورە لە هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیان تەنیبوو بۆ پڕکردنی ئەم گۆڕەپانە لە لایەنگرانی خۆشیان لە تاران و زۆربەی شارەکانی ئێرانەوە بە دانی چەند کیلۆ ڕۆن و برینج و بەڵێنی جۆراوجۆر دەست و پێوەندەکانی خۆیان سەلەواتییەکان هێنابوویانن. لە هەمان کاتدا هەموو هەواڵنێر و ڕۆژنامەنووسە بیانییەکانیان لە مەیدانی ئازادی کۆکردبۆوە و ئیجازەی ئامادە کردن و ناردنی هەواڵ و ڕاپۆرت لە جگە لە مەیدانی ئازادییان پێ نەدەدان. ئەوەش بەو هۆیە بوو کە هەروەك گوترا مەیدانی ئازادییان بە تەواوی تەنیبوو و دڵنیابوون کە کەس ناتوانێ لەوێ هیچ کارێك لەدژی ڕێژیم بکا و لە لایەکی دیکەوە دەیانزانی کە لە شەقام و گەڕەکانی دیکەی تاران خەڵکیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵکی ناڕازی و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا ڕوودەدا.

بەڵام لایەنی دیکەی ئەم بەربەرەکانییە، واتە خەڵکی ڕاپەڕیو کە بە دەستی بەتاڵ و بە ئیمان بە ئازادییەوە هاتبوونە شەڕی گوللە و باتۆمی بەکرێگیراوانی جەهل و نەزانی، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزی سەرکوتکەری تەیاری دڕندەی ئیجازە پێدراو بۆ هەموو جینایەتێك، نەیانتوانی ئەوجۆرەی مەبەستیان بوو داواکانیان بخەنەڕوو و بەهۆی تاکتیکی ناسەرکەوتووی بەشێك لە ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و هەروەها لەژێر سێبەری قورسی هەڕەشە و تۆقاندنەکانی ئەو دواییانەی ڕێژیمدا مەجالی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا ئەوجۆرەی پێویست بوو مەیدانەکە بەدەستەوە بگرن. بەڵام بەو حاڵەش لە چەند شاری گەورەی ئێران وەك ئیسفەهان، شیراز، ئەهواز و مەشهەد خەڵکی ناڕازی خۆپێشاندانیان کرد و لە تارانیش جگە لە مەیدانی ئازادی لە زۆربەی شەقام و گەڕەکەکان خۆپێشاندانی بەرچاو وەڕێخرا و تێکهەڵچوونی قورس لە نێوان خەڵك و بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا ڕوویدا. لەم سەرکوتانەدا محەممەد خاتەمی و مەهدی کەڕووبی کەوتنە بەر هێرشی مەئموورە لیباس شەخسییەکان و زارا ڕەهنەوەرد، هاوسەری میرحوسێن مووسەوی کەوتە بەر لێدان و کوتانی هێزە لیباس شەخسییەکان. هێڵەکانی ئینتێرنێت وەستێندرابوون و ڕێژیم هەوڵیدابوو هەموو کاناڵەکانی پێوەندی گرتن بە دەرەوە لە خەڵکی ناڕازی ببەستێ.

بە هەرحاڵ ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان تێپەڕی و ڕێژیم کە بە تەواوی هێزەوە هاتبووە مەیدان توانی ئەو خەوە ئاڵۆزە بەو جۆرەی وەلیی فەقیە مەیلی لەسەر بوو تەفسیر بکاتەوە و لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی بە حەماسەی ٥٠ میلیۆنی کە بە نیشانەی نوێکردنەوەی بەیعەت لەگەڵ ڕێبەریی نیزام بوو ناوبرد و بە خەیاڵی خۆی ئیددیعاکانی دوژمنانی نیزامی وەدرۆ خستەوە!. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە یەکیەتیی ئورووپا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ئەو سەرکوتە بێ بەزەییانەی خەڵکی ناڕازیی ئێرانی بە توندی مەحکووم کرد.

ئەگەرچی نە ئەم سەرکوتە دڕندانەیە و ئەم هێرشە بەرینەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵك سەرکەوتنی یەکجاریی دیکتاتۆریی ئاخوندییە و نە ئەم ساردی و کەمڕەنگییە ڕێژەییەی ئەم جارەی خۆپێشاندانی ناڕازییان شکست و کۆتایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانە بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵکی ئێران چ دەرسێك لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ وەردەگرێ و هەروەها ئەوەکە ڕێژیم لەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بگا کە پەیام و ئاکامی هەموو ڕاپەڕینە ئازادیخوازانەکانە.

ڕێژیم ئەگەرچی بە خیاڵی خۆی لە سەرکوتی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی خەڵك لەم بڕگەیەدا سەرکەوت و لەم سەرکەوتنە سەرمەستەو، لەوانەیە ئەگەر ڕۆژێك کەسانێك بیریان لە پاشەکشەی خامنەیی لە بەرامبەر داواکانی خەڵك دا کردبێ ئەمجارە ئەوە زۆر بەدوورتر و ئەستەم تر لە پێشوو دێتەبەرچاو، بەڵام ڕاستییە تاڵەکە بۆ ڕێژیم ئەوەیە کە داواکانی خەڵك و هەوێنی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران زۆر لەوە ڕیشەدارترن کە بە سەرکوت و کوشتن بۆ هەمیشە لەنێو بچن ئەو کارەی ڕێژیم تەنیا وەك ئەوەیە کە بە بەنداوێك بەر لە ڕەوتی ئاسایی ئاو بگرێ و پێی وابێ بەسەریدا سەرکەوتوە، غافڵ لەوەی ڕۆژێك ئەم ئاوە ئەوەندە زۆر دەبێ کە بەنداو دەشکێنێ و هەرچی لە بەردەمی بێ وێرانی دەکا. لە ڕاستیدا ئەم سەرکوتانەی ڕێژیم ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتی ڕاپەڕینەکە بخەوێنێتەوە بەڵام لە درێژخایەندا ئەو داوا لانیکەمە پەنگ خواردوانەی ئەمڕۆی خەڵك ڕادیکاڵتر دەبن و وەك لافاوێك هەرچی لەسەر ڕێیان بێ وێرانی دەکەن. ئەوە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە بەرپرسانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی لێی تێنەگەیشتوون یان خۆیانی لێ گێل دەکەن.

لە بەرامبەردا بزووتنەوەی خەڵکی ئێران و ئەو کەسانەی ئێستا وەك هێما لە سەرووی ئەم حەرەکەتەوەن پێویستە لە پەیام و دەرسەکانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بگەن و بە خۆیان و تاکتیك و تەنانەت ستراتێژییەکانی حەرەکەتەدا بچنەوە. گرنگترین دەرسی ٢٢ی ڕێبەندان ئەوەبوو کە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ پتەوتر و خۆڕاگرتر بێ و هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بمێنێتەوە پێویستیی بە پێوەندیی ئۆرگانیك لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران هەیە. ئەم حەرەکەت و خۆپێشاندانە جەماوەری و بێ بەرنامەیە ئەگەرچی لە کورت خایەندا کاریگەری هەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا بە وەبەرچاوگرتنی ئەم ڕێگە دژوارە و کەشوهەوا ئەمنیەتییەی لە بەردەم بزووتنەوەدایە، تەنیا بێ هیوایی و نائومێدی لێ دەکەوێتەوە.

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ قامکی خستە سەر لاوازییەکی بنەڕەتیی بزووتنەوەیەك کە ئێستا لە ژێر ناوی بزووتنەوەی سەوز لە گۆڕێ دایە. لاوازییەکەش ئەوەیە کە بزووتنەوەکە هێشتا نەیتوانیوە سەرنجی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەو جۆرەی پێویستە بۆلای خۆی ڕابکێشێ. سەرزەوی و نیشتمانی ئەو نەتەوانە وەك کوردستان، بەلووچستان، عەرەب، تورکمەن و هەموو کات یەکێك لە ناوەندەکانی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوون. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستا دا، ویست و داخوازەکانی خۆیان لە نێو داواکانی بزووتنەوەی سەوزدا نابینن. هەر بۆیە لە حەرەکەتە ئیعترازییەکان و ڕێپێوانەکان دا، هەماهەنگی لە نێوان ئەو نەتەوانە و بزووتنەوەی سەوزدا بەدی ناکرێ.

دەرسێکی گرنگی دیکەی ئەم ٢٢ی ڕێبەندانە ئەوە بوو کە مل کەچ بوون لە بەرامبەر گوتاری زاڵ و تاکتیکە پێشنیارکراوەکانیدا، بێ ئەوەی ئەم تاکتیکانە بکەونە بەر خوێندنەوە شیکردنەوە و پێداچوونەوە، تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی دەرفەتەکان لە کیس بچن و گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە دوا بکەوێ. سەرانی بزووتنەوە دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە پێویستە خوێندنەوەی وردتر و دروستتریان لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و لایەنی بەرامبەر هەبێ ئەگینا لەوانەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە خەڵکی ئێران قۆناغی تێپەڕین لەوانیش تاقی بکاتەوە.



> **لە بەرامبەردا بزووتنەوەی خەڵکی ئێران و ئەو کەسانەی ئێستا وەك هێما لە سەرووی ئەم حەرەکەتەوەن پێویستە لە پەیام و دەرسەکانی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بگەن و بە خۆیان و تاکتیك و تەنانەت ستراتێژییەکانی حەرەکەتەدا بچنەوە. گرنگترین دەرسی ٢٢ی ڕێبەندان ئەوەبوو کە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ پتەوتر و خۆڕاگرتر بێ و هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بمێنێتەوە پێویستیی بە پێوەندیی ئۆرگانیك لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران هەیە. ئەم حەرەکەت و خۆپێشاندانە جەماوەری و بێ بەرنامەیە ئەگەرچی لە کورت خایەندا کاریگەری هەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا بە وەبەرچاوگرتنی ئەم ڕێگە دژوارە و کەشوهەوا ئەمنیەتییەی لە بەردەم بزووتنەوەدایە، تەنیا بێ هیوایی و نائومێدی لێ دەکەوێتەوە**

د.مەحموود عوسمان:

# ئەگەر کورد لە بەغدا پێگەی بەهێز بێ، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا حیسابی زیاتری بۆ دەکرێ

دیمانە: مادێح ئەحمەدی

**ئاماژە: هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق گوڕوتینێکی تایبەتی بەخشیوە بە ململانێ سیاسییەکان لەم وڵاتەدا. ئەم هەڵبژاردنانەی بڕیارە ٢٠١٠/٣/٧ بەڕێوە بچێ و پرۆپاگەندەی قەوارە سیاسییە بەشدار بووەکان بەردەوامە. لەم هەڵبژاردنەدا چەندین لیست و قەوارەی سیاسی جیا جیا بەشدارن و لە ململانێدان لەگەڵ یەکدی بۆ ئەوەی هەرکام زیاترین کورسی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق بۆ خۆیان تەرخان بکەن. بێ گومان ئەم هەڵبژاردنانە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە دەکرێ تیشکی بخرێتە سەر و لێک بدرێتەوە. هاوکات لایەن و دەوڵەتی جۆراو جۆر چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاستی جیهاندا بە وردی چاودێری ئەم پرۆسەیە دەکەن و بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن. کورد لە عێراق بە چەند لیستی جۆراوجۆرەوە لەم هەڵبژاردنانەدا بەشدارە و سەرکەتنی لەم پرۆسەیەدا کاریگەری لە سەر قورسایی کورد لە ئاستی عێراق، ناوچەکە و جیهاندا دادەنێ. بەمەبەستی تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە چەند پرسیارمان ئاراستەی "د. مەحموود عوسمان"، کەسایەتی سیاسیی کورد و ئەندامی پارلمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بۆ ئەم خولە لە هەڵبژاردنەکانیش خۆی پاڵاوتوە، کرد.**

**کوردستان: کاک دوکتور! سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان بۆ ئەم وتووێژە تەرخان کرد. وەک یەکەم پرسیار ئەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**د.مەحموود عوسمان:** لە راستیدا هەڵبژاردن لە بنەمادا شتێکی باشە. بەو مانایە کە مرۆڤ لە رێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکا و بڕیار لەسەر داهاتووی بدا. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم هەڵبژاردنانە کەم وکوڕی هەیە. سەرژمێری نەکراوە، بە پێی "بیتاقەی خۆراک" ئەم هەڵبژاردنانە بەڕێوە دەچێ و رێژەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن بەو شێوەیە دیاری دەکرێن. ئەمە لە خۆیدا کەموکوڕیەکە. سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانە هەڵبژاردن دەرفەتێکە بۆ خەڵک و ئێمەی کورد دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین بۆ ئەوەی بە دەنگ و رەنگێکی قورسەوە بێینە گۆڕێ.

> **کورد ئەگەر لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتوو بێ، لە بەغدا پێگەی بەهێزتر دەبێ. و پێگەشی لە بەغدا بەهێز بوو، قورساییشی لە ئاست نێونەتەوەییدا دەچێتە سەرێ**

**کوردستان: هەر وەک ئاماژەتان پێدا، کورد دەبێ بە چ شێوەیەک لەم هەڵبژاردنانە کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی قورسایی لە ناوەند(بەغدا) بچێتە سەرێ؟**

**د.محمود عوسمان:** من حەزم دەکرد هەموو قەوارە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق بە یەک لیست(بە تایبەت لیستە سەرەکییەکان) بەشداریان کردبایە. لەو پێناوەشدا یەکگرتووانە بیانتوانی با کار بکەن و بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبایە، بەڵام کە ئێستا ئەوە نەبووەو چەند لیستی جیاواز بەشدارن، هیوادارم لە پارلمانی عێراقدا بتوانن بە یەکەوە هاوئاهەنگ و هاوکاری یەکتر بن و لەگەڵ یەکتری کار بکەن و هەڵوێستی وەک یەکیان هەبێ و تواناکانیان بۆ بردنە سەری قورسایی کورد لە هاوکێشەکاندا وەسەریەک بخەن و پێگەیەکی باش بۆ کورد لەوێ (بەغدا) پەیدا بکەن. بەتایبەت ئەم هاوهەڵوێستیەش لە کێشە سەرەکییەکاندا زۆر پێویستە. من پێموایە ئەو کێشە سەرەکیانە لە پارلمانی عێراقدا، ئەو لیستە و قەوارە سیاسییە جیاوازانە یەک دەخا. چونکە هەموویان پەیوەندییان بە پرسی نەتەوەییەوە هەیەو ئەوەش دەور دەبینێ.

**کوردستان: ئەو کەموکوڕیانەی کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەت پێدان، تا چەندە زەربە لەو پرۆسە دیموکراتیکە دەدا کە ئەمڕۆ وەک هەڵبژاردن لە عێراقدا لە گۆڕێدایە؟**

**د.مەحموود عوسمان:** بە راستی کارتی(بیتاقە)ی خۆراک بناغەیەکی باش نیە بۆ هەڵبژاردن. بنەماڵەمان هەیە، کەسی لێ مردووە، هەیە دوور کەوتووەتەوە. کەچی بۆ دەنگدان ناوی هەیە. لە راستیدا ئەمە جۆرێک تێکەڵ و پێکەڵیە. سەرژمێری بنەمایەکی باش بوو. پاش ئەوە قانوونی حیزبی کە نەبێ، بارودۆخی سیاسی و حیزبەکان و تواناییان و... رێک و پێک نابێ. بە باوەڕی من ئەمانە کەموکوڕی و خاڵی نێگەتیڤ دروووست دەکەن.

**کوردستان: پاش ئەم هەڵبژاردنانە، پێتوایە ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لە سەرە. مەسەلەی کەرکووک، خانەقین، ناوچەکانی دیکە، مادەی ١٤٠ و... چی لێ دێ و بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا؟**

**د. مەحموود عوسمان:** بە باوەڕی من ئەو کێشانە بەردەوام دەبن. هەیە تەئییدی دەکا، هەیە تەئییدی ناکا. ئێمە دەمانەوێ مادەی ١٤٠ جێ بەجێ بکەین، لایەنی وا هەیە نە تەنیا نایهەوێ جێ بەجێ بکرێ، بڕواشی پێی نیە. لایەنی دەرەکی هەیە دەستێوەردانی دەکا. لەبەر ئەوە دەبێ زیاتر خەباتیان بۆ بکەین بۆ ئەوە ئەو کێشانە بە قازانجی خۆمان یەکلا بکەینەوە. ئەمەش لۆبی دەرەوەی زیاتر دەوێ، هاوکاری ناوەوەی زیاتر دەوێ. بە هەر حاڵ ئیشی زۆری دەوێ و درێژخایەنە.

**کوردستان: پێتوایە ئەم هەڵبژاردنانە، ئەو هاوکێشانە بە قازانجی کورد بگۆڕێ کە کورد لە داهاتوودا بتوانێ کێشەی ئەو ناوچانە بە قازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە؟**

**د.مەحموود عوسمان:** هیوادارین کە ئەو هەڵبژاردنانە بە هێمنی بەڕێوە بچێ و خەڵکی کوردستان بەشداری چالاکانەیان هەبێ و دەنگ بدەن. لێرەوە بەشکوو بتوانین ، بلوکی کورد پێگەمان لەوەی ئێستا کە هەیە بە هێزتر بکەین و بی پارێزین، بۆ ئەوەی بتوانین قورسایی زیاترمان لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا هەبێ. ئێمە دەبێ لە هەموو رێگاکانەوە هەوڵ بدەین. هەیە وەزیرە، هەیە جێگری وەزیرە، هەیە سەرکۆمارە. ئێمە دەبێ هەموومان پێکەوە خەریک بین. لەهەموو روویەکەوە. خەباتێکی سەخت بکەین و رێک و پێکتر بین لە جاران. دەبێ هەر کام لە ئاست خۆمان کەڵک لە دەسەڵاتی خۆمان وەربگرین و وەک یەک تیم کار بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشانە بە قازانجی خۆمان بەرینە پێش.



**کوردستان: باشە لەم رووەوە دەکرێ بڵێین ئەم هەڵبژاردنانە چ کایگەرییەک لەسەر نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق دادەنێ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەری دەبێ. چونکە تا رادەیەک کراوەیە. ئەوانەی دەچن دەنگ دەدەن جگە لە لیستەکە دەتوانن دەنگ بە پاڵێوراوێکی ئەو لیستەش بدەن. بۆیە رەنگە هەندێ ناوی تازە لە پارلمان بێنە پێشەوە. رەنگە هەمە رەنگی یەکی باشتر درووست بێ. کۆمەڵێک کەسایەتی باشتر بێنە گۆڕێ. هێزی مەزهەبی و دینی دەسەڵاتیان کەمتر دەبێ، چونکە بە راستی وەکوو پێویست نەیان توانیوە بیسەلمێنن کە دەتوانن خزمەت بکەن. ئەمانەش هەموو وەزعی عێراق دەگۆڕن. رەنگە زۆری نەگۆڕێ، بەڵام باشتری دەکا لەوەی پێشوو.

**کوردستان: وڵاتانی دراوسێ پێتوایە چ رۆڵێک لەم بابەتەوە ببینن. بەتایبەت ئێران ئێستا هەوڵدەدا کە شیعەکان قورساییان زیاتر بێ. سوریا و تورکیاش بە شێوەیەکی تر کار بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکەن. هەرکام بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان خوێندنەوە بۆ ئەم هەڵبژاردنانە دەکەن و کارتەکانی خۆیان بە کار دێنن. پێتوایە ئەمانە بە چ ئاراستەیەکدا بتوانن کاریگەری دابنێن و بڕۆنە پێش؟**

**د.مەحموود عوسمان:** بە باوەڕی من وڵاتانی دراوسێ دەستێوەردانی کاروباری عێراق دەکەن. ئێران بە تایبەتی زۆر دەستێوەردان دەکا. بێ گومان ململانێی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا کاریگەری هەیە. لەم ململانییەدا وڵاتانی دیکەش هەیە کە دەیانهەوێ دەستێوەردان بکەن. وڵاتێك هەیە پشتیوانی بلوکێک یان لایەنێك دەکا، وڵاتێکی دیکە پشتیوانی لە لایەنێکی دیکە دەکا. ئێران دەیهەوێ لە ئاکامی ئەم هەڵبژارنەدا، پارلمانێك پێك بێ کە لەگەڵیدا دۆست بێ. حکوومەتێك پێك بێ کە دۆستایەتی بکا. بە پێچەوانەش ئەمریکا دیهەوێ پارلمان و حکوومەتێك پێك بێ کە زۆر لە ئێران دوور بێ. ئەمریکا و ئێران رەنگە زیاتر لەهەموو وڵاتان هەوڵ بدەن دەوریان لە عێراقدا هەبێ. وڵاتانی دیکەش هەوڵ دەدەن. دەوڵەتانی عەرەبی هەوڵ دەدەن عەرەبە سوننەکان بەهێز بن و پشتگیریان دەکەن. ئەم دەستێوەردانانەش بێ گومان کاریگەری دەبێ لە سەر هەڵبژاردنەکان.

**کوردستان: ئاماژەتان بە ململانێی نیوان ئەمریکاو ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا کرد. پێتوایە ئێران لەم نێوەدا بتوانێ بە مەبەستەکانی خۆی بگا. یا لە ئاکامدا کامیان سەرکەوتوو دەبن؟**

**د.مەحموود عوسمان:** پێموایە ئێران دەوری دەبێ. چون ئەمریکا بەرەو رۆیشتن دەڕوا لە عێراق. کە کشایەوە دەوری کەمتری دەبێ. رەنگە ئێران سوود لەمە وەربگرێ کە دەوری ئەوان کەمتر دەبێ، دەوری خۆی زیاتر بکا. سەرەڕای ئەمەش ئەمریکا تەنانەت کە بکشێتەوە دەوری خۆی دەبێ. هەندێ پەیوەندی و رێککەوتنی هەیە لەگەڵ عێراقدا، لە رووی سیاسییەوە پەیوەندیان هەبێ و ئەمەش دەوری خۆی دەبینێ.

**کوردستان: لەم روانگەوە، واتە بە پێی ئەم خوێندنەوەی جەنابتان بۆ "دەوری ئێران لە عێراقدا" دەکرێ بڵێین لە داهاتوودا پێگەی شیعەکان لە عێراقدا بەهێزتر دەبێ لە ئێستا؟**

**د.مەحموود عوسمان:** پێموانییە وای لێ بێ. چونکە شیعەکان پێشتر یەك لیست بوون ئێستا بوونەتە چەند لیست. کێشەو ناکۆکییشیان هەیە لەنێوان خۆیاندا. رێکیش نین لەسەر ئەوەی کێ سەرۆك وەزیران بێ و ناکۆکیان هەیە. بەو بۆنەوە رەنگە پێگەیان وەك جاران بەهێز نەبێ. ئەگەر هەڵبژاردنەکە سەربەست بێ، رەنگە ئەو هێزەی جارانیان نەبێ.

**کوردستان: وەك دوا پرسیار، پێتوایە ئەم هەڵبژاردنانە لە ئاستێکی گشتی دا چ کاریگەریەکی دەبێ لەسەر پێگەی عێراق لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا و بە شێوەیەکی تایبەت چ کاریگەرییەك لەسەر پێگەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا دادەنێ؟**

**د.مەحموود عوسمان:** ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە بە رێك و پێکی بەڕێوەبچێ. سەربەست بێ و دەستێوەردانی تێدا نەکرێ و کێشەی تێ نەکەوێ، ریزی عێراق لە ئاستی نێونەتەوەییدا جیا دەکاتەوە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، کۆمپانیاکان و وڵاتان کە دەبینن عێراق وڵاتێکی سەقامگیرە، زیاتر رووی تێ دەکەن و یارمەتی دەدەن. ئەم هەڵبژاردنانە چەندە سەرکەوتووتر بێ، بارودۆخی عێراق لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا باشتر دەکا. بەو مەرجەی پاش هەڵبژاردن زوو رێککەوتنێك لە نێوان لایەنەکاندا دروست بێ و حکوومەت پێك بێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە نیسبەت کوردەوە، کورد ئەگەر لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتوو بێ، لە بەغدا پێگەی بەهێزتر دەبێ. و پێگەشی لە بەغدا بەهێز بوو، قورساییشی لە ئاست نێونەتەوەییدا دەچێتە سەرێ. دەبێ ئەوە بۆ کورد گرنگ بێ کە پێگەی لە بەغدا بەهێز بێ، ئەگەر پێگەی بەهێز بێ لە بەغدا کۆمەڵگای نێونەتەوەییش حیسابی زیاتری بۆ دەکا.

> **وڵاتانی دراوسێ دەستێوەردانی کاروباری عێراق دەکەن. ئێران بە تایبەتی زۆر دەستێوەردان دەکا. بێ گومان ململانێی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا کاریگەری هەیە. لەم ململانییەدا وڵاتانی دیکەش هەن کە دەیانهەوێ دەستێوەردان بکەن. وڵاتێك هەیە پشتیوانی بلوکێك یان لایەنێك دەکا، وڵاتێکی دیکە پشتیوانی لە لایەنێکی دیکە دەکا**

# هەڵوێستەیەك لە سەر ٢٢ی ڕێبەندان‌و دواهات‌و ئەزموونەكانی

زرێبار

لە دوای كۆتاییهاتنی بەناو هەڵبژاردنەكانی سەركۆماری، ناڕەزایەتیەكان لە ناو داودەزگاكانی كۆماری ئیسلامیەوە گوازرانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری بەرینی خەڵك لەگەڵ حكوومەت‌و ئەم بزووتنەوە بەرینگیرە لە ژێر ناوی بزووتنەوەی سەوزدا ڕێك خرا. لەو كاتەوە هەتا ئێستا كۆماری ئیسلامی، كە بۆنە حكوومی‌و ئایینیەكانی كردبووە بۆنەگەلێك بۆ نیشاندانی هێزو هەیمەنەی خۆی بە ئازادیخوازان، بە گۆڕانی كاركردی بۆنەكان تووشی قەیرانێكی گەورە بووە، واتە چیتر ئەم بۆنانە ببوونە دەرفەتگەلێك بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵك بە سەرانی كۆماری ئیسلامی. لە ماوەی ئەم چەند مانگەی پاش بەناو هەڵبژاردنەكاندا كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بینەری ئەم ناڕەزایەتیانەی خەڵكی ئێران بووە.

٢٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی پاشایەتی، یەكێكی دیكە لەو بۆنانە بوو كە چاوەڕوان دەكرا خەڵك بۆ جارێكی دیكە بە دژی ڕەوایەتیی دەسەڵاتداران بێنە سەر شەقام‌و ناڕەزایەتیەكی بەرین بخەنەڕێ. بەڵام بە كۆمەڵێك هۆكار لەم ڕۆژەدا ئەو شتەی كە ڕووی دا لە ئاستی چاوەڕوانكراودا نەبووو، دەوڵەتی كودیتا بە كەڵكوەرگرتن لە كۆی ئەو كەرەستەو پێداویستیە بەرینە حكوومەتیەی كە لە بەردەستیدایە، سیاسەتی كۆنترۆڵی خۆی بە شێوەیەك دارشت كە خەڵكی ناڕازی لە تاران‌و شارە گەورەكانی دیكەی ئێران نەتوانن لە شوێنێكی دیاریكراودا یەك بگرن. هەر بۆیە ئەو حەشیمەتەی كە هاتبوونە شەقامەكان، لەگەڵ ئەوەی كە شتێكی لە ڕۆژانی ڕابردوو كەمتر نەبووو لە چەند شوێنیشدا پێكدادانی خەڵك‌و هێزە ئینتیزامیەكان هاتە گۆڕێ، بەڵام ئەو كاراییەی نەبوو كە چاوەڕوان دەكرا. دیارە خوێندنەوەی نادروست‌و هەڵەی بەشێك لە ڕێبەرانی فكریی ئەم بزووتنەوەیەش باندۆری لە سەر یەك نەگرتنی خەڵك لە شوێنێكی دیاریكراودا هەبوو، ئەویش هەڵبژاردنی هەمان ئەو شەقامانە بوو كە بەكرێگیراوانی دەوڵەت پێیدا دەڕۆیشتن‌و بەم شێوە خەڵك‌و ساندیسخۆران تێكەڵ دەبوون‌و لە دۆخێكدا كە خەڵك دروشمە ڕاستەقینەكانی خۆیان بهێنایەتە ئارا، ئەگەری دروستبوونی شەڕ دەچووە سەرێ، كە بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی كە ئەم بزووتنەوە هەر لە سەرەتاوە ژێستی ئاشتیخوازانەبوونی بە خۆیەوە گرتووە، بە زەرەر دەشكایەوە. لە لایەكەوە كودیتاچیان ئیزنیان بە خەڵك نەدا كە بێنە شوێنە سەرەكیەكان‌و بە تایبەتی مەیدانی ئازادی‌و، لە لایەكی دیكەشەوە ئەو خەڵكەی كە توانیان بە هەر شێوەیەك كە بووە خۆیان بگەیەننە ئەو شوێنانە، نەیانتوانی بەو جۆرەی كە دەبێ دروشمەكانی خۆیان بێننە گۆڕێ‌و، كۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەك خۆی لەم هەڕەشەیە بۆ سەر ڕەوایەتیی خۆی دەرباز كرد. ئەمانە سەرەڕای ئەو ڕێژە بەرچاوەی كە لە شوێنەكانی دیكەی ئێرانەوە گوازرابوونەوە بۆ تاران بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا ڕێژەی بەناو لایەنگرانی دەوڵەت كەمتر لە ساڵانی ڕابردوو نەبێت.

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دەیتوانی یەكێك لە دەرفەتە لەبارەكان بێت كە لەودا كۆماری ئیسلامی بكێشرێتە ناو ململانێیەكی ئێجگار قووڵەوەو، زۆر زیاتر لەوەی كە هەیە لاواز بكرێت، چ لە ناوخۆداو چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا. كۆمەڵێك لە ڕێبەرانی فكریی بزووتنەوەی سەوز دەبوا ئەم ڕۆژەیان بەم شێوە بینیبا، نەك وەك دەرفەتێك بۆ وەشاندنی گورزی كۆتایی. بە بوونی ئەو ڕێژە لە هێزی سەربازی (كە چ لە جلوبەرگی سەربازی‌و چ لە جلوبەرگی ئاساییدا لە ناو خەڵكدا ڕێك خرابوون)و ئەو ڕێژە لە خەڵكی خەرفاوو بەكرێگیراو كە لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی ئێرانەوە هێنرابوون‌و پێشبینیش دەكرا كە بهێنرێن، بیركردنەوە لە تێكدانی وتاربێژیەكەی ئەحمەدینەژاد بە كارێكی لەكردن نەهاتوو دەهاتە بەرچاو. ئەوەی بۆ خەڵكی ئێران گرنگە ئەوەیە كە نابێ هیچ دەرفەتێك لەدەست بدەن‌و دەبێ جموجوڵەكان بە پێی واقعیەتەكان دابڕێژرێن‌و قۆناخ بە قۆناخ بچنە پێشەوە. پێم وا نیە ئەو بیركردنەوە پۆست مۆدێرنیستیەی كە پێی وایە كردارو بزووتنە نابەوەختەكان كاریگەریی لەناكاوو لەڕادەبەدەر دادەنێن، لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتكردن‌و ئەویش سیاسەتكردن لە ئێراندا، بەم شێوە، وەڕاست بگەڕێت. لە وڵاتانێكی وەك ئێراندا ئەگەر بمانەوێت ڕاپەڕینە كۆمەڵایەتیەكان وەڵامی كۆتایی بدەنەوە، دەبێ لە ماوەی چەند ساڵدا ئامادەكاری بۆ بكرێت. دروستە ئەم ناڕەزایەتیانەی ئەمڕۆكە هاتۆتە سەر شەقام بنەوانەكەی لە ساڵانێكی دووری دەسەڵاتداریی كۆماری ئیسلامیدایە، بەڵام هەتاكوو ئێستا، جگە لە كوردستان، لە شوێنەكانی دیكەی ئێراندا بەم چەشنە بە شێوەیەكی ڕێكخراو نەهاتۆتە ئاستی كۆمەڵگەو لە ناو داودەزگاكانی كۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە. كەواتە پێویستی بە كاركردن، چالاكی‌و پلاندارێژیەكی درێژماوە هەیە. بە هەر حاڵ، پێم وایە ئەمە خۆی بوو بە ئەزموونێكی پراكسیسی بۆ هەڵگرانی ئەم بیرۆكەیە. دەبێ ڕێبەرانی ڕیفۆرمخوازیش لە بیر نەكەن كە ژیانی سیاسیی ئەوان بەم بزووتنەوەیەوە بەستراوەتەوەو بچووكترین پاشەكشە كۆتایی بە ژیانی سیاسیان دێنێت. ئەوان ڕێگایەكیان هەڵبژاردوە كە داخوازە ڕاستەقینەكانی خەڵكی ئێران ڕەنگی تێدا داوەتەوەو لەم ڕاستایەشدا دەبێ ئامادەی قوربانیدانی زیاتر بن. كاتێك نزیكترین خزمەكانی مووسەوی دەدرێنە بەر هێرشی گوللەو هەڕەشەی دەسدرێژیی سێكسی لە كوڕی كەڕوبی دەكرێت‌و ئەو ڕێژە بەرچاوەی كەسایەتیە ڕیفۆرمخوازەكان دەخرێنە بەندیخانە، چیتر ئەقڵ حوكم دەكات كە ڕیفۆرم‌و بەرژەوەندیەكانی ئەوان لە چوارچێوەی كۆماری ئیسلامیی هەنووكەییدا خۆی نابینێتەوە. ئەوان هاوكات دەبێ ئەم خاڵەشیان لە بەرچاو بێت كە بە تەنیا خۆیان‌و بێ هاوكاریی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات قەت توانایی پێكهێنانی گۆڕانێكی ئەوتۆیان نیە، كە لەم ناوەدا نەتەوە بندەستەكانی ئێران‌و بە تایبەتی كورد خاوەن بەبڕشتترین ئۆپۆزیسیۆنن لە ناو خەڵكی خۆیاندا. بەربژێرانی ڕیفۆرمخواز بۆ پۆستی سەركۆماری‌و بە تایبەتی مێهدی كەڕوبی بە لێڕوانینێكی باشەوە سەبارەت بە نەتەوەكانی ئێران هاتنە مەیدان، بەڵام لە دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەكان باسێكی ئەوتۆیان لەو ستەمە نەكردوە كە لە نەتەوەكان دەچێت. ئەمە لە كاتێكدایە كە نەتەوەكان دەتوانن گەورەترین پشتیوانی بزووتنەوەی سەوز بن. پارازیت خستنە سەر ئەو كاناڵە كوردیانەی كە سیاسەتی ڕاگەیاندنی خۆیان لە ڕاستای گەیاندنی ویستی خەڵكی ئێراندا دارشتوەو، هەوڵدانێكی ترسنۆكانە بۆ پێشگرتن لە گەیشتنی دەنگ‌و ڕەنگیان بە كۆمەڵگەی كوردستان‌و ئێران، خۆی هێمایەكی گەورەیە لە باندۆرو كاریگەریی تێلڤیزیۆنە كوردیەكان لە سەر كۆمەڵگەی ئێران بە گشتی‌و كوردستان بە تایبەتی. ئەگەر ڕێبەرە جیاوازەكانی ئەم بزووتنەوەو ڕیفۆرمخوازان دەیانەوێت بزووتنەوەكەیان پەلوپۆ بهاوێژێت‌و هەموو ئێران، بە شاری گەورەو چووكەوە بگرێتەوە، پێویستە هەرچی زیاتر لەو غەدرو ستەمە بدوێن كە لە نەتەوە بندەستەكان دەچێت، كە ئەگەر وەها ستراتیژێكیان نەبێت‌و لە بیری پەرەپێدانی بزووتنەوەكەدا نەبن، مانەوە لە چوارچێوەی شارە گەورەكاندا ئەم بزووتنەوە ڕووەو نشێوی تێپەڕاندنی ڕەوتێكی ماندووكەر (فرسایشی) گلێر دەكاتەوە. حەشیمەتێكی گەورەی خەڵكی ئێران لە شارە بچووكەكان‌و گوندەكاندا دەژین‌و لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا دەركەوت كە ئەگەر لە بیری گەیاندنی دەنگی خۆیان بەم شوێنانەی ئێران نەبن، ئەوە حەشیمەتێكی بەرچاو لە خەڵكیان لەدەست داوە. لە ناو ناوچە جۆراوجۆرەكانی وڵاتدا تەنیا خەڵكی كوردستان بوون كە هیچ چەشنە بەشداریەكیان لە ڕێوڕەسمی پشتیوانیكردن لە دەوڵەتی كودیتادا



نەكرد، ئەگینا ئەمساڵ لە ساڵڕۆژی سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بە دژی ڕژیمی پاشایەتی، تاران بینەری ئامادەیی خەڵكێك بوو كە لە ناوچەكانی دیكەی ئێرانەوە بۆ ڕێپێوان هێنرابوون.

لەم ناوەدا كورد لە ئێراندا دۆخێكی تایبەتی هەیە، بزووتنەوەی كوردستان بزووتنەوەیەكی سەربەخۆیەو دەبێ بە سەر هێڵێكدا بڕوات كە لە هەموو كاتێكدا هەم سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت‌و، هەمیش واز لە سیاسەتی دوورەپەرێزی‌و خەمساردبوون سەبارەت بە ڕووداوەكانی ناوچەكانی دیكەی ئێران بێنێت، كە ئەزموون نیشانی داوە ئەم لێڕوانینە ناتوانێت بەرژەوەندیەكانی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دابین بكات.

دوای لەسێدارەدانی چەند كەس لە خۆپیشاندەرانی ڕۆژی عاشوورا، زۆرینەی حیزبەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش لە سەر ئەوە ساق بوونەوە كە لە كوردستانیش جموجوڵێك بكرێت. لەگەڵ ئەوەی كە حیزبەكان زۆر درەنگ لە سەر ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵكی كوردستان ڕێك كەوتن. تەنیا چەند ڕۆژ تا ئەم بۆنەیە مابوو، دەبوا زووتر ڕێك كەوتبان‌و زووتر خەڵكی لێ ئاگادار كرابا‌و كارێكی زۆرتری بۆ كرابا‌و باسێكی زیاتر لە سەر شێوازی ناڕەزایەتیەكە كرابا، بەڵام بەو حاڵەش خەڵك لە هەموو شوێنێك خۆشحاڵیی خۆیان لە یەكگرتنی دوو حیزبی سەرەكیی دێمۆكرات‌و كۆمەڵەو هەروەها پارتی ئازادی‌و سازمانی خەبات دەردەبڕی‌و، لە ناو خۆیاندا كۆمەڵێك ئامادەكاریان بۆ ئەوە كرد كە لەو ڕۆژەدا خەڵكی كوردستانیش بێنە سەر شەقامەكان. بەڵام بە ڕای من، ئەو خاڵەی كە لە كوردستاندا دەبێ بۆ هەموو ناڕەزایەتیەك لە پلەی سەرەوەی گرنگیدا بێت، دۆخی هەستیارو تایبەتیی كوردستانە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی ئێران. لەم ڕۆژەدا كە ڕژیم ئاگاداری ئەم یەكگرتنەی حیزبەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوو، بۆشگای شارەكانی بە تەواوەتی ئەمنیەتی كردبۆوەو هەر سێ ئۆرگانی سەربازیی ڕژیم، هێزی ئینتیزامی، سپاو تەنانەت ئەرتەش، لە ئامادەباشیی تەواودا بوون بۆ سەركوتی تەواومانای هەر چەشنە ناڕەزایەتیەك. واتە هەر چەند نەهاتە ئاستی جێبەجێكردن، بەڵام ڕژیم دووپاتی كردەوە كە تەنیا زمانێك كە لە بەرامبەر خەڵكی ئاشتیخوازی كوردستاندا هەیەتی، زمانی سەركوت‌و توندوتیژیە. شارەكانی كوردستان كە لەم ڕۆژەدا لە دوای تاران، وەك پێتەختی وڵات، لە پلەی دووەمی گرنگیدا بوون‌و ڕژیم زۆر دەترسا لەوەی كە ڕقی خەڵكی كوردستان بكێشرێتە سەر شەقامەكان، هەروەك تاران بۆ ئەم شارانەش چەند ئۆتوبوس بەسیجیان بەڕێ كردبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕێژە بەكرێگیراوانەی كە ڕژیم لەم شارانە هەیەتی‌و بە زۆری خەڵكی ناوچەكانی دیكەن، لە بەرامبەر هەر چەشنە ناڕەزایەتیەكی شیمانەیی خەڵكدا هەم ڕۆڵی بەرگێڕەوە بگێڕن‌و هەمیش چاوی كامێراكانی ڕاگەیەنەكانی كۆماری ئیسلامی پڕ بكەنەوە. لەم ڕاستایەدا لە چەند ڕۆژ پێش ٢٢ی ڕێبەندانەوە هێندێك ئۆرگانی وەكوو بەسیج بەردەوام بە تێلێفۆن هەموو ئەو كەسانەیان ئاگادار دەكردەوە كە بە جۆرێك سەر بەوان‌و پارە لە ڕژیم وەردەگرن، كە دەبێ سەداسەد لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەنداندا بەشداری بكەن، بەڵام تەنانەت بەشی هەرەزۆری سپاییەكانیش، لە بەر هاوهەڵوێستبوونی حیزبە كوردیەكان، وەڵامی ئەم داوایەی ڕژیمیان نەدایەوەو جگە لە بەكرێگیراوە ناخۆییەكان (ئەوانەی لە شوێنەكانی دیكەی ئێرانەوە هێنراون)و كۆمەڵێك مندالە مەدرەسەیی بەزۆر هێنراو، كەسێكی دیكە لەم ڕێپێوانەدا بەشداری نەكرد. پێم وایە، بە ڕەچاوكردنی ئەو هەست‌و بۆچوونەی لە ناو خەڵكی كوردستاندا دەبینرێت‌و بەشداری نەكردنیان لەم ڕێپێوانەدا، ئەگەر حیزبەكان لە سەر مەسەلەكانی پەیوەندیدار بە كورد ڕێك بكەون‌و یەكگرتووانە هەڵوێست بگرن، نەك تەنیا خەڵك ئامادەیی ئەوەیان تێدایە كە لە دەرفەتە جۆراوجۆرەكاندا بێنە مەیدان، بەڵكو گۆپاڵبەدەستەكانی ڕژیمیش بەو ئاكامە دەگەن كە لە كورت ماوەدا فەرمانەكان جێبەجێ نەكەن‌و لە درێژماوەشدا تەنانەت بەشێكی زۆریان واز لە كردارە دژەخەڵكیانەكانیان بێنن‌و بێنە ڕیزی خەڵكەوە. پارازیت خستنەسەر كوردكاناڵ‌و ئاسۆساتیش هێمایەكی جێی متمانەی دیكە لە ترسی گەورەی كۆماری ئیسلامیە لە یەكگرتنی حیزبە كوردیەكان‌و كاردانەوەی ئەرێنی‌و باندۆری ئەم یەكگرتووییە لە كۆمەڵگەی كوردستانداو، دەبێ بە هەوڵێكی ترسنۆكانەی دیكەی كۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵكی كوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا بزانرێت.

بە گشتی ئەگەرچی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ئەو كاراییەی نەبوو كە چاوەڕوان دەكرا، بەڵام كۆمەڵێك پرسی بۆ بزووتنەوەی سەوزو هەروەها مەسەلەیەكی گرنگیشی بۆ بزووتنەوەی كوردستان ڕوون كردەوە. بۆ بزووتنەوەی سەوزو ڕێبەرانی فكریی ئەم بزووتنەوە ڕوون بۆوە كە چیتر خۆپیشاندان‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بۆنە دەوڵەتی‌و ئایینیەكاندا بەسە. ئەمە قۆناخێك بوو كە پێدەچێت پێویستە بە سەریدا تێپەڕن‌و ئەم بزووتنەوە پێ بنێتە قۆناخێكی نوێ لە چالاكی، كە لەم قۆناخەدا پێویستیان بە گرنگیدان‌و ڕاكێشانی هەرچی زیاتری سەرنجی كەمینە نەتەوەییەكانی ئێران هەیە. دەبێ لە هەر كات‌و ڕۆژێكدا كە هەلومەرجی لەبار بڕەخسێت، خەڵك بێنە شەقامەكان‌و شەپۆلی بەرینی خۆیان بە دنیای دەرەوەو سەرانی ڕژیم پیشان بدەنەوە. پێشم وایە تا زووتر ئەم كارە بكرێت كاردانەوەیەكی باشتری دەبێت. دەوڵەتێك كە ئەو كەرەستەو پێداویستیە گەورەیەی بۆ كۆنترۆڵ‌و سەركوت لە بەردەستدایە، توانایی ئەوەی هەیە كە پاش ئەزموونكردنی چەند بۆنە، سیاسەتی كۆنترۆڵی خۆی بە سەر بۆنەكاندا بسەپێنێت. كەواتە دەبێ ڕێكاری دیكە بدۆزرێتەوە بۆ بەربەرەكانێ لەگەڵیدا. لەم ڕاستایەدا ئەو وتەیەی كەڕوبی بە شتێكی باش دەزانم كە لە هەڤپەیڤینێكدا باس لەوە دەكات كە بە زووترین كات من (كەڕوبی)و موسەوی كۆدەبینەوەو داوای مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان دەكەین‌و ئەگەر مۆڵەتمان پێ نەدەن بیر لە ڕێگای دیكە دەكەینەوە.

لەم ڕۆژەدا خاڵێكی بنەمایی هەرچی زیاتر بۆ بزووتنەوەی كوردستان دەركەوت، ئەویش ئەمەیە كە تاكانە ڕێگای شوێندانانی گشتی‌و بەرینگیر لە سەر كۆمەڵگەی كوردستان، یەكگرتوویی حیزبەكانەو بەس. ئەمڕۆكە تەنیا شتێك كە خەڵك لە حیزبەكانی دەوێت، یەكگرتوویی‌و هاوپەیوەندیی نێوانیانە. بێگومان هەر حیزبێك بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لەم ویستەی خەڵك بشارێتەوە، تەنیا دەسكەوتی دەبێتە ڕیزش لە بیروڕای گشتیدا، هەروەك هەتاكوو ئێستاش ئەم ڕیزشە تەنانەت لە ناو ئەندامانی خۆشیاندا كەم نەبووە. لە سەردەمێكدا كە كورد پێویستی بە یەكگرتویی هەیە بۆ ئەوەی لە هاوكێشەكاندا حسێبێكی زیاتری بۆ بكرێتەوە، درێژەدان بە خۆگەورەبینی‌و پێداگرتن لە سەر كێشەكانی لەتبوونەكان لە بەرژەوەندیی كورددا نیەو خەڵك لەمڕۆدا بەرژەوەندیەكانی خۆیان دەناسنەوە. هاوهەڵوێستیی چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی كوردستان كارێكی پیرۆزەو، بە دڵنیاییەوە بە پاراستنی یەكیەتیی نێوانیان تواناییەكی گەورەیان دەبێت بۆ ڕێخستنی هەر چەشنە جموجۆڵێكی خەڵكی لە هەموو شارەكانی كوردستان.

لەم ناوەدا كورد لە ئێراندا دۆخێكی تایبەتی هەیە، بزووتنەوەی كوردستان بزووتنەوەیەكی سەربەخۆیەو دەبێ بە سەر هێڵێكدا بڕوات كە لە هەموو كاتێكدا هەم سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت‌و، هەمیش واز لە سیاسەتی دوورەپەرێزی‌و خەمساردبوون سەبارەت بە ڕووداوەكانی ناوچەكانی دیكەی ئێران بێنێت، كە ئەزموون نیشانی داوە ئەم لێڕوانینە ناتوانێت بەرژەوەندیەكانی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دابین بكات

# کێشەی ئەتۆمیی ئێران، مەترسی یان هەڕوگیفێکی سیاسی

عەلی بداغی

نیزیك بە ٨ساڵە کێشەی ئێران و دنیای ڕۆژئاوا لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئەو ولاتە تەوەری سەرەکیی‌کۆمەڵە هاوکێشەیەکی سیاسیی دیکەیە کە کۆماری ئیسلامی لە پێکناکۆکیی بەرژەوندیی ولاتانی زلهێزدا توانیویەتی بە قازانجی خۆی بیان قۆزێتەوەو، وابکا درێژە بە بەرنامە ناوکی‌یەکانی بدا.

کۆماری ئیسلامی لە سونگەی لاساری و سەرەڕۆیی‌یەکانی خۆی لە درێژە پێدان بە پیتاندنی ئۆرانیوم تا ئیستا سێ جار و لە سێ بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا کۆمەڵە گەمارۆ و تەحریمێکی وەك سزا خراوەتەسەر، بەڵام هیچ کام زنجیرە سزایانە کۆڵیان بە ئێران نەداوە، هۆکاری ئەوەش بۆ کۆك نەبوون و نەبوونی ئیرادەیەکی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سزایانە لەسەر ئێران دەگەڕێتەوە کە تەنانەت لە لایەن ئەو ولاتانەش کە بۆ خۆیان بەشیان بە سەپاندنی سزاکانەوە بووە، لەبەرچاو نەگیراوە. ئیستاش دوای ئەوەی کە ئێران ڕایگەیاندوە کە هەوڵەکانی خۆی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی سەروو ٢٠٪ دەست پێ کردوە و دوابەدوای ئەوەی ئەحمەدی‌نژاد لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان‌دا ڕایگەیاند کە یە کەم مەحموولەی ئەو سووتەمەنییەی بۆ کاری لێکۆڵینەوەیی رادەستی زانایانی ئێران کردوە، جارێکی دیکە خەریکە گەرای کۆدەنگییەکی دیکەی کۆمەڵگەی جیهانی دژی ئێران بگوورێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئاخۆ ئەو کۆدەنگییە لە دواجاردا سەپاندنی زنجیرە سزایەکی نوێی ئابووری وسیاسیی دیکە دژی ئێران لێ دەکەوێتەوە یانا، یان ئەوەی کە ئەو سزایانە بەشی وزەی ئێران دەگرێتەوە یانا، کە ئەو بەشەیان فارس گوتەنی" پاشنە ئاشیلی" کۆماری ئیسلامییە، یان ئەوەی کە ئاخۆ ئەمجارەیان ئیرادەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بە جێبەجێ کردنی ئەو سزایانە دژی ئێران ڕێك دەکەوێ یا نا، لەجێ‌دا هێنانەبەر باسی دوو پرسیاری گرینگ و دیاریکەری ئاراستەکانە: ئەوەی کە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و بە گشتی مەوقعییەتی ئێران لە هاوکێشە سیاسیی‌یەکان‌دا چۆنە و لە بەرژەوەندی کام لادا دەشکێتەوە؟ ئەوەش کە تۆ بڵێی سەرکێشی و مەترسیی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەوەندە بەرهەست و دیار بێ کە بتوانێ کۆدەنگییەکی جیهانی بۆ بەرەورووبوونەوە دژی ئێران وەڕێبخا، یان بە واتایەکی دیکە ئەو قسانەی لە زاری گەورە بەرپرسانی ئێران دێتە دەرێ، هەمووی هەڕوگیف و، بلۆفی سیاسی‌یە؟

سەبارەت بە مەوقعییەتی ئێران بۆ چوونەکان جیاوازن. کۆمەڵێك لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد پێگەیەکی لاوازی هەیە و هەموو بادانەوە و هەڕوگیفەکانی ناوبراو سەبارەت بە پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو لە ٢٠٪ بۆ ئەوەیە لە دانوستانەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بە قورسایی‌یەکی زیاترەوە هەنگاو بێنێتە پێشی.

پەرەسەندنی جووڵانەوەی سەوز لە ئێران ئەو هیوایەی خستبوە نێو دڵی زۆر لە دیپلۆماتەکان کە ئەگەری جێگۆڕکێی دەسەڵات لە ئێران‌دا، ئەوانەی جێی بەرپرسانی ئێستای ئێران دەگرنەو، ئینتمایەکی زیاتریان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ئەو کێشەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبێ، بەڵام شانۆی هێز نواندنی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان‌دا دووڕەدیمەنی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن بزووتنەوەی سەوزەوە، ئەگەر بۆماوەیەکیش بێ، ڕەواندەوە. ئیستا سەرکەوتن و زاڵبوونی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد لە سەرکوت وپاشەکشە پێ‌کردن بە جووڵانەوەی سەوز لەوانەیە بەشێك لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوای هێنابێتە سەرئەو باوڕە کە واباشە جارێکی دیکەش لەگەڵ کاربەدەستانی ئێستای حکوومەت پێك بێنەوە. ئەگەرچی لەوەش دڵنیان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ حاڵەتێك‌دا چ ڕێزو بایەخێك بۆڕێککەوتن وپڕەنسیپە نێونەتەوەیی‌کان دانانێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو مەترسییە هەیە کە هەر چەشنە سازان و ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێران پێگەی ئەحمەدی‌نژاد و دەوڵەتی کودیتاکەی لە نێوخۆی ئێران‌دا بەهێزتر بکا.



بەڵام لە تەنیشت ئەوانە ئەو بۆچوونەش هەیە کە ڕۆژئاوا دەبێ خۆی لەگەڵ ئێران یەکلا بکاتەوە.٧ساڵ وتووێژ وسیاسەتی نەرمی نواندن و چاوسوورکردن تەنیا بەهێزتربوون و یاغیگەریی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. لەم بارەوە بەشێك لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئیدی کاتی بڕیاردان و یەکلا بوونەوەیان تەحریمی ئابووری قورس تا لە ژێر سێبەری سزاگەلێکی لەو چەشنەدا دیپلۆماسی بتوانێ کاربکا دەسکەوتی هەبێ، یان ئەوەی کە بە هەڵبژاردنی بەربژێری نیزامی و چەکداری کێشە و بابەتی مەترسییەکانی ئێران لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. لەونێوەدا هێشتا ئەو گریمانەیەش یەکلا بۆتەوە کە هەر بەراست ئێران مەترسیەکی گەورە لەسەر ئەمنیەتی جیهانییە؟ بۆچوونی زۆر لە کارناسان و دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی‌دا کە ئەحمەدی‌نژاد فڕ وێژی دەکا و ئێران نەك لەتوانای دا نیە بۆمبی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێ، بەڵکوو ژێرساختە ئابوورییەکەشی ئیزنی ئەوەی پێ نادا جارێ بەو زووانە هەنگاوێکی ئەوتۆ لەو پێناوەدا هەڵگرێ، وای کردوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماهییەت و پێکهاتەی خۆی‌دا وەك مەترسییەك و هەڕەشەیەك چاوی لێ نەکرێ. ئەوەش وادەکا کە کایەو گەمەی سیاسیی ئێران و ڕۆژئاوا جارێ هەروا درێژەی هەبێ.

# لە بارەی پێوەندیی ئێران‌و چین دا

مستەفا مەعرووفی

ئەگەر چاوێك بە پێوەندیی ئێران‌و چین دا بخشێنین، لە پێوەندیی دۆستانەی نێوان دوو ولات بەولاوەترە. ئەو شێوە پێوەندی‌یە لە کۆنەوە، چ لەسەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و رووسیەی کۆمۆنیستی‌و چ لە رووسیەی لیبراڵیی ئەمڕۆ دا لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە ڕەچاو کراوە. کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکان دا نەك هەر ڕەخنە لە هیچ کردەوەیەکی چینی کۆمۆنیستی ناگرێ بەڵکوو وەك هاوپەیمانێك، بە چاك‌و بە خراپ لەگەڵ چین هاودەنگ‌و هاو هەڵوێستە.

هەردوو ولات لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی‌و شەپۆلێکی دێموکراسیخوازی لە نێوخۆدا بەرەرو روون. لە هەردووکیان دا بە سەرکوت و گرتن وەڵامی ناڕەزایەتیی نێوخۆ دەدرێتەوە. داخستنی ڕۆژنامە ڕەخنەگرەکان‌و گرتنی نووسەرانی جیابیر لەلایەن هەردوو حکوومەتەوە بەڕێوە دەچێ. ڕێژیمی هەردوو ولات سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام لەلایەن کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی لایەنگری مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێن. لە هەردووکیان دا ڕێژەی ئیعدام زۆرە. جیاوازی‌یەکەیان لەوە دایە کە چین بە حەشیمەتێکی نزیکەی یەك میلیاردونیوی‌یەوە بە چەند کەس ژمارەی ئیعدامکراوانی لە ئێرانی ٧٠ میلیۆنی زیاترە. هەروەها جیاوازی-یەکی دیکە ئەوەیە کە سەرکوتی نارازی‌یان لە ئێران دا توندو تیژترە. ئیسلامی دەنێ. لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان دا کاتێك باس لە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکرێ ،ئەو دوو ڕێژیمە دەنگ لە دژی مەحکوومکرانی یەکتر دەدەن. بەتایبەتی چین وەك ولاتێکی گەورەو بەهێز بۆتە چەتری پاراستنی ئێران‌و پێش بە

> **ئەگەر تەنانەت ڕێژیمێکی کۆمۆنیستی لە ئێران دا لەسەر کار بووایە، وەك زۆر لە ولاتانی کۆمۆنیستی‌و سۆسیالیستی ڕەنگ بوو ڕێگەی خۆی گرتبایە پێش‌و لەبەر پاراستنی سەربەخۆیی‌و بەژەوەندی‌یەکانی خۆی ئەوەندەی ئیمتیاز بە چین‌و ولاتانی کۆمۆنیستی نەدابووایە. بەڵام سیاسەتی غەڵەت، ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکیی ئیسلامی‌و مەزهەبیی خستۆتە بەرەی ڕێژیمە کۆمۆنیستە ئیلحادی‌یەکانەوە**

مەحکوومکران‌و سزادرانی دەگرێ.

چین لە باری سەنعەتی‌و تێکنۆلۆژی‌یەوە لە ئێران پێشکەوتووترە. لانی کەمی خێری ئەم پێشکەوتنە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ، چین ئامرازو کەرەسەی نوێ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی‌و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی ، وەك ئەنواعی باتووم‌و کەرسەی بەرقی‌و دەزگای کۆنترۆڵ‌و تەعقیبی خەڵك، لە بەردەستی کۆماری ئیسلامی دادەنێ.

ئێران جگە لەوەی کە لە باری ئاڵوێری بازرگانی بەهۆی هەبوونی نەوت‌و گازێکی زۆر سوودێکی زۆری بۆ چین هەیە، بۆتە بازارێکی بەرمێنیش بۆ کاڵاو شتومەکی چینی.

پێوەندیی چین‌و ئێران هەر بەوەندە خاڵە هاوبەشە سیاسی‌و ئابووری‌یانە نابڕێتەوە. مەسەلەیەکی دیکە ئەم دوو ولاتە لەدەوری یەك کۆ دەکاتەوە، بریتی-یە لە رقەبەرایەتیی کۆن‌و لەمێژینەی چینی کۆمۆنیست لەگەڵ ڕۆژئاواو کینەو نەفرەتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژئاوا کە کۆماری ئیسلامی وەك تاقە حکوومەتی ئیسلامی لە جیهان دا ڕێبەرایەتیی دەکا، ئەم دوو ولاتەو ولاتانی چەپ‌و سوننەتیی وەك کۆرەی باکوورو کووباو رووسیەی پێشتر کۆمۆنیستیی خستۆتە بەرەیەکەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لەم بارەیەوە رادیکاڵترە ، لە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم ولاتانە دا تەنانەت ئامادەیە دەست لە بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یە گەورەکانیشی هەڵبگرێ. ئێران هەر ئێستا لە ناوچەی دەریای خەزەر دا کە لە کانگای ژێر زەوی دا یەکجار دەوڵەمەندە خەریکە بەشی زۆری خۆی لەدەست دەدا. هەروەك لە رابردوو دا کە یارمەتیی بێ بەرامبەری پێشکێشی سووریە دەکرد، ئێستا ئەو یارمەتی‌یە پێشکێشی ڤێنێزۆئێلاو کووبا دەکا، لە حاڵێك دا ئاستی ژیانی خەڵکی ئەو ولاتانە ئەگەر لە ئی ئێران باشتر نەبێ، خراپتر نیە.

ئەگەر تەنانەت ڕێژیمێکی کۆمۆنیستی لە ئێران دا لەسەر کار بووایە، وەك زۆر لە ولاتانی کۆمۆنیستی‌و سۆسیالیستی ڕەنگ بوو ڕێگەی خۆی گرتبایە پێش‌و لەبەر پاراستنی سەربەخۆیی‌و بەژەوەندی‌یەکانی خۆی ئەوەندەی ئیمتیاز بە چین‌و ولاتانی کۆمۆنیستی نەدابووایە. بەڵام سیاسەتی غەڵەت، ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکیی ئیسلامی‌و مەزهەبیی خستۆتە بەرەی ڕێژیمە کۆمۆنیستە ئیلحادی‌یەکانەوە!

لە هەلومەرجی ئەمڕۆ دا چین جێگەی ئەمریکای بەر لە شۆرشی ١٣٥٧ ی گرتۆتەوە. ئەوکات کە خەڵکی ئێران خوازیاری نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی بوون، ئەمریکا بە هەموو توانایەوە لە پشت ئەو ڕێژیمە بوو. بۆیە کاتێك شۆرش سەرکەوت، لە روانگەی خەڵکی ئێرانەوە ئەمریکا گەورەترین دوژمنی ئێران بوو. تەنانەت یەك هێزیش نەبوو کە بتوانێ باس لە پێوەندی‌یەکی ئاسایی نێوان ئێران‌و ئەمریکا بکا. ئێستا خەڵکی ئێران، چین‌و رووسیە بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی دەزانن. ئەم دوو ولاتە بە تایبەتی چین نەك هەر جارێك سەرکوت‌و کوشتاری خەڵکی نارازی‌یان لە ئێران دا مەحکووم نەکرد، بەڵکوو بە جۆرێك لە پشت کۆماری ئیسلامی راوەستاون‌و وەك گوترا تەنانەت چین کەرەسەی سەرکوتی خەڵك بۆ کۆماری ئیسلامی دەنێری. لەوەش سەیرتر ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکوومەتی چین لەم دوایی‌یانە دا هاتنە سەرشەقامەکانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی بە پیلانی ئەمریکا ناوبرد.

ئەو شێوە پێوەندی‌و تێڕوانینەی چین بۆ رووداوەکانی ئێران بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران دروشمی " مەرگ بۆ چین "و " مەرگ بۆ رووسیە " بدەن. لەم خۆپێشاندانانەی ئەمساڵ دا کاتێك بلندگۆی حکوومەت دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا"و "مەرگ بۆ ئیسرائیل " یان بەرز دەکردەوە، خەڵکەکە دروشمی " مەرگ بۆ رووسیە"و مەرگ بۆ چین"یان دەگوتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە شکستێکە بۆ سیاسەت‌و ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە دروشمی " خەبات لە دژی فەرهەنگی ڕۆژئاوا"ی بەرز کردۆتەوە، هەڕەشە لە پێوەندی-یەکی ئاسایی‌و دۆستانەی خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەو ولاتانە لە داهاتوودا دەکا. ئەزموونی زۆر لە ولاتان‌و خودی ئێران ئەوە دەسەلمێنن پشتیوانیی دەوڵەتانی بەهێز لە ڕێژیمێك ناتوانێ تاسەر ئەو ڕێژیمە بپارێزێ‌و پێگەی لە نێوخۆ دا بەهێز بکا. هەروەك پشتیوانیی ئەمریکا ڕێژیمی پاشایەتیی لە ئێران دا نەپاراست، پشتیوانیی چین‌و رووسیەش لە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ تا سەر ئەو ڕێژیمە بپارێزێ.

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ نەخشی ژنان لە بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێراندا

کوێستان فتووحی

**دیموکراسی کاتێک وەدی دێ کە مرۆڤەکان پلەبەندی نەکرێن، مرۆڤەکان مافی وەک یەکیان هەبێ و مافیان پارێزراو بێ. ئەمەش خواستی هاوبەشی هەموو چین و توێژەکانی نێو بزووتنەوەی سەراسەرییە لە ئێراندا.**

بەشداریی بەرچاو و بەربڵاوی ژنان لە ریزی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێراندا لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، لە لایەن زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە سەرنجێکی تایبەتی دراوەتێ. هەر چەند ئەمە یەکەمجار نیە کە ژنانی ئێران لە شۆرش و نارەزایەتییەکاندا بەشداری کارا و بەرچاویان دەبێ. ساڵی ١٣٥٧یش ژنان کە لە ئاست چارەنووسی ولاتەکەیاندا بێتەفاوەت نەبوون و لە شەقامەکاندا دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازییان بەرز کردەوە. بەڵام ئەگەر بێین حوزووری ئەمجارەی ژنان لەگەڵ ساڵی ١٣٥٧ بەرورد بکەین، دەبێ بڵێین بە نیسبەت ئەو دەورانەوە جیاوازییەکی گەورەی هەیە.

سیمای لەخوێندا شەڵاڵی کچە خوێندکاری ٢٦ ساڵە بە ناوی ندا ئاقا سولتان، لە نارەزایەتییەکاندا و لێدران و گیرانی کچان و ژنان بە جلوبەرگی خوێناوییەوە بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکان و دەیان دیمەن و وێنەی بەربەرەکانی و کەوتنە بەر قامچی و باتۆمی ئەو هێزانە بۆ دیفاع لە رۆڵە خەباتکارەکانیان، بوونەتە نمادی خۆراگریی ژنانی ئێران و کەس ناتوانێ حاشا لە بوونی نەخشی کاریگەری ژنان لەو بزووتنەوە جەماوەرییەی خەڵکی ئێران دا بکا.



ئەگەر باس لە ئیرادەی ژنان دەکرێ، یان باس لە خواستەکانی ژنان لە کۆمەڵکەدا دەکرێ و ئاگایی یەکسانیخوازی تا رادەیەک لە کۆمەڵگەیەدا هەیە، نیشانەی بوونی بزووتنەوەیەکی کارای ژنانە کە لە مێژە بەتایبەت لە ماوەی دوا دەیەی دەسەڵاتدارەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامی لە سەحنەی سیاسی ئێراندا خۆی نیشان داوە.

بە دڵنیاییەوە دوای بە ئاکام گەیشتنی خواستەکانی ئەو بزووتنەوەیە و هاتنە سەرکاری هەر دەسەڵاتێکی دیکە، ژنان جارێکی دیکە مل بە قانوونێك نادەن کە ئەوان وەك مرۆڤی پلە دوو سەیر بکەن. ژنان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حاشا لە مافەکانیان نەکرێ، ئەمجارە بە ئاگایی و ئەزموونێکی زۆرترەوە لە نارەزایەتییە سەراسەرییەکان دا بەشدارن. ئاگایی و وشیاری تەنیا چەکی دەستی ژنانە کە فریوی ئەوە نەخۆن کە مەسەلەکانی ژنان جارێ ئەولەویەتیان نیە. دیارە بزووتنەی سەراسەریی ئێرانیش لە گەڵ شۆرشی ١٣٥٧ زۆر جیاوازی هەیە. شۆرشی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا تەنیا خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە رێژیمی شا بڕووخێنێ وبیر لە داهاتوویەکی روون نەکردبۆوە، بەڵام بزووتنەوەی وەك بزووتنەوەیەکی مەدەنیی و لە سەر بناغەی دیموکراسی و پاراستنی مافی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵدێنێتەوە. دەزانێ چی دەوێ و چی ناوێ. بەڵام ئەگەر ژنان بزووتنەوەی خۆیان هەیە، خواست و ئامانجی خۆیان هەیە، ئەوە بەو مانایە نیە کە خۆیان جیا بکەنەوە لە بزووتنەوەیەك کە ئەوە خواستەکانی بێ.

ژنان ئەزموونی ٣٠ ساڵ خەبات و بەربەرەکانی لە گەڵ ناعەداڵەتییەکان، لەگەڵ قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکانیان هەیە. هەموو چاوەدێرانی سیاسی، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و خودی رێژیمی کۆماری ئیسلامیش ئەوە دەزانن کە ئیعترازاتی ژنانی ئێران تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆك کۆماری. ئەو رۆژانەی ژنانی ئێران قسەیان لە ئاڵوگۆڕ لە قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکاندا دەکرد، کەسانێکی وەك مووسەوی و کەرووبی و زۆر لە لایەنگرەکانی ئێستاشیان لە ئاست مافە پێشێلکراوەکانی ژنانی ئێراندا چاویان داخستبوو . ژنانی ئێران چەندین ساڵە بە تاوانی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی دەخرێنە زیندانەکان و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. ئێستاش بە کۆمەڵێك ئەزموونی بەنرخەوە لە نارەزایەتییەکانی دژی رێژیمدا شان بەشانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بەشدارن و لەم خەباتەدا جەماوەرییەدا کاریگەریی زۆریان هەیە. هەر بۆ نموونە یەکێك لە کاریگەرترین حەرەکەتەکانی ئەم دواییانە، حەرەکەتی دایکانی عەزادارە. ئەوان پاش کوژران و دەستبەسەر کرانی رۆڵەکانیان بێدەنگ دانەنیشتوون و پرسەو عەزادارییەکەشیان بۆ ریسوایی زیاتری ئەو رێژیمەیە. زۆر ئارام و سیاسییانە بە دنیا دەڵێن کە رۆڵەکانیان لەسەر چی لە زیندان دان یان کوژراون. ئەمە ئەزموونی خەباتی بزووتنەوەی ژنانە هەر رۆژە بە شێوەیەك لە مەیدانەکاندا خۆی دەردەخا.

ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران ئەمڕۆ شانازی بە نەخشی ژنان لە خەباتی دیموکراسیخوازی دا دەکا، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی ئەو تێکۆشانە بەردەوام و بێوچانەیە کە ژنان لە ساڵەکانی رابردوودا لە خۆیان نیشانیان داوە. ئەوان سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و بەربەستانەی لە لایەن ئەو رێژیمە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەوە خراوەتە سەر رێیان، گوتارێکی یەکسانیخوازییان هێناوەتە نێو کۆمەڵگەوە. ئێستا ئیدی مەسەلەکانی ژنان بۆتە باسی گشتیی نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران. بۆیە هیچ حکوومەت و دەسەڵاتێك لە داهاتووی ئێراندا ناتوانێ خواستە بەرحەقەکانی ژنان لە ئێراندا لەبەرچاو نەگرێ.

## بە گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە" دیاردەی فرەژنی لەئێراندا قانوونی دەکرێ

کومیسیۆنی حوقووقی و قەزایی مەجلیسی رێژیمی ئیسلامیی ئێران رای گەیاند جارێکی دیکە ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە" دەخرێتەوە بەر دەمی مەجلیس بۆ تاوتوێ کردن و پەسند کردن.. ئەوە لە حاڵێك دایە ساڵێك لەمەوبەر بە هۆی نارەزایەتیی ژنان و لایەنگرانی سڕینەوەی فرەژنی لە ئێراندا لە دەستووری کاری مەجلیس هاتەدەر و لاچوونی ماددەی ٢٣ لەو گەڵاڵەیەدا راگەیەندرا. کەچی لەم رۆژانەدا دیسان باسکردن لە گەڵاڵەکە هاتۆتەوە گۆڕێ و قەرارە بخرێتەوە بەردەمی مەجلیس و بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ. ئەو گەڵاڵەیە لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ بە پێشنیاری دەسەڵاتی قەزایی لە کۆبوونەوەیەکی هەئیەتی دەوڵەتی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد دا پەسند کراو ناردرایە مەجلیس. ئەو گەڵاڵەیە بەشێکی زۆر لە ماددەکانی کەوتەبەر رەخنەی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژنانی یەکسانیخوازی ئێران. بە تایبەتی ماددەی ٢٣یان بە ماددەیەکی پڕ لە زیان و مەترسی بۆ بنەماڵە دانا.

ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی بەناو پشتیوانی لە بنەماڵە رێگە بۆ پیاوان خۆش دەکا کە بتوانن زیاتر لە هاوسەرێکیان هەبێ. دیارە گەڵاڵەکە جگە لە ماددەی ٢٣ زۆر خاڵ و ماددەی دیکەی تێدایە کە بە ئاشکرا مافەکانی ژنی پێشێل کردوە، بۆنموونە لە مەسەلەی تەلاق، سەرپەرستیی منداڵ و .... بەڵام خاڵی ٢٣ کە رێگە دەدا بە چەند هاوسەری، گەورەترین زیانە لە بنەماڵە و لەگەڵ ژیانی مۆدێرنی ئەمرۆیی زۆر ناتەبایە. کە باس لە بنەماڵە دەکرێ، بنەماڵە پێك هاتووە لە دایك و باوك (ژن و پیاو) و منداڵ. ئەو قانوونە گەورەترین زەربەیە لە قەوارەی بنەماڵە دەدرێ. چونکە بەرەسمی رێگە بە پیاو دەدا کە جگە لە هاوسەرێك، پێوەندی بە ژنێکی دیکەشەوە هەبێ. خانمی شەهلا ئەعزازی کۆمەڵناس دەڵێ لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی دا بەم کارە دەڵێن خیانەت لە ژیانی هاوسەرێتی. ئەم قانوونە بە رەسمی رێگەی بە پیاو دەدا خیانەت لە ژیانی هاوسەرێتی بکا.

دەسەڵاتی قەزایی ئێران بۆ داپۆشینی روخساری دزێوی ماددەی ٢٣ ی گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە" هاتوون کۆمەڵێك مەرجیان داناوە کە بە قەولی خۆیان بۆ پیاوان هەروا ئاسان نەبێ زیاتر لە هاوسەرێکیان هەبێ! یەکێك لە مەرجەکان توانایی ئابوورییە هەروەها پیاوەکە دەبێ پەیمان بدا دادپەروەری لە نێوان هاوسەرەکانیدا رەعایەت بکا جا دەتوانێ زیاتر لە هاوسەرێکی هەبێ. بەڕاستی ئەمە گاڵتەجاڕی نیە بە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەمڕۆ؟ دەبێ لەو قانووندانەرانە پرسیار بکرێ ئەرێ بەڕاستی کێ زەمانەتی ئەوە دەکا کە ئەو پیاوە لەگەڵ هاوسەرەکانی دادپەروەری رەچاو بکا؟ چ چاوەڕوانییەك لە پیاوێك هەیە کە بە غەریزە بیر دەکاتەوە، دادپەروەرییش رەعایەت بکا؟! خودی قانوونەکە نادادپەروەرانەیە، کردەوەیەك کە نایەکسانی دروست بکا، توندوتیژی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە، ئەمەش هەرگیز لەگەڵ دادپەروەریدا ناگونجێ. فرە ژنی هەر لە بنەڕەت ڕا پێشێل کردنی دادپەروەرییە، کەواتە ئەم دادپەروەرییە چۆن پێك دێ؟ دادپەروەری یانی چی؟




## ڕۆژنە

# خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بە زمانی ئامار

عەلی بداغی

لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی را تاکوو ئێستا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەروونناس و کۆمەڵناس و بەرپرسە ئیدارییە دەروەستەکان لە ئێران بەردەوام سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان وەبیر بەرپرسان و دامودەزگا حکوومییەکانی پێوەندیدار هێناوەتەوەو ئەوانیان لە تەقینەوەی ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو دیاردانە وریا کردۆتەوە.

بەڵام ئەگەر لە لایەک کێشەو بابەتە سیاسی‌یەکان بە قورسایی زیاترەوە، سێبەریان خستۆتە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەم سۆنگەیەوە دیاردەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام پشتگوێ خراون، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی ئامارێکی وردو گشتگیر کە لە لایەن خودی بەرپرسان و بنیاتە حکوومییەکانەوە پشتڕاست کرابێتەوە بەردەوام ئەو گومانەی دروست کردوە کە لەوانەیە جۆرێك گەورەکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان لەو واقعانە کرابێ تا بەمجۆرە رەخنەو گازندەیەکی زیاتر ئاراستەی بەرپرسە دەوڵەتییەکان کرابێ و کفایەت و جۆری بەڕێوەبەریی ولات لە لایەن ئەوانەوە خرابێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئامارێك لە زمانی بەرپرسانی پایەبەرزی ئیدارات و دەزگاکانی رێژیم بڵاو بوونەوە کە هەموو ئیددیعا و ئامارەکانی رۆژنامەنووسان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان پشتڕاست دەکەنەوە.

بڵاڤۆکی "مێهری نوێ" سەر بە رێکخراوی بێهزیستی ئێران لە ژمارە ٥ی خۆیدا کۆمەڵە ئامارو زانیارییەکی جێی سەرنجی بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی کە تەمەنی تووشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەو ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانەکانیشدا پەرەدەستێنێ، ئەوەی کە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئێراندا مادەی هۆشبەر بەکار دێنن، ئەوەی کە لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیادو بێکارییەوە ئاماری تەڵاق ٣٠٪ لە چاو ساڵی رابردوو زیادی کردوە. هەر بە پێی ئەو راپۆرتە تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٦ ساڵ دابەزیوەو ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئەو ژنانە نەخوێندەوار نین و خاوەن مێردو منداڵن.

زانیارییەکانی ئەو راپۆرتە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئێران حەوتەمین ولات لە ئاستی دنیادایە کە زۆرترین کەرەسەی ئارایشی و خۆجوانکردنی بۆ دێ و لە رووی بەکار هێنانی مەوادی ئارایشییەوە دوای عەرەبستان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە پلەی دووهەم دایە. ئەگەر لە ولاتانی گەشەسەندوودا ژنانی سەروو ٤٠ ساڵ روو لە ئارایش دەکەن، بەڵام لە ئێراندا گرووپی تەمەنیی خوار ٢٤ ساڵ گەورەترین گرووپی بەکار هێنانی مەوادی ئارایشین کە هۆکاری ئەوە نەك بۆ جوانی ناسی، بەڵکوو بۆ دەروونناسیی ئەوان دەگەڕێتەوە.

بە پێی راپۆرتی سازمانی میللی لاوانی پارێزگای تاران لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەوساڵدا ئاماری زەماوەند ٦٪ لە چاو ساڵی رابردوو دابەزیوەو لە بەرامبەردا ئاماری تەلاق ٢١٪ زیادی کردوە.

مورتەزا بەختیاری وەزیری دادگوستەریی ئێرانیش رایگەیاندوە کە لە ماوەی ١٠ مانگی رابردووی ئەوساڵدا ٥ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی و کەیفەری لە دادگاکاندا کراونەتەوە. وەزیری دادگوستەریی ئێران ئاشکرای کردوە کە لەوساڵدا ٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار پەروەندەی کەیفەری، ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی ولاتدا کاریان لە سەر کراوە و زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار پەروەندەش لە "شووراکانی حەلی ئیختلاف"دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ.

عەلیرەزا جەمشیدی وتەبێژی پێشووی دەزگای قەزایی ئاشکرای کردوە کە بارستایی پەروەندە قەزاییەکانی ئێران زیاتر لە ولاتی چین بە ١ میلیاردو ٣٠٠ میلیۆن حەشیمەتە.

ساڵی رابردووش قوربانعەلی دورِی نەجەف ئابادی، دادستانی پێشووی ولات رایگەیاندبوو کە لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. ناوبراو گوتبووی کە لە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر.

هەموو ئەوانە لە ئێرانێکدا روو دەدەن کە سەرکۆمارەکەی ئیدیعا دەکا ولاتەکەی ئازادترین ولات، خەڵکەکەی بەختەوەرترین خەڵکی دنیاو دەسەڵاتەکەی و دەوڵەتەکەی دێموکراتیك ترین نیزامی دنیایەو ولاتانی دیکەشی راسپاردوە کە تیتۆڵێك لە ئێران دادرن و رایگەیاندوە کە ئامادەن مودیرییەت و بەڕێوەبەریی دنیاش بگرنە دەست.

# کوردایەتی و نیشتمانپەرستی، کاکڵەو مەبەستی سەرەکیی خزمەتە جۆراوجۆرەکانی مامۆستا هەژاری نەمر

## (بە بۆنەی ١٩ ساڵەی کۆچی دوایی هەژاری موکریانی)

قادر وریا

**"من دڵداری کوردستانم و لەوەتا بیردەکەمەوە، بە تین و تاوی ئەو ئەوینەوە ئەسووتێم"هەژار(١)**

هەژاری موکریانی موڵکی هەموو کورد بوو، دانیشتووانی هەموو بەشەکانی کوردستان، خەباتی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی نیشتمانە ژێر دەستەکەی، هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی و، فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی کورد بە گشتی، جێگای رێزو بایەخ پێدانی ئەو مامۆستایە پایە بەرزە بوون . ئەو، کوردی بە یەك نەتەوەو کوردستانی بە وڵاتی ئەو نەتەوەیەو، خۆشی بە خزمەتکاری تێکڕای نەتەوەکەی و بە عاشقی سەوداسەری ئازادیی هەموو کوردستان دەزانی.

کە دەڕوانینە خەرمانی دەوڵەمەندی بەرهەم و خزمەتەکانی، ئەو بیرە نەتەوایەتییە لەهەموو کارەکانیدا وەك گەوهەرێکی شەوچرا لە دوورەوە دەدرەوشێتەوە. هەر بۆیە من بیری نەتەوەیی مامۆستا هەژارم وەك ئیلهام و هاندەری ئەو خەباتگێڕە زانایە بۆ تەمەنێك خزمەت بە کورد و کوردستان، کردووە بە هەوێنی ئەم باسە و لەم ٢٩ ساڵەی کۆچی دوای ئەم بلیمەتە دا دەیخەمە بەر چاوی ئۆگرانی هەژاری موکریانی .

### گەڵاڵە بوونی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی لە لای مامۆستا هەژار

پێکهاتنی ئەوینی نەتەوە پەرستی و رەگ داکوتانی ئەو ئەوینە لە هەست و مێشك و دەروونی هەژار دا، لە خوت و خۆڕایی و بە رێکەوت نەبووە. ئەو، لەلایەکەوە لەبەر دەستی بابێکدا کە جەوهەری دەسەڵاتدارانی ئێرانی و تورکی بە چاوی خۆی دیون، گەورە بووە:"**بابم لە تورکیە مەلا سەعیدی بەدیعوززەمانی دیبوو، زۆر بە مەمبارەکی دەزانی، کە بیستبوویەوە لەلایەن سوڵتانی رۆمەوە کوژراوە، جگە لە ناخۆشەویستی عەجەم، جنێوی بە تورکی عوسمانییش دەدا و بە کافری دەژماردن. دەربارەی کورد ئازاد بوون و لە دەست دوژمنی کافر رزگار بوون، لای هێندیك لە میوان و هامشۆکەرانی باسی دەکرد. چەند لاوێکی سابڵاغی حەزیان لە قسەکانی دەکرد و زۆر جار دەهاتنە لای کە گوێی لێبگرن"(٢).**

لە راستیدا، هەژار زۆر خووخدەو بایەخی بەرزو پیرۆز و یەك لەوان"نیشتمان دۆستی " لە"حاجی مەلا مەحەمەدی بۆر" ی باوکییەوە فێر بووە. هەر بۆیەش کاتێك پاش نزیکەی دوو دەیە دەربەدەری و دووری لە موکریان و زێدەکەی لەسەر شاباڵی پەیکی خەیاڵ و لە تاریکیی ئەنگوستە چاودا"بەرەو موکریان" گەشتێکی خێرا دەکا و لە" خانەقای شەرەفکەندی" لە پەنا گۆڕی دایك و بابی وچانێك دەدا، روو دەکاتە بابی و پێی دەڵێ:

**باوە نیازت بوو وەکو تۆ وابم**

**لە جیهان دوورە پەرێز، بۆ خوابم**

**پێت وتووم چەندی لە تۆم پرسیوە**

**نیشتمان دۆست بە خودات ناسیوە**

**هەرچی فرمێسکی هەژاران بسڕێ**

**بۆ دواڕۆژی بەهەشتی ئەکڕێ**

هۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی کورد و کوردستان ببنە رووگەی ئەبەدیی مامۆستا هەژار و، خۆشەویستییان هەتا مردن لە دڵدا هەڵبگرێ، رووداوەکانی رۆژانەی ژیانی ژێرچەپۆکەیی گەلە هەژارەکەی بوو:"**ئەو دەمانەی کە لە تەرەغە دەژیاین، بە دەست ئەمنییە و مەئمووری دەوڵەتەوە ژیانمان جەهەندەم بوو، رۆژ نەبوو دەستەیەکمان لێ پەیدا نەبن و تەشقەڵەیەکمان پێ نەکەن و بەرتیلمان لێ نەستێنن. جلکی کوردی، تووتن و پەڕی ناو قوتوو، کەم خزمەتیی خۆیان و ئەسپیان بە گوناهی گەورە دەژمێران، هیچ نەبا فیشەکیان دەخستە ماڵان و دەیانگوت چەکت هەیە. ئێمە کەهەموو فەقیر بووین و بەرتیلمان بۆ هەڵنەدەسووڕا، تەواو لە پەرو پۆ ببووینەوە. لەبەرچاوی من ئەوەندەیان بە قامچی لە فەقیرێك دا کە وەزگی داو دوای دوو رۆژ مرد. گوناهی هەر ئەوە بوو کە زۆر زوو جڵەوی ئەسپی ئەمنییەی نەگرتووە......"(٣).**

### چەکی شێعر بۆ خزمەتی کوردایەتی

هەژاریش وەك زۆر منداڵە کوردی سەردەمی خۆی کە دەرەتانی خوێندنیان هەبوو، هەر لە منداڵییەوە بووە بە ئۆگری خوێندنەوە و لەبەرکردنی شێعرو تەنانەت شێعری هۆندۆتەوە. بۆخۆی لەو بارەوە دەڵێ:"**نازانم گەلانی تر چۆنن، بەڵام هەر بەچکە کوردێکی دوو پیت و لەتێکی خوێند، تووشی گرانەتای شاعیر بوون دەبێ و لای وایە ئەگەر شێعر نەڵێ هیچ کارە نییە. دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی دەرسیان خوێندووە سەتی نەوەتی خەریکی شێعر دانانن. منیش هەر زۆر زوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووم. ملم نابوو لە شیعر یان باشتر وایە بڵێم "مێعر" هۆنینەوە"(٤).**

بابی هەژار کە چارەنووسی شاعیرانی وەك حەریق و مەلا مارفی کۆکەیی دیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ خۆی دەیتوانی شیعر بڵێ و خاوەنی تەبعی مەوزوون بوو، زۆری رق لە شاعیری هەڵدەستاو لای وابوو هەر کەس لە کوردەواریدا ببێتە شاعیر، خوا نان و دۆی دەبڕێ. هەر بۆیە پێی خۆش نەبوو هەژار ببێتە شاعیر.

رەنگە بەشێکی لەبەرئەوە بووبێ کە هەژار بەرەبەرە وازی لە هۆنینەوەی شێعر هێناوە. بەڵام کاتێك روو دەکاتە جموجۆڵی سیاسی و، کوردایەتی دەکا بە رێبازی ژیانی، دەبینێ کە شێعری کوردی دەتوانێ چەکێکی کاریگەر بێ لەوریا کردنەوەی خەڵك و گەشانەوەی هەست و بیری نەتەوەییدا، سەر لە نوێ و ئەمجارە بە تین و گوڕو نیازێکی دیکەوە، با دەداتەوە سەر شێعرو شاعیری:

**"بەڵام لە دواییدا کە ببوومە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف و دیتم کۆمەڵە بە ئاواتەوەیە شاعیری هەبێ و هێندێك شێعری پەسندکراویانم دیت و لام وابوو منیش هەر چۆنێك بێت، دەتوانم وەك ئەوانە بهۆنمەوە، لە خۆشەویستی کۆمەڵە بام دایەوە سەر شیعر گوتن و بوومەوە بە شاعیری ناچاری و لەوساوە نازناوی شاعیرم بەسەر دا سەپا."(٥).**

**راپەڕێ کۆمەڵی ژێ ـ کاف کردی**

**چەپەڵی دیلیی لە داوێن شردی**

پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێ ــ کاف و ئەندامەتیی هەژار لەو کۆمەڵەیەدا، لەو رووداوانەن کە مەسیری ژیانی ئەو مرۆڤەیان بۆ هەمیشە ساخ کردەوە. هەژار، بیستەمین ئەندامی کۆمەڵە بووە. بە دامەزرانی ژێ ــ کاف و بەرین بوونەوەی چوارچێوەی تێکۆشان و پەرەگرتنی نفووز و خۆشەویستیی ئەو رێکخراوەیە، هەژار جگە لەوەی تروسکەی هۆمێدی لە شەوە زەنگی ژیانی گەلەکەیدا بەدی کرد و وەك پەپوولە لە دەوری ئەو رووناکییە هاڵا، دەرەتانی ئەوەی بۆ پێك هات کە هەموو توانای خۆی بخاتە خزمەت بەرەوپێش بردنی ئامانجە پیرۆز و لە مێژینەکانی نەتەوەکەی کە ئێستا لە دروشمەکانی کۆمەڵەدا رەنگیان دەدایەوە. قەسیدەی"عەقڵ و بەخت" و شیعری جۆراوجۆری ئەو سەردەمەی هەژار، بە دەستنووس و زاربەزار و یا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری"نیشتمان" لەم دێیەوە بۆ دێیەکی دیکە، لەم ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی دیکەو، لە شارێکی کوردستانەوە بۆ شارێکی دی، حوجرە بە حوجرە، دیوەخان بە دیوەخان و ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، نووستویان لە خەو رادەپەڕاند، بانگی کوردایەتییان بڵاو دەکردەوە، خەڵکیان بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ژێ ـ کاف، بۆ پاڵ وێکدان و یەکیەتی، بۆ هاتنە مەیدان و رامالینی تەمی ستەمی سەدان ساڵە بانگەواز دەکرد.

بەڵام ئەرکی هەژار لەو سەردەمەدا هەر شیعر گوتن و شاعیری نییە، ئەو بە زۆر شێوەی دیکەش بەشداریی بەرەو پێش بردنی ئەو ریسالەتە دەکا کە کۆمەڵە کەوتۆتە سەرشانی. هەژار یەکێك لەو سێ کەسە بووە کە بە نوێنەرایەتی لەلایەن ژێکافەوە چوون بۆ دیتنی نوێنەرانی حیزبی هیوا و، پەیمانە مێژووییەکەی سێ سنووریان مۆر کردوە.

هەژار لەو رۆژەوە کە چارەنووسی خۆی لەگەڵ چارەنووسی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ئازادیدا گرێ دا، تا ئەو رۆژەی گڵەبانی چاوانی کرا، پێغەمبەری راپەرین و بەرخۆدان و کۆڵنەدان بوو. دڵی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەیدا لێی دەدا، شێعری هەژار، چەکی بەرەنگاریی پێشمەرگەی کورد و سروودی سەر زاری تێکۆشەرانی کوردستانە. تەمی ناهومێدی دەڕوێنێتەوە و لە پشت تەبەق تەبەق هەوری رەشدا، دواڕۆژی رووناك بە لاوانی کورد نیشان دەدەن. شێعر و نووسینی هەژار نموونەیەکی یەکجار گەش، گشتگیر لە ئەدەبی بەرەنگاریی گەلی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دان. هەژار هەقی خۆی بوو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدی نەمر، سەرکۆماری کوردستانەوە نازناوی شاعیری میللی پێدرابوو، چونکە هیچ کەس وەك ئەو لەو سەردەمە دا بە شێعر تەعبیری لە هەڵوێست و ئیرادەی میللیی گەلەکەی نەکردوە.

هەژار، نەك هەر لە کوردستان، لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە، بە شێعر نوێنەرایەتیی ویست و چاوەڕوانییەکانی گەلە بندەستەکەی و خەباتە رەواو پیرۆزەکەی خەڵکی کوردستانی کردوە. ئەو کاتێك لە ئاواتی هەژارێکی وەك خۆی، باڵندەیەکی ئێسك سووك وەك" پەیتێك" دروست دەکا و لە بیری ورد و خەیاڵی بەرزی خۆی، جووتێ شاباڵی لێ دەنێ و دەینێرێتە لای دۆستەکانی لە شاری لنینگراد، لێی دەخوازێ:

**بێژە بە هەر سێ یاران — باکۆڵ نەدەن چ جاران**

**خەڵکی سۆڤیەت بدوێنن — با کۆمەڵێك پێك بێنن**

**بۆ یاریدەدانی کورد — گشتی لە ناو بەندا مرد**

**کۆمەڵە هەن لە هەر دەر — بۆ بەزەیی جانەوەر**

**ئەگەر ئێمە بەشەرین — یان تیرەی جانەوەرین**

**بۆ کەس نامان پارێزێ؟ — بۆچی نایەینە ریزێ ؟**

هەژار لە ئاڵمان لە ئاوێنەی چۆمی رایندا، چارەنووسی میللەتەکەی خۆی دەبینێ و بە دەم هەڵوەراندنی فرمێسکەوە،پەیامی دیجلە و فوراتی پێدەگەیەنێ:

**لەسەرخۆ بە ئەی راینی شۆخو شیرین**

**شتێك بووین ئەمەش گەرچی ئێستا ئەسیرین**

**هەرچەند دیل و بێچارەشە نیشتمانم**

**ببەخشە لە جێی تۆی بە خۆشتر دەزانم**

**ئەگەر لادەچێ ئەم تەمەی نەگبەتیمان**

**بە خاوەن دەبێ کێوو چۆم و زەویمان**

**لە دڕکی نەیاران بژارێکی دەکرێ**

**هەزارانی وەك تۆ لە شاباشی دەدرێ**

**بەڵێ ئاوی چاوم لە دڵ هەڵکزاوم**

**لە رێی سەربەخۆ بوونی کوردان رژاوم.**

هەژار، دەڵێ خەمێکی جگە لە خەمی بندەستیی گەلەکەی و ئاواتێکی جگە لە ئاواتی رزگاریی کوردستان نییە، هەرچی دەیبینێ و دەیبیستێ، دەیباتەوە سەر ئەو خەم و خولیا و ئاواتانەی ئەویان بە دووی خۆیاندا هەڵوەدا کردوە: ئەو کاتەی سۆڤیەت هەوەڵ مانگی دەستکردی خۆی بۆ ئاسمان دەنێرێ، هەژار لە"قبور البیض"ی سوریاوە بۆ کورد لێی دەنواڕێ و ئیشی خۆی پێیە:

**دەستم دامێنت ئەی مانگی رووناك**

**وا سوێندت ئەدەم بە باوەڕی پاك**

**لە پێش ئەوەدا بچیەوە مەسکەو**

**ئەگەر هیچ نەبێ شەوێك، نیوە شەو**

**سەرێك هەڵێنە لە کوردستانم**

**تێبگە چۆنە ماڵی وێرانم**

### مەبەستی هەژار خزمەت لە بەستێنی مێژووی کورد و زمانی کوردیدا

دەزانین کە مامۆستا هەژار لە هەر دوو بەستێنی مێژووی کورد و زمانی کوردیدا، هەنگاوی زۆر بە نرخی ناون و کاری یەکجار گەورەی کردوون. وەرگێڕانی "شەرەفنامە" ی بەدلیسی بۆ سەر زمانی کوردی و دانانی فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە" دوو نموونە لە کارە بە نرخەکانی مامۆستا هەژار لەو دوو بوارە دان. کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و شەرح و پەراوێز لێ نووسین و دەیان کاری ورد و درشتی دیکە هەر لە بەستێنی مێژووی کورددا و نووسینی هەزاران لاپەڕە شیعرو پەخشانی کوردی، بەشێکن لەو خزمەتانەی هەژار بە مێژووو زمانی نەتەوەکەی کردوونی.

ئەگەر خۆ خەریك کردنی زۆر کەس لە بواری زمان و مێژوودا، لە ئۆگری بەو دوو بوارە وەك دوو لقی زانستەوە دێ، هی مامۆستا هەژار هۆیەکی دیکەی هەیە. هەژار "مێژوو" و"زمان" وەك پێناسی گەلان سەیر دەکا و دەزانێ هەر گەلێك مێژووی ون و نادیار و زمانەکەی روو لە فەوتان بێ، بەرەبەرە دەتوێتەوە و لەنێو دەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مایە و توانایەی بۆ ساخکردنەوە و پاراستنی بەشێك لەو پێناسەیە تەرخان کردوە، لەبەر تەوازوع بە کەمی دادەنێ و ناوی "توانای هەژارانە"ی لێ ناوە، بەڵام چونکە بە قووڵی باوەڕی بە گرنگیی خزمەت لەو دوو بوارەدا هەیە، لە سەختترین هەلومەرجەکانی ژیانیشیدا لەو خزمەتە غافڵ نابێ.

هەژار لە پێشەکیی"شەرحی دیوانی مەلای جزیری" دا دەڵێ:

**"ئێستا کە لەم بڕانەوەی چەرخی بیستا هەوای ئازادی و رزگاری هەڵیناوین و هەوڵ دەدەین ئێمەش وەك گەلانی دیکە، خواپێداو بین و ناوێکمان لە دنیا دا هەبێ، چاوە چاوین بە خەباتمان بگەینە بستووی**

**ئاواتمان و خۆمان دەگەڵ کاروانی گەلانی ئازاد بخەین هاوار بکەین: کاکە بە جێمان مەهێڵن..... ئێمەش گەلێکین وەك ئێوە و شێوەمان لە خۆتان دەکا و با ئێمەش وەك ئێوە بژین. لێم روونە لێمان دەپرسن:**

**کوا پێناستان تا باوەڕیتان پێ بکەین. نازانم دەبێ چی بڵێین؟ پێناس زمانە، فەرهەنگە، مێژووی کەوناراو تازەیە، وێژەو شیعر و ئەدەبیاتە، بە هەموو لك و پۆپیەوە. بە ناشکوری خودای نەبێ ئێمەی کڵۆڵ و چارەڕەش، تا ئێستا بۆمان نەلواوە، زمانە بەستەزمانەکە بە تەواوی لە شوێنێکدا کۆکەینەوە، بێ تاریخین، هەرچی دەربارەی کوردەوە لە تاریخاندا نووسراوە هیچی بە زمانی کوردی نەبووە، ئەمە واتا هەر کوردێکی لە عەرەبی و فارسی و تورکی تێنەگەیوە ئاگای لە مێژووی خۆی نییە و ژینامەی رابردووەکانی بە گوێچکەی ئاشنا نەبووە"(٦).**

هەژار، لە چەند قۆناغی ژیانیدا لە نێو جەرگەی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەی و لە پەنا دەستی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورددا، خزمەتی کردووە. هەم لە سەردەمی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکاف و سەردەمە زێڕینەکەی لەسەر کار بوونی کۆماری کوردستاندا، هەم لە سەرەتای دەیەی ٦ی زایینییەوە تا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا لە کوردستانی عێراق، کارو ئەرکی لەسەر شان بووە و، بە چاوی خۆی ئازایەتی و نەترسیی کوردانی بەرامبەر زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانیان دیوە. بەڵام پێی وابووە:" **پتەویی زەند و مەچەك و دەگژڕاچوون بە دەست و چەك، تەرزێکی زۆر باریکۆڵەی، داری کۆتەرە ئەستووری پڕ لق وپۆپی هەراوی سەر دەراوی ئازایەتی و ئازاییە. کە ئەم دارەش ناونراوە فەرهەنگ وسامانی نەتەوەیی "(٧).**

ئەو بۆیە لەو قۆناغەی ژیانیشیدا، زۆربەی توانا و کاتی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی تەرخان کردووە چونکە پێی وابووە:"**سامانی نەتەوایەتی، تاریخە، وێژەو ئەدەبە، سەربهورد و سەرگوزشتە و داستانە، پەند و باوی ناو کۆمەڵ، پەندی ڕندی پێشینیانە، گەشەکردنی زمانە، زمان پێناسی گەلانە، تاریخ رەگی داری ژیانە. هەزاران لك و پۆپی هەن کە یەکێکیان چاو نەترسان لە جەنگا، هەر گەلێك فەرهەنگی نەبێ، گەلانی تر، نە رەنگ بۆرو نە رەشتاڵە و نە قولە زەنگی نایناسن و هەر ناشیانەوێ بیناسن. هەتا گەلانیش نەیناسن هەرچەندە خۆ لە دارو بەرد دا ناگاتە هەواری هەرمان. دەبێ هەر تەم تەم بکێڵێ و هێڵی ناگاتە سەر نەرمان و لە خەرمانی ئازادی، ربە ناپێوێ. لەمەڕ نووسین و نەخوازە نووسین لەبەر خۆی بێکارو دەستە وەستانە"(٨).**

هەژار، ساڵی ١٩٧٥، بە دوای تێکشکانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق بۆ جاری دووهەم کۆشکی هومێدی رما. لەگەڵ هەزاران بەشداری ئەو شۆڕشە ناکامە دا، پەڕیوەی ئێران بوو. خۆی " بە تەنیا دوو قات بە قەت هەموو لێقەوماوان خەمگین و سیس و ژاکاو بوو، هەرچەند بە تکای بارزانی نەگیراو هەر دەگەڵ بارزانی ژیا"، بەڵام ناچار ملی لە کاری ئیداری نا. لێرە بە دواوە کۆمەڵێك کاری تازەی لە بواری وەرگێڕاندا بەرهەم هێنان کە بەشێکیانی لەبەر پەیدا کردنی بژێوی ژیان بوو. هێندێکیشیانی وەك وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی بۆ سەر زمانی کوری، ئەگەر چی ئۆگریی هەژار بە کاکڵە و نێوەڕۆکی پەیامەکانیان، هۆیەك بوو بۆ وەرگێڕانیان، حیکمەتێکی دی لە پشت بوو: ئەو حیکمەتە نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و دەکارکردنی هەزاران وشەی ئەو زمانە و پاراستنیان لە فەوتان و لە بیرچوونەوە بوو، ئەویش لە توێی کتێبی پیرۆز و ئەو نامیلکانەدا کە لە روانگەی دەسەڵاتدارانەوە چاپ و بڵاوبوونەوەیان هیچ زەرەری بۆ پەز نەبوو. بۆ خۆی لەو بەستێنە دا دەڵێ:

" لە هەر چەرخ و خولێکی نوێ، کەرەستەی بەرهەم، چەکی شەڕ، بەرگ و شمەکن خدە و نەریت، دێنە گۆڕین. باوی کۆنە لە ناو دەچن و ناوەکانیشیان گوم دەبن، مەگین لە قاقەز نووسرابێ و بۆ بەرەی تازە و ئایندە هەڵگیرابێ و نەفەوتابێ. کە بە ناشکوری خوا نەبێ، ئێمە لەبەر بێ فەرهەنگی، هەزاران و هەزاران وشەی رەنگین و بە نرخ و خۆش و سەنگینمان دەگەڵ گۆڕانی زەمانە، لە دەس داوە، چونکە بۆمان نەنووسراوە. جا وەك دەڵێن زەرەر لە نیوەش وەگەڕێ هەر قازانجە"(٩).

هەژار، ئەگەر چی لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە تا تێکشکانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ لە موکریان و کوردستانی ئێران دوور بوو، بەڵام چاوێکی هەروا لەسەر"پەنجەرەی رۆژهەڵاتی زامەکان"ی بوو، لەهەر دەرفەتێك بۆ لە قاودانی نەوەی دەسەڵاتدارانی رێژیمی شایەتی بەسەر کوردیان هێنا، کەڵکی وەردەگرت و نەیهێشت ئاگریك کە ژێکاف و حیزبی دێموکرات و قازی محەمەد لە مەهاباد و چوارچرا کردیانەوە، لە کوانووی شێعرەکانیدا ژیلەمۆی فەرامۆشییان لەسەر بنیشێ. هەژار ئەگەر لە ژیاندا، بێ وەستان و ماندوویی ناسین، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و شەکاوە راگرتنی ئاڵای کوردایەتی و خزمەتی زمان و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەکەی، تێکۆشا، بە مەرگیشی، کوردستانی هەژاند و گەلی کوردی خرۆشاند. خەڵکی کوردستانی ئێران بەو بەشدارییە جێی شانازییەیان لە بە خاك سپاردن و پرسە و سەرەخۆشیی هەژاری نەمردا و بەو کۆڕو کۆبوونەوانەی بۆ رێزنان لەو مرۆڤەی بلیمەتە پێکیان هێنا، نیشانیان دا ئەو زانا گەورەو دڵسۆزەی:

**ژینی خۆی کردە فیدای خۆشیی کورد**

**لە رێی ئازادی بەناکامی مرد**

وەك ئەو شەهیدانەی دوژمنانی کورد لە چوار چراو ڤییەن و هەرچی شوێنە گیانیان لێ ستاندن:

**کێلیان بۆ مە داری ئاڵان**

**گەنجێکن ناچن بە تاڵان**

**بۆ کوردی هەژار سەرمایەن**

**بۆ دیواری خەبات پایەن**

١)هەژار، پێشەکی چاپی یەکەمی دیوانی "بۆ کوردستان"
٢)چێشتی مجێور ـ چاپی یەکەم، (٥ـ٢)
٦)دیوانی مەلای جزیری کە هەژار شەرحی لێ کردووە(چاپی سروش، تاران،١٣٦١، لاپەڕە سێ و چوار).
٧)"پێشەکیەکی هەژارانە" بۆ کتێبی" ئاداب و روسوم کردان" لاپەڕە ١٦و١٧
٨) هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، لاپەڕەی ٢١

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 529 19 feb 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بەر لەماڵاوایی

# ٢١ی فێوریە، ڕۆژێك بۆ را پەڕاندن

ع. وریا

گرنگیی زمانی دایك وەك یەکەمین زمان کە تاك بە هۆی ئەوەوە لە گەڵ دنیای دەوروبەری خۆی پێوەندی دەگرێ، لە مرۆڤی تێگەیشتوو و دیموکرات و، لە جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرن شاراوە نیە. دابینکردنی مافی خوێندن و فێر بوون بە زمانی دایك بۆ تاکەکان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیمۆکرات دا و، داننان بە مافەکانی تاك لە پێوەندی لەگەڵ زمانی زگماکی خۆی لە قانوونی ئەو وڵاتانە و، لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان دا، بەڵگەیە بۆ گرنگیدانی مرۆڤایەتیی پێگەیشتوو بە زمانی زگماکی.

لە ٢١ی فێوریەی ئەمساڵ دا ١٠ ساڵ بەسەر ناودێرکرانی ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك رادەبرێ. ١٠ ساڵە لە ڕۆژی ٢١ی فێوریەدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە بنکەی ئەو ڕێکخراوە فەرهەنگییە جیهانییەدا، ڕێز لە زمانی زگماك دەگرن و گرنگیی فێربوون و فێرکردن بەم زمانەو بایەخی پارێزگاری لە زمانەکان دێننە بەرباس و، ئاوڕ لەو مافانە دەدەنەوە کە تاکەکان و نەتەوەکان بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە بواری کەڵکوەرگرتن لە زمانی خۆیان دا هەیانە.

وڵاتی بەنگلادیش یەکەم وڵات بوو کە لە نوامبری ١٩٩٩دا بەرەسمی پێشنیاری بە یۆنسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە بەم ناوە "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك" ناودێر بکا. گەڵاڵەی پێشنیار کراو لە لایەن بەنگلادێشەوە لە سێهەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی یۆنسکۆدا لە لایەن وڵاتانی ئەندامەوە پەسند کرا. هۆی ئەوە کە ئەم پێشنیارە لە لایەن بەنگلادیشەوە خرایە روو دەگەڕێتەوە بۆ قوربانیدانی ئەم وڵاتە لە ڕێی بەرەسمی ناسرانی زمانەکەیان لەم ڕۆژەدا. زمانی ئەم وڵاتە ١٥٠ میلیۆنییە، بەنگالییە. بەنگلادیش پێشتر موستەعمەرەی ئینگلستان بوو، هەر بەم هۆیەوەش زمانی ئینگلیزییش لەم وڵاتەدا برەوی زۆری هەبوو. لە ٢١ی فێوریەی ١٩٥٢دا، ئەو کاتەی بەنگلادیش بەشێك بوو لە پاکستان، خوێندکارانی بەنگلادیش داوایان کرد زمانی بەنگالی وەك زمانی ڕەسمیی وڵاتەکەیان بناسرێ. لە ئاکامی پێداگریی ئەوان لە سەر داواکەیان تێکهەڵچوون رووی دا و ٥ خوێندکاری بەنگلادیشی لە پێناوی داوای بەرەسمی ناسرانی زمانی نەتەوەکەیان دا شەهید کران. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوە بەنگلادیش وەك یەکەم وڵات کە لە پێناوی زمانەکەی دا خەباتی کردوە، بناسرێ و هەر بەم بۆنەیەوەش، ڕۆژی ٢١ی فێوریە لە بەنگلادیش وەکوو "ڕۆژی شەهیدانی زمان" ناسراوە.

گومانی تێدا نیە کە کەم نەتەوەی جیهان هەیە بە قەرا کوردەکان لە پێناوی داوا کردنی مافە نەتەوەییەکانیان و یەك لەوان بە رەسمی ناسرانی زمانی کوردیدا خەباتیان کردبێ و قوربانییان دابێ. نەتەوەی کورد نەك هەر لە رابردوودا، بەڵکوو هەر ئێستاش لە سێ بەش لە چواربەشی نیشتمانەکەیدا، نە وەك نەتەوەیەك دان بە بوونی‌دا نراوە نە زمانەکەی بەرەسمی ناسراوە. تا ئێستاش لە مافی سەرەتایی خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشە. کەس نازانێ ژمارەی ئەو تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرە کوردانەی لە ڕێڕەوی خزمەتی زمانی کوردیدا و، سەبارەت بە فێرکردنی ئەم زمانەو نووسین بە کوردی، تووشی دەربەدەری و ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن و ئێعدام هاتوون چەندن؟ سەدان یا هەزاران؟!

بەڵام نەتەوەی کورد ئەگەر هەقی ئەو گلەیی‌یەشی هەبێ کە ناوی نەچۆتە نێو ریزی شێلگیرترین و پرقوربانیترین نەتەوە لە داکۆکی لە زمانەکەی و خەبات لە پێناوی بە رەسمی ناسرانی دا، دیسان هەر جێی خۆیەتی پێشوازی لە ٢١ی فێوریە بکا و ئەم ڕۆژە بکا بە دەرفەتێك بۆ هاوار لە چنگ ئەو ستەمە لە مێژینەیەی لە پێوەندی لەگەڵ زمانەکەی دا لێی دەکرێ.

لە ١٠ ساڵی رابردوودا، لە ئێرانیش وەك زۆر شوێنی جیهان، ئەو نەتەوانەی لە خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەش کراون، یا ڕێگەی بووژاندنەوە و خزمەتی زمانەکەیان لێ‌گیراوە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیان کردوە بە دەرفەتێك بۆ لەقاودانی بێبەشیی خۆیان و هێنانەگۆڕی داخوازە رەواکانیان لەم پێوەندییەدا. کەسایەتییە رووناکبیر و فەرهەنگییەکانی نەتەوە بندەستەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەم بۆنەیەدا، دژی سەرکوتی زمانی و سەرکوتی نەتەوەیی دەنگ هەڵ دەبڕن. لە ١٠ ساڵەی ناودێر کردنی ٢١ فێوریە وەك ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، با هەمووی ئێمە کە بێبەشیی نەتەوەکەمان لە خوێندن بە زمانی خۆی و، بێ ڕێزی کردنی دەسەڵاتی وڵات بە گرنگترین شوناسی نەتەوەییمان واتە زمانەکەمان، خەمی هاوبەشمانە، با داوا بکەین ڕێز گرتن لە ٢١ی فێوریە لە چوارچێوەی کۆڕ و کۆمەڵی فەرهەنگی بچێتەدەر. با ئەم بۆنەیە بکەین بە بۆنەیەکی گشتی و جەماوەری و، سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوە بندەست و زمان پشتگوێخراوەکانی ئێران، لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك دا، وەدەست بێن و بێزاریی خۆیان لە سیاسەتی نەتەوەیی و زمانیی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ئێران دەربڕن. با داوای بە رەسمی ناسینی زمانی ئەو نەتەوانە و پێویستیی خوێندن بەم زمانانە بکەین بە داوای میلیۆنی و، بیکەین بە هەوێنی هێنانی بە میلیۆنان خەڵك بۆ نێو گۆڕەپانی خەباتێکی پیرۆز.

# کۆچی دوایی وەلی ڕەحیمی کەمانچەژەنی کورد



کەمانچەژەنی ناوداری کورد وەلی ڕەحیمی ناسراو بە "وەلی عاشق" لە تەمەنی ٧٧ ساڵەیی دا بە هۆی سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

هوشنگ جاوید توێژەری ناسراوی بواری مووزیك رایگەیاند: "مامۆستا وەلی ڕەحیمی بە دوایین کەمانچەژەنی ناوچەی کرمانجی خۆراسان دەژمێردرێ کە میلۆدییەکان و سۆز و نەغمە و گۆرانییەکانی ئەو ناوچەیەی بە باشی دەناسی و لە هونەری کەمانچەژەنیندا بێ هاوتاو بێ وێنە بوو. هەروەها سەبارەت بە پێگەی هونەرمەندی پێشەنگ و ناسراوی کورد وتی: مامۆستا وەلی ڕەحیمی تەنیا هونەرمەندی بەجێماویی نەوەی عاشیقەکانی ناوچەی باکووری خۆراسان بوو کە زۆربەی مامۆستایانی کەمانچەژەنی مووزیکی وڵاتی ئێران شێوەگەلی کەمانچەژەنین لەوەوە فێر بوون و هێما و نیشانەکانی کەمانچەژەنینی ئەو مامۆستا بەتوانایە بە باشی لە بەرهەمەکانی ئەواندا دەبیسترێ.

کەمانچەژەنی ناوداری کوردی کرمانجی باکووری خۆراسان وەلی ڕەحیمی ساڵی ١٩٣٢ لە ناوچەی ئاشخانە سەر بە شاری بێجنورد هاتە دنیا.

# باشترین وێنە هەواڵی ساڵ



وێنەی ئافرەتێکی لاو لە سەر سەربانێکی شاری تارانەوە دژی حکوومەتی کودیتا درووشم دەڵێتەوە، وەکوو براوەی خەڵاتی جیهانیی باشترین وێنە هەواڵی ساڵ دەستنیشان کرا.

ئەم وێنەیە لە لایەن "پییەترۆ ماستۆرێنزۆ" وێنەگری سەربەخۆی ئیتاڵی لە سەربانێکی یەکێك لە بیناکانی تارانی پێتەختی ئێران گیراوە و ئافرەتێکی لاو نیشان دەدا کە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران درووشم دەڵێتەوە. خەڵاتی جیهانیی باشترین "وێنە هەواڵی ساڵ" یەکێك لە ناودارترین خەڵاتە جیهانییەکان لە بواری وێنە هەواڵە، کە بە شێوەی ساڵانە بەڕێوە دەچێ.

بەرپرسی دەستەی نێوبژیوانیی ئەم خەڵاتە لە بارەی دەستنیشان کردنی ئەو وێنەیە وەکوو براوەی ئەو خەڵاتە گوتی: ئەو وێنەیە دەستپێکی چیرۆکێکی گرنگ نیشان دەدا، ئەو وێنەیە کاریگەری لە سەر خوێنەر دەبێ.

شایانی باسە ئەو خەڵاتە دەهەزار یۆرۆیەو، مانگی "ئایار" لە شاری ئامێستێردام پێشکەش بە وێنەگرەکەی دەکرێ، ٥ هەزار و ٨٧٤ وێنەگر بەشداری ئەم کێبەرکێیە بوون کە دەستەی نێوبژیوانان بە لێکدانەوە لە سەر (١٠١) هەزار و ٩٦٠ وێنە، باشترین وێنە هەواڵییان هەڵبژارد.

# ژمارەی پێوانەیی گرتنی ڕۆژنامەنووسان



هەنووکە ٤٧ ڕۆژنامەنووس لە بەندیخانەکانی ئێران دا دەسبەسەرن کە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بەم لاوە وێنەی نەبووە.

بەم جۆرە ئێران وەپێش وڵاتی یەك میلیاردو ... چینیش کەوت و ژمارەی پێوانەیی گرتنی ڕۆژنامەنووسانی بۆ خۆی تۆمار کرد.

بەڕێوەبەری کاروباری ڕێکخراوی پشتیوانی کردن لە ڕۆژنامەوانان گوتوویەتی: مەبەستی ئێمە تەنیا تۆمار کردنی ئەم دڕندەیی‌یە نیە، بەڵکو دەمانەوێ حکوومەتی ئێران بزانێ کە جیهان چاوەدێریی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی دەکا.

ڕێکخراوی پشتیوانی لە ڕۆژنامە نووسان جەخت دەکاتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکان، تۆمەتەکانی پرۆپاگەندە دژی حکوومەت، سووکایەتی بە بەرپرسان و تێکدانی ڕەوشی ئاسایش لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە ڕەت کراوەتەوە.

# فێستیڤاڵی فەجر هەواڵنێرانیی تووڕە کرد



فێستیڤاڵی فیلمی فەجر کە بە گەورەترین ڕووداوی سینەمایی ئێران دژمێردرێ، هەموو ساڵێك هاوکات لەگەڵ ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەمساڵ سەرەڕای ئەوەی بە هۆی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری کە لە ئێران هاتنە ئاراوە، لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری ناودارانی سینەمای جیهانی و هەروەها نێوخۆ بایکۆت کراو، تەنانەت دەسەڵات بۆداوەری فیلمە بەشدارەکانیش تووشی هەنگەمە بوو. لە ڕێورەسمی کۆتایی هاتنیشی دا گروپێکی زۆری هەواڵنێران بە تووڕەییەوە ئەم فستیڤاڵەیان جێ هێشت.

ئەم هەواڵنێرانە بۆ چوونە ژوورەوە و بەشدار بوون لە ڕێورەسمی کۆتایی فستیڤاڵەکەدا تووشی کێشە بوون و ڕێگەیان پێ نەدرا، بۆیە لە ئاکام دا هەواڵنێران وەك ناڕەزایی دەربڕین دژی هەڵسوکەوتی بەرپرسان بەرانبەر بە خۆیان ئامادە نەبوون بەشداری ڕێورەسمی کۆتایی بن و بە تووڕەییەوە هۆڵی فستیڤاڵیان چۆڵ کرد.

# کەیهان کەلهۆر توانی خەڵاتی باشترین ئەلبۆمی کلاسیکی دوو ڕەگەز بەدەست بهێنێ



کەیهان کەلهۆر مۆزیکزانی کورد وەك یەکەم کورد توانی بە یارمەتیی گرووپی مووزیکی "ڕێگەی ئاوریشم" لە ئاستی جیهاندا و لە ٥١ مین خولی خەڵاتی ناوداری "گرامی"دا خەڵاتی باشترین ئەلبۆمی کلاسیکی دوو ڕەگەز بەدەست بهێنێ.

کەیهان کەلهۆر لەم گرووپەدا کە بە سەرپەرشتی "یۆیۆما" (yoyoma) لە بواری مووزیك دا چالاکە بە ئامێری کەمانچە هاوڕێیەتی گرووپەکە دەکا و ئەندامی سەرەکیی گرووپەکەشە.

خەڵاتی "گرامی" کە لە جیهان دا بە "ئۆسکاری مووزیك" ناسراوە، ئەمساڵ لە باشووری کالیفۆرنیا بەڕێوە چوو لەلایەن ئەکادیمیای زانست و هونەرە بیستراوەکانەوە ناوی هونەرمەندانی سەرکەوتووی بەشە جۆراوجۆرەکانی ٥١مین خولی خەڵاتی ناوداری گرامی راگەیاندو ئەلبۆمی گرووپی "ڕێگەی ئاوریشم" بە ناوی "ئاوازەکانی خۆشی و ئاشتی" توانی خەڵاتە گرینگەکانی جیهانی مووزیك بباتەوە.

# جەژنی سێوی مێخەکڕێژ جەژنی خۆشەویستیی کوردان



ئەمساڵ هاوکات لەگەڵ ڕۆژی ڤاڵنتاین، کە بە ڕۆژی خۆشەویستی لە جیهان ناسراوەو لەم ڕۆژەدا دڵداران و گراوان دیاری بە یەکتر پێشکەش دەکەن، لە کوردستان پرۆژەی سێوی مێخەکڕێژ لە ٤٤ شارو شارۆچکەی کوردستان بەڕێوە چوو.

هەر لەم ڕۆژەدا (١٤ ی شوباتی ٢٠١٠) بەرهەمگەلێکی هونەری فراژ بە ناونیشانی "جەژنی نەتەوەیی سێوی مێخەك ڕێژ" بەڕێوە چوو.

پێویستە بوترێ هونەرمەند "سەیوان سەعیدیان" بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ڕێورەسمێکی تایبەتی بۆ ئەویندارانی کوردستان بەڕێوە برد، کە تێیدا ئەوینداران دوای مێخەك ڕێژ کردنی سێوێك وەك هێمای خۆشەویستی پێشکەش بە گراوەکانی خۆیانیان کرد.

# گوێ راگرتن لە مووزیک هۆکاری سەرئێشە نییە



بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی ڕووسی "لێنتا" ئاکامی نوێترین توێژینەوەکان پێمان دەڵێن کە ئەو کەسانەی زۆر گوێ لە مووزیك رادەگرن زیاتر سەریان دێشێ، بەڵام لەم لایەشەوە توێژەرانی ئەڵمانی لە پێناو دەرخستنی ئەم بابەتە کاریگەریی سەرجەم دەزگا ئێلێکترۆنییەکان لە سەر جۆرە جیاوازەکانی سەرئێشە لێك داوەتەوە و پاش راپرسییەك لەم بارەییەوە، بەمجۆرە ئاکامی هەوڵەکانی خۆیان رادەگەیەنن کە، سەرئێشە هیچ پێوەندییەکی بە گوێ گرتن لە موزیکەوە نییە.





پاشکۆی
# کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## به بۆنەی رۆژی جیهانیی زگماکی

ئامادەکردنی: قادر وریا



# خوێندن به زمانی زگماکی، داننانه به بوونی میللەتێك

## وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زاده

**کوردستان: لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زاده داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین. مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکراتدا چۆن دروست بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زاده:** ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێك دانا ندرێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوەو لە دەورانی جمهووریی کوردستان‌دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسی‌دا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە- دیسانەکە وەك زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە - دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی رۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە رۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێك بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

**- لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسلەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟**

- نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیەدا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیعدا دابنێین، نە وەك ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پایینتردا ئێمە لە نێو حیزبدا دەستمان پێ کرد بە ئاموورزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەك بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلابدا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا بڕووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام رەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

**- مامۆستا ! ئەو کەسانەی راسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی‌دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟**

- بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاك رەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەك بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن، کاك ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاك ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی‌دا کاك قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێك کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەك دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

**— لە باری رێنووس و رێزمانەوە چ شتێك رەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری رێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟**

- ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێك شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەك ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێدا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا رەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەك حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەك دەرسیش- دا هەڵە کراوە، لە یەك دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیك بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شارو دێدا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێك بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە رەعایەت دەکرا.

**- مامۆستا ! ئەگەر سەرنجێك لە کتێبەکە دەدەی بڕێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێك کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟**

- عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، با لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێك زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیك بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێش‌دا بۆ ئەوەی زمانێك ببێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێك بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

**- مامۆستا ! کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەك لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟**

— ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارەدا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

**- پاوەو هەورامان چی؟**

— پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

**- کۆڕی پەروەردەو فێرکردن چ ساڵێك دامەزرا؟**

- ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە.

**- یانی ساڵێك بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟**

— لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئامووزشی ئەلفوبێ).

**— یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی ؟**

- بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

**- مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن‌دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟**

- ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیمان هەبووە و چەند قوتابیمان هەبووە.

**— مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەك هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟**

- جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەی‌دا فەرقێك نەبوو.

**— ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟**

— نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵان، گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەك مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەك، دوو






# لە پێناوی گرینگیدان بە زمانەکەمان

١٠ ساڵە، ٢١ی فێوریە(٢ی رەشەمە) بە رۆژی جیهانیی زمانی دایك ناودێرکراوە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە بایەخ و گرینگیی زمانی دایك و هەوڵدان بۆ بەرەسمی ناسرانی غافڵ نین و دژی ستەم و چەوسانەوەی زمان لە خەبات و تێکۆشان دان.

ئێمەی کورد بە درێژایی مێژووی خوێناویمان ، بەردەوام لەگەڵ هێرش و هەرەشەی جۆراوجۆری داگیرکەران بەرەو روو بووین. یەك لەم هەرەشانە، هەرەشە لە زمانەکەمان، ئەویش لە رێگای دژایەتیی دەسەڵاتدارانی دژ بە کورد لەگەڵ بە رەسمی ناسینی زمانی کوردی و پێشگیری لە خوێندن بەم زمانەو بە کارهێنانی لە کاروباری حکوومەتی و رەسمی و ئیداری دابووە. بەڵام تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان، بە تایبەتی رووناکبیران و دەست بە قەڵەمەکانی کورد و حیزبە نەتەوەیی و رزگاریخوازەکانی کوردستان، هیچ کات خزمەتی زمانەکەیان و هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئەو زمانە، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکانیان لە بیر نەکردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان" نموونەیەکی هەرە دیاری خزمەت بەم زمانەن. وەك ئاوڕدانەوەیەك لە خزمەتەکانی ئەم حیزبە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان دا بە زمانی کوردی و بۆ رێزگرتن لەهەموو ئەو مرۆڤە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانەی هەر ئێستا بە تایبەتی لە رێگای فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردییەوە، گرینگی بە زمانی نەتەوەکەیان دەدەن، بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی بەم پاشکۆیەوە، بە پێشوازی ٢١ی فێوریە بچین.

هیوادارین جێگەی رەزامەندیتان بێ.

"کوردستان"

پاشکۆی
کوردستان
بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی



درێژەی:

# خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک

جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

**ـ ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەموو سێ ـ چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!**

ــ لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [ڕێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ڕۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتداین، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، ڕەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ ڕابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحەو جینایەت و ئەوە ڕابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

**ـ مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەماندا، بەڵام ئەو نەسلەی کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن خوێندویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیەدا بوون بە ئینسانی ڕووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو ڕەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.**

ـ دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسییەتی فەرهەنگی و ئامووزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو ڕەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری ڕۆیشتوە.

**ــ مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟**

ــ پێموایە جارێ لە پێشدا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە ڕاستی-دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش ڕۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزیک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە ڕێنووس و ڕێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوەو هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەڕەک یا حەتا بە ڕۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک ڕۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان ڕۆژنامە.

**ــ مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامیدا ئەسلێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازادبوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسیدا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسیدا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەمووداوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**



ــ لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایەدا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی [...] ئیجباری و ئیجرایییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە ڕەسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە ڕەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە ڕاستیدا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**ـ مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو مورەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟**

ــ من پێموایە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەل فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەدەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێین ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**ـ مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی ڕەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟**

ـ هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم ڕەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵیدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکاندا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ ڕۆژەکان و حەفتەو مانگەکاندا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنی دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی ـ با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە ڕەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین ـ بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵەدا مەعلوومە ڕوشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچڵێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**ـ مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکەو لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟**

ـ هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئێعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنی و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کوللی نەتەوەکە دەکا.

**ـ دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟**

ــ من پێموایە ئەوەش دوو ڕەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر ڕەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات،

**به هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا**

هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەموان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەموان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەموان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەموان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەموان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخدا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخدا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەرباریان ، زمانی ڕەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتووری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی منداا لە واقعدا ڕووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی ڕەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.



# زمانی خوێندن لە سەردەمی جمهووریی کوردستان دا

گەشە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەموو کات بایەخ دان بە زمانی کوردیی بەدواوە بووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و لاوازبوونی دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتی لە کوردستان کە گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لێ کەوتەوە، جارێکی دیکە دەرەتان بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی پێك هات. پێشوازیی ئۆگرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێکاف، تامەزرۆیی خەڵکی کوردستان بۆ خوێندنەوە بە زمانێك نیشان دەدا کە دوو دەیە بوو بە توندی سەرکوت کرابوو.

بایەخدان بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا بە رادەیەك بوو کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دووهەمی ئەم بەیاننامەیەدا داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کراوەو گوتراوە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێ بەهۆی زمانی کوردییەوە بێ.(١)

ئەمە بەم مانایە بوو دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیانزانی "زمان نیشانەی هەرە گرینگ و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکەو بە بە رەسمی ناسینی زمانی کوردی رێگا خۆش دەکرێ بۆ ئەوە هەم گەلی کورد بە مافی خۆی بگا و هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێك بێ".(٢)

دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤، جمهووریی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراند، ئەم کۆمارە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی هێنایە دی: زمانی کوردی کرا بە زمانی رەسمی، کرا بە زمانی خوێندن و نووسین و لە ئیدارەکان دا کاری پێ کرا. تەنانەت خوتبەی رۆژانی جومعەش کرا بە کوردی. لە رێگای رۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی کۆمارەوە، لەسەر ئەمری پێشەوا داوا لە خەڵکی مەهاباد کرا "هەر کەسێك کورو کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بینێرێتە مەدرەسە" و راشگەیەندرا کە لەمەودوا خوێندن لە مەدرەسەکان بە کوردی دەبێ: (٣)

جمهووریی کوردستان باوەشی بۆ ئەو کوردانە کردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ خزمەتی کۆمارو ئەم بەشە ئازادەی نیشتمانەکەیان روویان کردبووە مەهاباد. لەم نێوەدا مامۆستایانێك کە ئەزموون و پسپۆریی وانە وتنەوە بە زمانی کوردییان لە باشووری کوردستان هەبوو، کەلکی زۆریان لێ وەرگیرا. خوێندن بە زمانی کوردی، سنووری پایتەختی بەزاند و شارەکانی دیکە بەتایبەتی شاری بۆکانیشی گرتەوە.

ئارچیبالد رۆژڤێڵت لە بارەی دەرس وتنەوەی ئەو رۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا دەنووسێ:

"سەرەتا مامۆستایانی کورد ناچار بوون لە پۆلەکانی دەرس گوتنەوەدا فارسی بەزار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن. بەڵام پێش رووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندنی سەرەتایی چاپ کرابوون..... تەنانەت خولی ئێواران کرابۆوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بە ساڵاچووەکان و، زمانی کوردیش بوو بە زمانی خوێندن."(٤)

دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد، هەروا کە خوێندن بە زمانی زگماکی بە مافی بێ ئەم لاو ئەولای رۆڵەکانی نەتەوەکەی دەزانی، لە دابینکردنی ئەم مافە بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی یەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار غافڵ نەبوو.

لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە شاری تەورێز پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دا لەلایەن دوو هەیئەتی رەسمیەوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و جەعفەری پێشەرەوی مۆر کرا. لە بەندی ٦ی ئەو پەیماننامە ٧ بەندییە دا هاتوە:

"حکومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازەربایجاندا دەژین و حکوومەتی میللیی کوردستانیش بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانەی کە لە خاکی کوردستاندا دەژین، بە پێی توانا هەول دەدەن."(٥)

.....هاوکات لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە و بەرێوە بردنی گەلێك چالاکیی دیکەی فەرهەنگی لە مەهاباد، قوتابخانە بۆ مندالانی جوولەکەی نیشتەجێی ئەم شارەش دەستەبەرکرا. بۆ ئەوەی زمانی زگماکیی خۆیان فێربن و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکاری و پەروەردەییدا لەگەڵ قوتابیانی دیکەی نیشتمان یەکسان و بێجیاوازی بن."(٦)

بە رووخانی کۆماری کوردستان چرای هومێدی کوردان لەم بەشەی نیشتمانەکەیان کوژایەوە. جارێکی دیکە رۆژگارێکی رەش لە مێژووی کورددا دەستی پێ کردەوە. نەك هەر کۆتایی بە خوێندن بە زمانی کوردی هات، بەڵکوو نووسین بە کوردی و چاپەمەنیی کوردی قاچاغ بوونەوە. پەهلەویی دووهەمیش وەك باوکی سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەك تاقە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژەدا. "سەپاندنی زمانی فارسی لە لایەن حکوومەتی پەهلەوییەوە بەسەر تەواوی ناوچەکانی ئێراندا، جیاکردنەوەی زمانی خویندن لە زمانی زۆرایەتیی خەڵك، سەپاندنی زمانی سێیەکی خەڵکی ئێران بەسەر دوولەسێی خەڵکی وڵات بوو.... وڵات بەهۆی راسیسم و دواکەوتوویی رێژیمی شایەتیی پەهلەوییەوە، بە تایبەتی بە هۆی دابڕانی دوولەسێی حەشیمەت لە دایك و زمانی دایکیان، نوقمی بەرەودواگەڕانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو کە نموونەکەی لە سەردەمی ئیستادا، لە هیچ وڵاتێکدا ناتوانین بەدی بکەین."(٧)

**سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە ئەرشیڤی "کوردستان"دا پارێزراون.**

**بایەخدان بە زمانی کوردی لەلایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا بە رادەیەك بوو کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دووهەمی ئەم بەیاننامەیەدا داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کراوەو گوتراوە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێ بەهۆی زمانی کوردییەوە بێ**

# خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی



یەکێك لە چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ئێران و دەسەڵاتی سیاسیی دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، دابین بوونی مافە نەتەوایەتیەکانی بوو کە لە مێژ ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد. گومانیشی تێدانیە بەرەسمی ناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەم زمانە لە قوتابخانەکاندا لە ریزی پێشەوەی ویست و داخوازەکانی ئەم گەلەدا، هەر لە کۆنەوە بووە ."**هێشتا بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکان بوون کە حیزبی دیموکرات کەوتە فکری دانانی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە رێژیم مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بەرەسمی بناسێ. بەڵام کاتێك دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و مەدرەسەکانی لادێی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی (کە هەر لە جێش دا زۆر کەم بوون) بێ دوکتور و دەرمان هێشتنەوە، ئەرکی حیزب قورستر بووو بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێ خستنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشخانە و دەرمانگا بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارەکان پێویستییەکی زیاتری پەیدا کرد".**(١)

کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە پێشتر بۆ دانانی کتێبی دەرسی راسپێردرابوو، بەرلە دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان لە گەلاوێژی ١٩٧٩ دا، هێندێك کۆبوونەوەی کردبوو و پێشنووسی کتێبێکی دەرسیی ئامادە کردبوو.(٢) بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و رووداوەکانی دواتر، لە ساڵی خوێندنی ١٣٥٩ــ ١٣٥٨ دا، پرسی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان دوا کەوت.

### دامەزرانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ ـ ١٣٥٩ (١٩٨١ ـ ١٩٨٠)، لە دوای دەورەی دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد. ئەم شارو ناوچەو گوندانەی لە ژێر کونترۆڵی رێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگە دابوون، لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمە لایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستاو قوتابی بێ مووچەو کتێب لە ماڵی خۆیان، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی کرانەوەی دەروویەك بوون و ئەم کاتە بەنرخانەی دەبوو لە سەر پۆل بە فێرکردن و فێربوونەوە تێپەڕیان کردبا، بە فیرۆ دەچوو. هومێد بە رێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەمابوو. نەش دەکرا منداڵانی ناوچە ئازادەکان هەر وا لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرپرسایەتیی یەکەمی لە بەرێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو، "کۆڕی بەڕێوەبەریی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان"ی پێك هێنا.(٣)

لە رێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کارو باری پەروەردەو فێرکردنی گرتە ئەستۆ. "حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد.(٤)

سەدان لاوی چالاك و دڵپاك بەدەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنەوە هاتن و بە ناوی "مامۆستاکانی شۆڕش" دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دا کردەوە.(٥)

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)و بە شوێن پەسندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پووشپەڕی هەمان ساڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و بێسەوادی و پەرەپێدانی عیلم و زانست لە بەشە رزگارکراوەکانی کوردستان دا، لە لایەن بەرێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە چەندین خوولی پێگەیاندنی "مامۆستای شۆڕش" پێك هات. هەتا ١٥ی خەرمانان ژمارەی ئەو کەسانەی کلاسەکانی ١٥ رۆژەی بارهێنانی مامۆستایانیان بە سەر کەوتوویی تێپەڕ کرد بریتی بوون لە:

بانە ١٦ کەس، بۆکان ٥٠ کەس، مەهاباد ٧٣ کەس، سەردەشت ٩٠ کەس، پیرانشار ٦٤ کەس، شنۆ ٩٠ کەس، نەغەدە ٢٥ کەس (سەرجەم ٤٠٨ کەس لە یەکەم نۆبەت دا دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕشیان دیت).(٦)

بەم جۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٠ (١٩٨٢ ــ ١٩٨١)دا، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کردەوەو سیاسەتی داخستنی قوتابخانەو نەخوێندەوار هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی پووچەڵ کردەوە.

کتێبە دەرسیەکان کە لەم ساڵەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رێژیم دا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش، فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردیی وەکوو دەرسێك لە بەرنامەی کاری مامۆستاکانی شۆڕش دا دانا. لە یەکەم خوولی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشیش دا، دەرسێکی تایبەت بۆ راهێنانی مامۆستایان لەگەڵ خوێندنەوەو نووسینی کوردی گونجاند. مامۆستایانی شۆڕش لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ ـ ١٣٦٠ بە یارمەتیی ئەو دەرسەو نامیلکەیەکی تایبەتی کە لە هێندێك ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو، وێڕای وتنەوەی دەرسەکانی دیکە بە قوتابیان، فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە بارەی شێوەی وتنەوەی کتێبە دەرسییەکان بە قوتابیان لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی "وزارت آموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران" بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام چونکەهەم مامۆستاکان و هەم قوتابیان کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێك لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، شەرح کردنی وانەکان لە لایەن مامۆستاو وڵامدانەوە لە لایەن قوتابیان، بە زمانی کوردی بوو.

بەم جۆرە لە دوای کۆماری کوردستان، **"بۆ یەکەم جار منالانی کورد، بە کوردی دەرسیان خوێند. مامۆستاو قوتابخانە لە سەنگەری فەرهەنگی دا، لەبەرامبەر هێرشی دوژمن راوەستان و لە ژێر بارانەی گوللەبارانی هەوایی و زەوینی دا، کۆڵیان نەداو بەم جۆرە خزمەتێکی باشیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد."**(٧)

"خەڵکی گوندەکانی کوردستانیش بە دانی یارمەتی و دابین کردنی بژیوو بەڕێوەچوونی مامۆستایانی شۆڕش، ئەرکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی و

ل٤



پاشکۆی
کوردستان
بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی



# ڕۆڵی ناوەندی فەرهەنگیی سۆما

# لە فێر کردنی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**ئەم وتووێژە مانگی بەفرانباری ڕابردوو بە مەبەستی تیشک خستنە سەر کارو خزمەتەکانی ناوەندی سۆما لە بواری خوێندنی زمانی کوردی دا لەگەڵ جەماڵ پوور کەریم، مامۆستای پێشووی ئەم ناوەندە ئەنجام دراوە. لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا بە باشمان زانی بڵاوی بکەینەوە:**



**کوردستان: بەڕێزت چەند ساڵێك وەك مامۆستا و فێرکار لەگەڵ دامەزراوەی فەرهەنگیی سۆما کارت کردوە. تکایە ڕوونی بکەوە ئەم دامەزراوە، فێرکارو مامۆستایانی چۆن لە خۆی کۆ دەکردەوە؟**

جەماڵ پوورکەریم: ماوەی چوار ساڵ وەك مامۆستا لەگەڵ کۆمەڵی فەرهەنگیی سۆما کارم کردوە و دووساڵ بەرپرسی ئەم ناوەندە بووم لە شاری بانە. شێوەی کۆکردنەوەی مامۆستا و فێرکار لە سۆما دا بەو شێوەیە بوو کە سەرەتا لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی تراکت و ئاگاداری خەڵکمان ئاگادار دەکردەوە کە دەورەی فێرکاریی ڕێنووسی کوردی یان ڕێزمان بەڕێوە دەچێ. داوامان لە خوازیاران دەکرد کە بەشداری بکەن و هەر کەسیش توانای خوێندن و نووسینی کوردی هەیە دەتوانێ لە تاقیکارییەکانی ئەم ناوەندەدا بەشدار بێ و بڕوانامە وەرگرێ و، دواتر هەر کام لە وەرگرانی بڕوانامەمان هان دەدا کە ئەگەر لە ماڵەکەی خۆی دا کە کەسێك فێر بکا ئێمە پاش ئیمتحان و تاقیکاری بڕوانامەی پێ دەبەخشین و لە ڕاستیدا ئەومان وەك مامۆستای ئەو کەسە لە سەر بڕوانامەکە دەنووسی.

**ــ فێرکار و مامۆستای ئەم دامەزراوە خۆبەخشانە کاریان دەکرد یا لە بەرامبەر کرێ (هەقدەست)و...؟**

مامۆستایانی ئەم ناوەندە خۆبەخشانە کاریان دەکرد، بەڵام لە هەر فێرخوازێك بڕە پارەی حەوت هەزار تمەن (وەك هەقی ناونووسی) وەردەگیراو دوو CD و کتێبێکی دەدرایە.

**ـ دامەزراوەی سۆما ئایا خولی تایبەتی پێك دێنا بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان و فێرکاران؟ چەند دەوەرە یا خول؟**

**مامۆستاکانی ئەو دەورانە کێ بوون؟**

لە ڕاستی دا خولی ڕاهێنان و فێر کردن بۆ مامۆستایان بوونی نەبوو. چونکە ئەوانەی لەم ناوەندەدا دەرسیان دەگوتەوە زۆربەی هەرەزۆریان لە شاعیران و نووسەرانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان بەسەر ڕێنووس و ڕێزمان دا هەبوو.

**ـ دامەزراوەی سۆما، ناوەندە ئەسڵییەکەی لە کوێ بوو، لە شار و ناوچەکان ئایا لقی تایبەت بە خۆی هەبوو؟**

ناوەندی ئەسڵیی سۆما لە شاری مەهاباد بوو و تا ئەو کاتەی ئەمن لە ڕۆژهەڵات بووم لە نزیکەی ١١ شاری دیکە نوێنەرایەتیمان هەبوو وەك: بۆکان، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەقز، بانە، دیواندەرە، ماکۆ، دێولان، قەسری شیرین. جگە لەمەش لە زۆربەی دێهاتەکانی ئەم شارانە ئەم ناوەندە نوێنەرایەتیی دامەزراندبوو، بۆ وێنە بۆ خۆم کە لە شاری بانە بووم جگە لەوەی نوێنەرایەتیم بە زۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی بانە دابوو، تەنانەت نوێنەرایەتیم بە زانکۆی زەنجان و کوردستان دابوو.

**ـ دامەزراوەی سۆما ئیجازەی تێکۆشانی هەبوو؟ لە چ چوارچێوەیەك دا؟ یا هەر لق و بنکەو کلاسێك کە لە هەر شارو ناوچەیەك پێك دەهات دەبوایە لە وەزارەتخانەکان (وەزارەتی ئێرشاد و....) ئیجازەی وەرگرتبا؟**

دامەزراوەی سۆما لە ساڵی ١٣٧٤ لەلایەن شووڕای عالی ئینقلابی فەرهەنگییەوە ئیجازەی پێ دراو دواتر وەك شیرکەتی تەعاونی لە ئیدارەی سەبتی ئەسناد و ئەملاك وەك شیرکەت سەبت کرا، بۆ هەر شارو ناوچەیەك کە دادەمەزرا تەنیا ناوەندی سۆما لە مەهاباد ئیجازەی دەردەکرد و پێویستی بە ئێرشاد یان وەزارتخانە نەبوو.

**ــ حەساسیەتی دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەو کلاسە کوردییانە چۆن بوو؟ ئایا لە بەردەم کاروبارتان دەبوونە ڕێگر؟**

بێ گومان ڕێژیم بەرامبەر بە دامەزراندنی ئەم کلاسانە حەساس بوو، تەنانەت نزیکەی دوو ساڵ لەلایەن ئیتلاعاتی مەهابادەوە (سەرەڕای ئەوەی "مجوز"مان هەبوو) ئیزنی کار کردنیان بە ئاشکرا نەدەدا و ئیزنی ڕێکلام و بڵاو کردنەوەی تراکتمان نەبوو، بەڵام وردەوردە ڕێگەکە بە کۆڵ نەدانی هاوڕێیان کرایەوە و ڕێگە تا ڕادەیەك خۆش بوو بۆ کار کردن.

**ـ ئێوە چۆن تەدریستان دەکرد، شوێنی وانە وتنەوە، خەڵك دابینی دەکرد یا دامەزراوەی سۆما؟ یا ئیدارەی حکوومەتی؟**

شوێنی وانە وتنەوەمان لەو شەهرییەیە دابین دەکرد کە لە فێرخوازانمان وەردەگرت و لە ڕاستیدا بە کرێمان دەگرت. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە خەڵك زۆر جار لە بواری ماددیەوە هاوکاریی سۆمایان دەکرد و تەنانەت کەسانی وا هەبوون کە شوێنی ئیجارەیان دەداینێ بەڵام کرێیان لێ وەرنەدەگرتین. بە هۆی ئەوەی هاوینان کەلاسەکان زۆر پڕ بوون و جێگەمان کەم بوو، بۆ وێنە لە شاری بانە داوام لە ئاموزش و پەروەرش کرد، دوو قوتابخانەم لەم ئیدارەیە وەرگرتبوو کە بەم حاڵەش جێگە کەم بوو، واتە پێشوازیی خەڵك زۆر بەرین بوو.

**ـ ئێوە بۆ وانە وتنەوە کەڵکتان لە چ کتێب و نامیلکەیەك وەردەگرت؟ ئەم کتێب و نامیلکانە چۆن ئامادە دەکران؟ ئایا بۆ چاپی ئەوانە ئیجازەی حکوومەتی پێویست بوو؟**

لە کتێبێك لە ئامادە کردنی ڕەحیم سوڵتانی بە ناوی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و کتێبێکی دیکە بە ناوی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتین و نامیلکەیەك بۆ ڕێزمان کەڵکمان وەر دەگرت و هاوکات لەلایەن خۆمەوە وەك دەرهێنەر بۆ هەموو وانەکان فیلمم ئامادە کردبوو و فێرخواز دەیتوانی بە CD یش لە ماڵەوە فێری ڕێنووسی کوردی ببێ و لەگەڵ ژیانی شاعیرانی کوردیش ئاشنا ببێ کە لە یازدە دەرس پێك هاتبوو، بەڵام ئیجازەی هیچ شوێنێکیان نەبوو.

**ـ وانە وتنەوەی هەر بۆ گەورە ساڵان بوو یا بۆ منداڵانیش؟ چ جیاوازییەك هەبوو لە شێوەی وانە وتنەوە بەوان؟ ئایا کتێبەکانیان جیاواز بوون؟ یا مێتۆدی تەدریسیان فەرقی هەبوو؟**

وانەوتنەوە بۆ هەموو ئەو کەسانە بوو کە ئەلفوبێی فارسیان





دەناسی و تەمەن زۆر گرنگ نەبوو، هەمان بووە لە کەلاسێك دا منداڵێکی چوارەمی سەرەتایی و هەشمان بووە لیسانس و فوق دیپلۆم، بەڵام بە شێوەیەك وانەکان گوتراونەتەوە کە هیچ کامیان هەست بەوە نەکەن کە ماندوو دەبن.

**ــ قوتابییەکان چ خەرج و مخارجێکیان دەکەوتە سەرشان؟**

تەنیا شەهرییەکیان بۆ کتێب و سی دییەکان دەدا کە بریتی بوو لە حەوت هەزار تمەن بۆ دەورەی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی

دەهەزار تمەن بۆ خولی ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتین

پازدە هەزار تمەن بۆ خولی ڕێزمانی کوردی.

**ــ لە باری زەمانییەوە هەر خولێك یا کلاسێك چەند ڕۆژ یا مانگی دەخایاند؟ ڕۆژی چەند سەعات دەرستان دەگوت؟**

**تاقیکردنەوەکان بە چ شێوەیەك بوون؟ دامەزراوەی سۆما لە چەند قۆناغ دا، کاری فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی دەکرد؟**

خولی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی یەك مانگی دەخایاند و ڕۆژی دوو سەعات بوو (هەموو ڕۆژێ). خولی ڕێنووس بە لاتین یەك مانگ و نیوی دەخایاند (ڕۆژی دوو سەعات). خولی ڕێزمان دوو مانگی دەخایاند ڕۆژی دوو سەعات و بەم خولانە فێرخواز بە تەواوی شارەزایی بە سەر نووسین و خوێندنەوە و بەشێك لە ڕێزمانی کوردیدا دەبوو.

**ـ پێشوازیی خەڵك لە خوێندنی کوردی چۆن بوو؟ زۆرتر چ توێژێك ڕووی لە خوێندنی کوردی دەکرد؟ لاوان، منداڵان یا گەورەساڵان؟**





**خەڵکی لادێ یا شار؟ ئەی کچان و ژنان چۆن پێشوازییان دەکرد؟**

خەڵك سەرەتاکان لەوە دەترسا کە نەکا ئەگەر لەم خولانەدا بەشدار بێ لەلایەن ڕێژیمەوە بگیرێ. بەڵام وردەوردە ئەم ترسە ڕەویەوەو خەڵك زۆر بە گەرمی پێشوازی دەکرد و هەمیشە خولەکان بەردەوام بوون و هیچ کات نەبووە کە سێ کەلاسی ٢٥ تا ٣٠ی کەسیمان نەبێ. توێژی لاوان بە گشتی زۆرتر ڕوویان لە کەلاسەکان دەکردو لە دێهاتەکانیش نوێنەرایەتیمان هەبوو، لەوێش پێشوازیی هەم کوڕان هەم کچان زۆر باش بوو. بەڵام بەگشتی پێشوازیی کچان زیاتر بوو. هەروەها تەواوی کەلاسەکان بە شێوەی کوڕوکچ (تێکەڵاو) بەڕێوە دەچوو کە ڕێژیم بەوە زۆر حەساس بوو و تەنانەت چەند جارێك هۆشداریان دامێ کە نابێ ئاوا بێ، بەڵام بەخۆشیەوە گوێمان نەدانێ.

**ـ بێجگە لە دامەزراوەی سۆما، هیچ کۆمەڵە و ناوەندێکی دیکەی غەیرە دەوڵەتی هەبوو کاری فێرکردنی زمانی کوردی و خوێندن بە کوردی بکا؟**

ناوەندێکی ئەوتۆی دیکە نەبوو کە کاری فێرکردنی کوردی بکا، جاروبار نەبێ ئەنجومەنە ئەدەبیەکان ئەویش زۆر بە لاوازی خولی فێرکارییان دادەمەزراندو لە شاری بانە هیلالی ئەحمەریش ئەو کارەی کرد، بەڵام کەڵکی لە مامۆستایانی سۆما وەردەگرت.

**ـ بۆ خوت هەم بە زمانێکی دیکە لە قوتابخانە دەرست خوێندوە (واتە بێبەش بووی لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆت)، هەم بە زمانی زگماکی دەرست بە منداڵان گوتوە. ڕات لە سەر خوێندن بە زمانی زگماکی و بێبەشیی منداڵان لە خوێندن بە زمانی زگماکی چیە؟**

بە داخەوە نەمتوانی بە زمانی زگماکیم بخوێنم و لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش دا ئەو مادەیەی قانوونی بنەڕەتی لە بیر کراوە و گوێی پێ نادەن. بەڕاستی زۆر قورسە، زۆر سەختە منداڵێکی کورد کاتێ پێ دەنێتە قوتابخانە بە زۆر دەبێ بە ئاو بڵێ (آب) بە دایك بڵێ (مادر). ئەگەر جوان سەرنجی بدەینێ دەبینین کە یەکێك لە گەورەترین زوڵمەکانە کە لە منداڵ دەکرێ و ناچار دەکرێ بە زمانێك بخوێنێ کە لە گەڵی نامۆیە و ئەگەریش بیناسێ لە منداڵیەوە بە هۆی ئەوەی بە زمانی پاسدارو سەربازی ناسیوە لە خوڕا لێی دەترسێ. جوان لە بیرمە کە منداڵ بووم و ساڵی دووی سەرەتایی بووم موعەلیمەکەمان کابرایەکی تورك بوو کە بە فارسییەکی ئەویش فارسییەك کە (ق) دەکا بە (گ) دەرسی پێ دەگوتینەوە، جگە لەوەی زمانەکەمان بەقەولی خۆمان پێ زمانی عەجەمان بوو، تا ڕادەیەکیش بە هۆی ئەوەی دایك و بابمان باسی پاسداری عەجەمی بۆ کردبووین. لێی دەترساین. هەموو کەسێك مافی خۆیەتی بە زمانێك بخوێنێ کە زمانی دایکیەتی. جێی داخە کە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن بە زمانی کوردی بنووسن یا ناتوانن کوردی بخوێننەوە. بەڵام خۆشحاڵم کە هەوڵێکی بەرین هەیە بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لەوێ.

---

درێژەی:

## خزمەتەکانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی

ئینسانیی خۆیان بۆ ڕامالینی نەخوێندەواری لە کوردستان دا دڵسۆزانەو بەرپرسانە بەڕێوە برد. هەزاران کیژو کوڕو لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بە ڕۆژو بە شەو بەرەو قوتابخانەکان وەڕێ کەوتن و لە ژێر سێبەری دارو ئەشکەوت و کونەتەیارەو کەپرو دەوارو مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان دا، بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ئاوردوویان بۆ سەنگەری ڕووناکی دەبرد.

تەنانەت لە گەلێك گوندو شوێن دا کە لە نیزامی دوو هەزارو پێنسەد ساڵەی نیزامی شاهەنشاهیی ئێران قەت خاوەنی فێرگەو قوتابخانە نەبوون، قوتابخانەی شۆڕشیان لە چەشنی خۆیدا لێ کرانەوە.

پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەو حەرەکەتە پیرۆزە بێ وێنە بوو. بەڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، وێڕای تفەنگی سەر شانیان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکە نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی کوردیشیان لە کۆڵەپشتی دا بوو"٨٠.

بۆ ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ - ١٣٦١، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادی کرد. لە گەڵ ئەوەی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەردەوام بوو و لەگەڵ هەر هێرشێك دا، ژمارەیەکی دیکە گوندو ناوچە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام پیشوازیی خەڵك لە کۆڕی پەروەردەو خوێندن بە زمانی کوردی و بایەخدان بە خوێندنی منداڵان و گەورە ساڵان لە پەرەگرتن دا بوو. خوولی تازە بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای نوێ و هەروەها بۆ پتر پێگەیاندنی مامۆستایانی پێشوو کرانەوە.

مامۆستایانی شۆڕش، زۆربەیان کادرو پێشمەرگەی حیزب بوون و شانبەشانی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، کاری مامۆستایەتیشیان دەکرد. لە زۆر شوێن هێندێ فەقێ و مامۆستای ئاییینیش وەك مامۆستای شۆڕش دەرسیان دەگوتەوە. "لەو خوولانەدا کەکۆڕی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی مامۆستای شۆڕش کردبوونیەوە [چۆنیەتیی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی] کوردی، دەروونناسی، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی، کۆمەڵناسی، شێوەی وتنەوەی وانەی بیرکاری، هەڵسوکەوت لەگەڵ گوندنشینەکان، خۆ بە دوور گرتن لە بەکار هێنانی وشەی کوردیی داتاشراو، ڕوونکردنەوە لە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی ڕێژیمەکان بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد و لەنێوبردنی زمانی زگماکی، وەك دەرس بە مامۆستایان دەگوترانەوە". یەکێکی دیکە لە مادەکانی ئەم خوولانە، چۆنیەتیی وتنەوەی کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" بوو کە لە سەر مێتۆدی "باغچەبان" داڕێژرابوو.(٩)

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٣٦٢ ـ ١٣٦١ کتێبی "خوێندنی زمانی کوردی" کە حیزبی دێموکرات لە وڵاتی لوبنان چاپی کردبوو، گەیشتە دەست مامۆستایان و قوتابیانی ناوچە ئازادەکان. کۆڕی پەروەردە لە نەبوونی کتێبە دەرسییەکان بە زمانی کوردی، کەڵکی لە کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی ئێران وەردەگرت. بەڵام "ئاخوندە[دەسەڵاتدارە]کان تەنانەت نەیاندەهێشت کتێبی فارسی بگاتە دەستی قوتابیی‌یە کوردی خوێنەکان و بە هەموو تواناوە پێشیان بە هاتنی دەگرت".(١٠)

کۆڕی پەروەردە، بەرەبەرە کتێبی دەرسیی دیکەی بە زمانی کوردی ئامادە کردن. ئەم کتێبانە بریتی بوون لە:

١ـ "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٢ـ "ئەژمێر" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

٣ـ "خوێندنی کوردی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٤ـ "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٥ـ "ئەژمێر" بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی

٦ـ "ژیان و خەبات(١)" فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، تایبەتی گەورەساڵان

٧ـ "ڕێنوێنی مامۆستا" (بۆ کتێبی "ژیان و خەبات"، فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی بە شێوەی داهێنەر")

چوار کتێبی یەکەم لەم کتێبە ناوبراوانە، ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) یان لە سەر نووسراوە. پێشەکیی ئەژمێرو زانستی ئەزموونی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە مانگی ڕەزبەری هەمان ساڵدا (یەکەم مانگی کرانەوەی قوتابخانەکان) نووسراون. پێشەکیی "خوێندنەوەی کوردی" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١ دا نووسراون.

کتێبی ئەژمێر بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب"ی فارسیی پۆلی یەکەمە.

کتێبی "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییش وەرگێڕدراوی کتێبی "علوم"ی پۆلی یەکەمی فارسییە کە کراوە بە کوردی. ئەحمەدی کاکە مەمی ئەم دوو کتێبەی کردوون بە کوردی و، سەلاح وەهاب پوور و عومەر ئەورامی کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی ئەم دوو کتێبەیان کردوە.(١١)

کتێبیی "ئەژمێر" و "زانستی ئەزموونی" بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییش، وەرگێڕدراوی کتێبی "حساب" و "علوم"ی پۆلی دووهەم بە زمانی فارسین. کاری وێنەکێشان و خۆشنووسیی "زانستی ئەزموون" بۆ پۆلی دووهەم هەر دوو کەسەکەی پێشوو سەلاح وەهاب پوور(سامڕەند) و عومەر ئەورامی (ئاسۆ) کردوویانە. کتێبی "ئەژمێر" بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی تاریخی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩)ی لە سەرەو هیچ ئاماژەیەکیش بەوە نەکراوە کە بۆچی چاپی ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی تردا نەبووە.

دوو کتێبەکەی تر (ژیان و خەبات و ڕێنوێنی مامۆستا)، ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) چاپ کراون.

**سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە ئەرشیڤی "کوردستانگدا پارێزراون.**